ئایندە

گۆڤارێکی فیکریی ڕۆشنبیریی وەرزییە، سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە دەری دەکات
گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا

ژمارە (١) هاوینی ٢٠٢٠ز ١٤٤١ ك ٢٧٢٠ کوردی



ئەو حاڵەت و تاوانانەی بۆ یاسا و کۆمەڵگا نوێن

کاریگەرییە ئایندەییەکانی کۆڕۆنا لەسەر هەرێمی کوردستان

- کاریگەرییەکانی کۆڕۆنا بۆ سەر جیهان بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی
- تیۆرییەکانی ڤایرۆسی کۆڕۆنا یان کۆڤید- 19
- لێکەوتە و کاریگەرییە سیاسییەکانی کۆڕۆنا لەسەر هەرێمی کوردستان
- کاریگەری ڤایرۆسی کۆڕۆنا لەسەر پابەندییە گرێبەستییەکان
- ڤایرۆسی کۆڕۆنا و بیرهێنانەوەی چەند ڕاستییەک

ئایندە

گۆڤاڕێکی فیکریی ڕۆشنبیریی وەرزییە، سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە دەری دەکات. گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە لە بواره جۆراوجۆرەکان دا.

ژمارە (١)ی هاوینی ٢٠٢٠ز - ١٤٤١ك - ٢٧٢٠ کوردی

خاوەنی ئیمتیاز
د. ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی
(Ahmadwerti@yahoo.com - ٠٧٥٠٤٤٨٦٢٢٧)

سەرنووسەر
نیاز عەزیز مەستی
(Niaz.masty٨٩@gmail.com - ٠٧٥٠٤٢٥٥٨١٧)

بەڕێوەبەری نووسین
ڕێکان تەحسین سالّەیی
(Rikan.tahseen@gmail.com - ٠٧٥٠٤٤٨٦٢٢٧)

بەڕێوەبەری هونەری
رابەر ئەحمەد وەرتی
(Rabar٣٣@yahoo.com- ٠٧٥٠٣٢٥٨٧٣٣)

دەستەی نووسەران
یاسین عەبدوڵڵا وەرتی ئیسماعیل تاها هەردی ئەنوەر

ڕاوێژکاران
پ.ی.د. عوسمان عەلی نایف ئەحمەد محی الدین شێخانی عەلی ئیبراهیم حەسەن

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

تۆماری یاسایی

ژمارە	رێکەوت
939	18/5/2020

بەپێی بڕگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای رۆژنامەگەریی لەکوردستان، ژمارە (35)ی ساڵی 2007 کە لە 2008/9/22 بڕیاری لەسەر درا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت گۆڤاری(ئایندە) وەرزییە و خاوەن ئیمتیازی (احمد ابراهيم علي) و سەرنووسەرەکەی (نیاز عزیز حسین)، مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە، لە نووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (939) تۆمارکرا.

ئازاد جەمەدەمین

نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

ناوەڕۆك

سەروتار .....خاوەنی ئیمتیاز ٤

کاریگەرییەکانی کۆرۆنا بۆ سەر جیهان بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی
..... م. فوئاد هەرتەلی ٦

تیۆرییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا یان کۆڤید-١٩ .....د. عبدالرحمن صالح میران ١٩

لێکەوتە و کاریگەرییە سیاسییەکانی کۆرۆنا لەسەر هەرێمی کوردستان
..... سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە ٣٢

پەتای کۆرۆنا بەخشینە یاخود سزا؟ .....عەلی ئیبڕاهیم حەسەن ٦٨

کاریگەری ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر پابەندییە گرێبەستییەکان ..... پاریزەر ئاودێر بابایی ٧٢

ڤایرۆسی کۆرۆنا و بیرهێنانەوەی چەند ڕاستییەك..... م . یاسین عەبدوڵڵا وەرتی ٧٧

کۆرۆنا چی فێرکردین؟ ..... ئیمان عادل مەحمود ٨١

دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان لە ڕێپۆرتاژێکی سەنتەری ئایندە بۆ
لێکۆڵینەوەدا..... گۆڤاری ئایندە ٨٩

پەتای گەندەڵی و چۆنیەتی بەرەنگار بوونەوەی ..... سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە ١٢٧

شیکردنەوەی یاسایی و بە یاسایی کردنی بەرزکردنەوەی ئاڵای هەرێمی کوردستان لە
پاریزگای کەرکوك..... نایف شێخانی ١٣٧
ئەو حاڵەت و تاوانانەی بۆ یاسا و کۆمەڵگا نوێن ..... پاریزەر ڕێکان تەحسین سالّەیی ١٤٤

بەشی عەرەبی ١٥٢

بەشێك لە کارو چالاکیەکانی سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە لە ساڵی٢٠١٩دا ٢٢٤

ئیمەیڵ:AyndaCenter٢٠١٢@gmail.com | دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ڕابەر ئەحمەد وەرتی

ناونیشان: هەولێر – کورانی عەنکاوە، تەنیشت مزگەوتی حاجی یاسین.

تەوەری ژمارە

کۆڕۆنا و کاریگەرییە ئایندەییەکانی

ئایندە.. هەنگاوێك بەرەو ڕەسەنایەتی و تێگەیشتنی قوۆڵ

خاوەنی ئیمتیاز

لە نێو کێشمەکێشی سیاسی و ململانێی زلهێزان بۆ دەستبەراگرتنی جیهان و سەرکردایەتی کردنی، لە کاتێکدا جیهان ڕووبەڕووی دوژمنێکی نادیاری وەکو ڤایرۆسی (کۆرۆنا) بۆتەوە و، هێشتا دیار نییە دەرهاوێشتە و دەرەنجامەکانی چی دەبن و دنیای پاش کۆرۆنا چۆن دەبێت، ئا لەم زەمەنەدا، گۆڤاری (ئایندە) یەکەم ژمارەی خۆی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بلاۆ دەکاتەوە.

ئایندە دەیەوێت ببێتە سەکۆیەك بۆ خستنە ڕووی تێگەیشتنە قوۆڵ و ڕەسەنەکان بە زمانێکی زانستی و لە چوارچێوەی بابەتیبووندا شەن و کەوی بابەت و دیاردە و پرسە گرنگەکان بکات، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی و فیکریی پانتایی سەرەکی گۆڤارەکە داگیردەکات و، لەم چوارچێوەیەشدا هەموو تێگەیشتن و بیروبۆچوونەکان جێیان دەبێتەوە و دەکرێ ڕاو ڕای جیاوازیان لەسەر بلاۆ بکرێتەوە.

داوا لە قەڵەمە ڕەسەن و بەبڕشتەکان و شارەزا و پسپۆڕان دەکەین، بە بەرهەم و مەعریفە و نووسینە جددییەکانیان هاوکار و پشتیوانمان بن، تاوەکو بە هەمووان بتوانین خزمەت بە هۆشیاری و پێشکەوتن و ئاوەدانی بکەین لە کۆمەڵگای کوردستاندا.

ئایندە بۆ هەر ژمارەیەك (تەوەر)ێك دیاری دەکات، لە پاڵ تەوەری سەرەکی دا، چەند نووسین و بابەتی تازە و زیندووش لە خۆدەگرێت، تەوەری ئەم ژمارەیە، بەهۆی بلاۆبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، تەرخان کراوە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەم پەتایە و

دەرەنجام و دەرهاوێشتەکانی لەسەر هەموو ئاستە سیاسی و ئابووری و دەروونی و کۆمەلایەتییەکانی لە جیهان و کوردستاندا.

ئومێدەوارین گۆڤاری (ئایندە) ببێتە مەلۆیەک بۆ سەر خەرمانی وشەی پەسەن و توێژینەوەی زانستی و هزر و ڕۆشنبیریی بە تێگەیشتنێکی قوولّ لە کوردستان.

کاریگەرییەکانی کۆڕۆنا بۆ سەر جیهان بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی

م. فوئاد هەرتەلی ــ ئەڵمانیا
لەدایك بووی ١٩٧٨، لە ٢٠٠٠ەوە لە ئەڵمانیا دەژی، مامۆستا و بانگخوازی ئیسلامی لە ٢٠١٣ لە مزگەوتی سەلاحەددینی ئەیوبی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، لە ٢٠٠٨ لیکۆڵەر و توێژەری سیستەمی ئابووری جیهانی، لەسەر ئەو بابەتانەش چەند زنجیرە بەشێکی هەیە بە ناوەکانی عەلمانییەت و داگیرکاری، نهێنیەکان بزانە، ململانێ شاراوەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران، چەواشەکاری و گاڵتەجارییەکانی ١١ی سێپتێمبەر و چەند زنجیرە باسێکی لەسەر بابەتەکانی خێزان و دەروون و کۆمەڵایتی هەیە و لەسەر ڤایرۆسی کۆڕۆنا و ئابووری جیهانیش چەند بەشێکی هەیە.

کورد ئەڵێ مالێ بۆ خۆی نەبوو میوانیشی هاتە سەر! لێرەدا مەبەستم ئەوەیە جیهانی ئەمڕۆ لە ڕووە ئابوورییەکەیەوە ئەوەندە جێگیر نەبوو تاوەکو بتوانێ بە شێوازێکی

شایستە پێشوازی لە هەر پێشوازییەکی سروشتی و نا سروشتی بکات، هەروەکو لە سەرەتای بەرەنگاربوونەوەی ولاتان دژی ڤایرۆسەکە زۆر بە ئاشکرا هەستمان بە لاوازی وتەی سەرکردەکان دەکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ڤایرۆسە، تاوەکو ئێستاش نەیانتوانیوە رێگا لە بڵاوبوونەوە و کاریگەرییە سلبییەکانی بگرن, لەمیانەی قسەکانیانەوە خەڵکیش بۆ چوونی جیا جیایان بۆ گوفتار و رەفتارە لاوازەکانی سەرکردەکان دەکرد, چونکە هەر کەسەو لە گیرفانی خۆی گوێزی ئەژمارد یاخود بڵێین ئەوەی لە شەڕدا نەبێت خەنجەری تیژە, هەربۆیە لێرەدا حەزمکرد کرۆکی ئەم هەڵوێستە لاوازانەی سەرکردەکانی جیهانتان بۆ بخەمە ڕوو بەرامبەر بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا, هەروەک لە پەیجەکەشمدا زنجیرە باسێکم داناوە بە ناوی خەمی

“لە سەرەتای بەرەنگاربوونەوەی ولاتان دژی ڤایرۆسەکە زۆر بە ئاشکرا هەستمان بە لاوازی وتەی سەرکردەکان دەکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ڤایرۆسە”

حکوومەت وخەمی میللەت بۆ ڤایرۆسەکە کە دوو جەمسەری زۆر لێک جیاوازن, چونکە ئەگەر بێت و بە ئامار و داتای ئابووری هەر ولاتێک لە جیهاندا کە لە بەردەم سەرۆکەکانیاندایە قسە بکەین ئەو کات لەوانەیە ئەگەر ئێمەش لە شوێنی ئەوانەدا بووینایە هەمان هەڵوێستی لاوازمان ئەنواند بۆ رووبەڕووبونەوەی ڤایرۆسەکە، هەرووەک بۆ هەر بابەتێک خوای گەورە جیاوازی کردووە لە نێوان کەسێک کە ئەزانێ و کەسێک کە نازانێ بەوەی هەڵوێست و گوتار و رەفتاری بۆ کێشە و دۆخەکان جیاواز ئەبێت هەروەک

> ئابووری جیهان ئەوەندە لاوازە بەرگەی بچوکترین گۆڕانکاری سروشتی و ناسروشتی ناگرێت و نابێت هیچ بارودۆخێکی نەخوازراو بێتە بەردەمی و بووەستێت چونکە بە پێچەوانەی میدیاو قوتابخانەکانی ولاتانی جیهان بە تایبەتی زلهێزەکان, ئەوەندە قەرزدار و فشۆڵن گەر بێتو هەر بارودۆخ و جەنگێکی نەخوازراویان بێتە پێش ئەوا دوور نییە راستەوخۆ ئیفلاس بن و یەک لەدوای یەک دابڕمێن

ئەفەرمویت: (قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ)، واتە: ئایە ئەوەی ئەزانێ وەکو ئەوەیە کە نازانێت و یەکسانن ؟ بێ گومان نەخێر وەکو یەک نین، بۆیە تا ئێستاش ولاتان ناوێرن ئابوورییەکەیان بە تەواوی رابگرن, چونکە ئەزانن چ کارەساتیک رووەدات

ئەگەر بێتو جموجۆڵە بازرگانی و گەشە ئابووریيەکە بە تەواوی رابگرن! لەوانەیە لات سەیر بێت بڵێیت جیهان بە گشتی رۆژئاوا بە تایبەتی ئەوەندە ئاقڵن و ئابووریيەکی ئەوەندە بەهێزیان هەیە حسیابیان بۆ هەموو پێشهاتەیەك و بارودۆخێکی نەخوازراو کردووە, جگە لەوەش پاشەڕۆژی نەوەکانیشیان دابین کردووە و چەندین تەن زێڕیان وەکو یەدەگ داناوە بۆ نەوەکانیان ! سەیر نییە گەر وابێت چونکە قوتابخانەی میدیاکان هەر ئەوەیان فێرکردین و نیشانیان داوین، بۆیە ئەگەر بێتو دیوە راستیەکەش باس بکەین لای زۆرێك لە خەڵکی ئەمرۆ باسێکی زۆر نامۆ دەبێت و هەزمکردنی راستیەکانیش هەمیشە تاڵە چونکە پێچەوانەی ئەو بیر و باوەڕە دەرخواردە کراوانەی مێشکمانن کەوایان تێگەیاندووین, چونکە مرۆڤ هەڵگری بیروباوەڕێکی تایبەتی خۆیەتی کە هەڵقوڵاوی یەکێك لەو چوار بەشانەیە:

١- یان لە دایك و باوك و باپیرانی وەرگرتووە.

٢- یان لە قوتابخانەکاندا فێرکراوە(دەرخواردکراوە).

٣- یان لە میدیاکانەوە چەواشە کراوە.

٤- یان لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئازادانە بنیاتنراوە.

هەربۆیە ئەبینیت هەر کەسێك سێ دانەکەی سەرەوە بە ئازادی و سەربەستی تاکەوە فێرنەبووە, بەڵکو دەرخواردکراوە, یاخود تەقلید و لاسایکردوونەتەوە بەمەش کەسەکە ئەبێتە کەسێکی قورمیشکراو یاخود هەڵخەڵەتێنراو! بەڵام ئەگەر هەر ئەو کەسە تەرکیز بکاتە سەر بەشی چوارەمی خاڵەکان بە دوای ڕاستی و دروستی بابەتەکاندا بگەڕێت و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی بۆ بکات لە ژێر سەقفی ئەوانەدا دەربچێت و سەربەستانە بیر بکاتەوە ئەوا بێگومان هەرگیز ئەو بیروباوەڕە ئازادانەی کە دەستی کەوتووە ناتوانێت بەراوردی بکات بەوەی کە لە سێ خاڵەکەی تردا دەرخواردیان داوە. هەربۆیە دەمەوێت لێرەدا خاڵی سێیەمتان بۆ بخەمەڕوو کە بۆچی ولاتان نایانەوێت بە تەواوی ڕێگە لەم

قایرۆسە بگرن لە کاتێکدا گیانی بەشێك لە مرۆڤەکان لە مەترسی دایە و لەناویان دەبات واتا تا رادەیەك کوشندەیە؟ با ئەم نهێنیە بۆ خوێنەری ئازیز روونبکەمەوە کە زیاتر لە چەند ساڵێکە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەم لەسەریکردووە بە تایبەتی لە ڕووە ئابووریيەکەیەوە لە ئەنجامی ئەم راستیانەی دەستم کەوتوون هەر لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٧ لە پەیجەکەمدا بە ناوی (بانگخواز فوئاد هەرتەلی) نزیکەی چوار بەشم دابەزاندووە بە ناوی (دارمانی ئابووری جیهان) لەوێدا ئاماژەم بە لاوازی و ترسناکی دارمانی ئابووری کردووە بەوەی کە ئابووری جیهان ئەوەندە لاوازە بەرگەی بچوکترین گۆڕانکاری سروشتی و ناسروشتی ناگرێت و نابێت هیچ بارودۆخێکی نەخوازراو بێتە بەردەمی و بووەستێت چونکە بە پێچەوانەی میدیاو قوتابخانەکانی ولاتانی جیهان بە تایبەتی زلهێزەکان, ئەوەندە قەرزدار و فشۆڵن گەر بێتو هەر بارودۆخ و جەنگێکی نەخوازراویان بێتە پێش ئەوا دوور نییە راستەوخۆ ئیفلاس بن و یەك لەدوای یەك دابڕمێن, چونکە بناغەی ولاتانی ئەمڕۆی جیهان بەتایبەتی ڕۆژئاوا لەسەر قەرز بنیاتنراوە, قەرزەکەش چرکە لە دوای چرکە لەسەریان زیاد دەکات و ریباکەش بارەکەی قورستر کردوون. هەربۆیە ئەم راستیەش دەتوانیت لە گۆگڵدا بە دوایدا بگەڕێیت کە قەرزی چەندین ولاتت راستەوخۆ پێشان دەدات، کە چەند قەرزدارن و کە بەچ شێوەیەك زیاد دەکات. (Debt wordwide) لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە وەستانی گەشەی ئابووری واتا زاڵبوونی قەرزەکە بەسەریاندا و ئیفلاسبوونی ولاتان بەهۆی کەمبوونەوەی داهاتیان و دووبارە قەرزکردنیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتاکە، بەمەش دانەوەی قەرزەکە مەحاڵتر دەبێت هەربۆیەش لە ئێستا دا ولاتانی جیهان کەوتوونەتە نێوان دوو زیانی

> قایرۆسەکەش لەو لاوە هەر هەڕەشەیە بۆ سەرمان کە هێشتا نەتوانراوە بنبڕ بکرێت, کە هێشتا لەسەرەتا دایە لەوانەیە لە ساڵی ٢٠٢٠ی زایینی لەنێوانماندا بمێنێتەوە و وا بەئاسانی جێماننەهێڵێت

گەورە یەکیان پاراستنی گیانی مرۆڤەکان لە ڤایرۆسەکە کە خۆشیان بەشێك ئەبن لە قوربانیەکان چونکە سەرکردەکانیش مرۆڤن و بەریان ئەکەوێت یاخود رازی بن بەوەستانی گەشە ئابووریەکەی ولاتان و بە جارێك ئیفلاس بکەن و قەرز سەریان بخوات ئەو کاتە دەرهاوێشتە سلبییەکانی ئەم دارمانەش زیانەکانی لە ڤایرۆسەکە کەمتر نابێت, بەڵکو بە چەندین قات زیاتر و مەترسیدارتر ئەبێت، چونکە ئەگەری برسیەتی و قات و قووڕی و پێکدادانی خەڵك و حکومەت و شەڕی ناوخۆ و دەرەکی و ناکۆکی نێوان ولاتان و جەنگی سێیەمی جیهانی لێبکەوێتەوە وە بێجگە لە ڤایرۆسەکەش لەو لاوە هەر هەڕەشەیە بۆ سەرمان کە هێشتا نەتوانراوە بنبڕ بکرێت, کە هێشتا لەسەرەتا دایە لەوانەیە لە ساڵی ٢٠٢٠ی زایینی لەنێوانماندا بمێنێتەوە و وا بەئاسانی جێماننەهێڵێت لە کاتێکدا هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ڤایرۆسەکە زیانێکی ئابووری گەورەی بە جیهان گەیاند و رایشەقاند بە تایبەتی لە رۆژی ٩-٣-٢٠٢٠ی زایینی کە بە دووشەمە رەشەکە ناسراوە بەوەی کە بۆرسەکانی جیهانی شڵەژاند و زیانێکی گەورەیانی لێدا, چونکە بەهۆی ئەو وەستانە سەرەتاییە ئابووریەوە کە سەریهەڵدا کە ولاتانی جیهان کەل و پەلێکی کەمتریان لە چینەوە پێدەگەیشت بەمەش ئەمریکا هەر تەنها لەو رۆژەدا نزیکەیی ١١ تریلیۆن دۆلار زیانی بەرکەوت کە تاوەکو ئێستا خۆی لە ٢٠ تریلیۆن داوە ئەوا جگە لەبۆرسەی ئەڵمانیا و یابان و چین و خەلیج کە ئەوانیش چەندین تریلیۆنیان زیان بەرکەوت, ئەم زیانەش رۆژ بەرۆژ لەگەڵ وەستانی گەشەی ئابووری ولاتان و سستبوونی جموجۆڵە بازرگانییەکان و کەرەنتینە کردنی بەشێکی زۆری خەڵکەکە نەك هەمووی زیانەکان زیاتر و قورستر دەبن بۆ پرکردنەوەی ئەم بۆشاییانەش دووبارە پێویستیان بە قەرزێکی تریلیۆنی هەیە بۆ ئەوەی بتوانن چەند مانگێك دارمانەکەیان دوابخەن، ئەمەش چارەسەری نییە، بەڵکو خۆ خافڵاندنە چونکە ئەگەر ڤایرۆسەکەش نەبوایە ئێمە پێشبینی ئەم دارمانانەمان کردبوو کە چەند هۆکارێك هەبوون بۆ داڕووخانی ولاتان کە لە دەرسەکانمدا بە درێژی باسمکردوون جا بۆیە کە وتم لەسەرەتاوە مالّ بەخۆی نەبوو

میوانیشی هاتێ بێ گه له قەرزی سەر حکومەتەکان که باسمکرد کێشەیەکی گەورەیە و چارەسەری نییە. قەرزی سەر میللەتیش هەمان دەرهاوێشتەی دەبێت ئەگەر جموجۆڵە بازرگانییەکان بووەستێندرێت، چونکە ئەگەر حکومەتەکان و ولاتان لەسەر قەرز و ریبا بنیاتنرابن, ئەوا بێگومان خەڵکەکەش پەروەردەی دەستی ئەوانن و هەمان شت لە میدیا و قوتابخانەکان فێر کراون که چۆن قەرز بکەن و چۆن حیساب بۆ ریبا بکەن و چۆن بەکاری بهێنن نەوەکو باسی دەرهاوێشتە سلبییەکانی قەرز و ریبایان بۆ روونبکەنەوە تاوەکو مامەڵە بە ریبا نەکەن و لێی نزیك نەبنەوە, چونکە ئەگەر کەسێك خانوو بەرە و ناو مالێ و سەیارەی بەقەرز و ریبا بهێنێت ئەوا بێگومان ئەو کەسە لە گەشە بووەستێت یاخود داهاتی مانگانەکەی کەمبکات جا بەهەر هۆکارێك بێت, ئەو کاتە قەرزەکەی سەری بەهۆی سووی (ریبا) کەی چەندین قات زیاد دەکات و تا وایلێدێت لە توانای دانەوەی قەرزەکەی نامێنێت و دەست بەسەر خانووەکە و مالێ و دووکان و سەیارەکەیدا دەگیرێت و مایەپوچ دەبێت و قەرزەکەشی بە کۆتا نایەت, بەڵکو دەبێت منداڵەکانی قەرزەکەی بۆ بدەنەوە. ئەوکاتەش تا منداڵەکانی

> له ساڵی ١٩١٣ی زاینیەوە لەسەردەمی سەرۆك ویلسۆنەوە چاپەمەنی دۆلار کەوتووەتە ژێر رکێفی بنەماڵەی رۆتشیلدەوە و تاوەکو ئێستا خۆی خاوەنیەتی و حکومەتی ئەمەریکاش تاوەکو ئێستا زیاتر لە ٢٤ تریلیۆن دۆلار قەرزاری ئەو بنەماڵەیە، جگە لە میللەتەکەش کە زیاتر لە ١٣ تریلیۆن دۆلار قەرزاری ئەوانەن

لە ژیاندا مابن دەڵێن باوکە گۆڕ بەگۆڕ بچیت چۆن ئێمەشت تووشی ئەم قەرزە نەبڕاوەیە کرد, بۆ ئەم مەبەستەش ئەگەر ئەم نووسراوە (Debt.org) لای خۆتانەوە لێبدەن دەبینن کە قەرزی گەلی ئەمەریکامان پێشان دەدەات، نەوەکو حکومەتی ئەمەریکا کە ئەبینیت، کۆی ئەو قەرزەی سەریان کە بۆ خانوو و سەیارە و خوێندن و کەل و پەلەکانیان کردوویانە زیاتر لە ١٣ تریلیۆن دۆلارە واتا هەرچی هەیانە بە قەرزێکی ریبەوی دەستیان کەوتووە بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەموو ئەندامانی ماڵەوە کاربکەن و بە دوای پارە کۆکردنەوەدا رابکەن تاوەکو قەرزەکەی سەریان کەڵەکە نەبێت و سەریان نەخوات و مایە پووچ نەبن کەواتە لێرەدا ئەوەشمان بۆ روون ئەبێتەوە کەرەنتینە کردن و وەستانی گەشەی ئابووری چ دەرهاوێشتەیەکی خراپی بۆ سەر میللەت و حکومەت ئەبێت هەرچەندە حکومەتی ئەمەریکا زیاتر لە دوو تریلیۆنی تەرخان کردووە تاوەکو یارمەتی میللەتەکەی بدات و لە ئیفلاس بوون رزگاریان ببێت, بەڵام ئەم یارمەتیەشی بە قەرز هێناوە لە بانکی ئیحتیاتی فیدراڵی ئەمەریکی کە هی بنەماڵەی رۆتشیلدە نەوەکو هی ئەمەریکا، چونکە زۆرێك لە خەڵکی وا ئەزانن دۆلار و بانکی بەناو ئیحتیاتی فیدراڵی ئەمەریکی(FED) هی ئەمەریکایە, بەڵام وانییە لە ساڵی ١٩١٣ی زاینیەوە لەسەردەمی سەرۆك ویلسۆنەوە چاپەمەنی دۆلار کەوتووەتە ژێر رکێفی بنەماڵەی رۆتشیلدەوە و تاوەکو ئێستا خۆی خاوەنیەتی و حکومەتی ئەمەریکاش تاوەکو ئێستا زیاتر لە ٢٤ تریلیۆن دۆلار قەرزاری ئەو بنەماڵەیە، جگە لە میللەتەکەش کە زیاتر لە ١٣ تریلیۆن دۆلار قەرزاری ئەوانەن کەواتا بە هەردوو لایان زیاتر لە ٣٧ تریلیۆن دۆلار قەرزدارن، بۆیەش ئەمەریکاییەکان بۆ ئەوەی پارەیەکیان دەست بکەوێت ئامادەن لە بیابانە گەرمەکانی ئەفەریقا و ئاسیا ببنە سەربا ز و بتوانن کەمێك لەو قەرزەی لە ولاتەکەیان لەسەریان سوك بکەن و بێکار نەبن ئەمەش تەنیا بۆ ئەمەریکا و ئەمەریکاییەکان نییە ئەم قەرز و ریبایە بەڵکو بۆ

(حکومەتی کوردستان و کورد و عەرەب و ئەڵمان قەومەکانی تریش)ە بۆیە دەبینین حکومەتی کوردستانیش بە دەستی خۆی دەستی کۆمپانیاکانی گرت و قەرزی لێکردن و ڕیباکەش سەربار و بنباری قەرزەکەیە تاوایلێهات بۆ دانەوەی قەرزەکەی هەموو شتێکی گران کردووە وەکو گومرگ و زەریبە و سووتەمەنی و کارەبا و خانوو و

ئەم قەرز و ریبایە بەڵکو بۆ (حکومەتی کوردستان و کورد و عەرەب و ئەڵمان قەومەکانی تریش)ە بۆیە دەبینین حکومەتی کوردستانیش بە دەستی خۆی دەستی کۆمپانیاکانی گرت و قەرزی لێکردن و ڕیباکەش سەربار و بنباری قەرزەکەیە تاوایلێهات بۆ دانەوەی قەرزەکەی هەموو شتێکی گران کردووە

سەیارە و دوکان بەناو کردن و پارە وەرگرتن لەسەر نووسراوی سەردووکانەکان و فڕێدانی زبڵ و خاشاك و..... هتد. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو قەرزە ریبەوییەی کە کردوویانە جگە لە میللەتەکەی ناو کوردستانیش بە شێکی بێ گوێدانە بەها ئایینیەکان کار و مامەڵەی ریبەویی ئەکەن و چەندین دەفتەر قەرزدارن و خانوو و هۆتێل و مۆتێل و مۆڵ و چێشتخانە و دووکان و ....هتد بە قەرز و ریبا کڕیویانە، ئەوانیش وەکو حکومەتەکان و میللەتانی تر نابێت کەرەنتینە بکرێن و بێ کار بمێننەوە ئەگینا ئیفلاس ئەکەن و قەرزەکەش سەریان ئەخوات، هەروەك چەندین جار گوێبیستی خۆکوشتن و راکردن و خۆشاردنەوە و ئیفلاس بوونی ئەو کەسانەمان بیستووە کە لە ئەنجامی ئەو مامەڵە ریبەوییانە توشی بوونە.

ئەگەر باسی ئەڵمانیا و ئەڵمانەکانیشتان بۆ بکەم هەمان بناغەی ئابووری ولاتە باسکراوەکانە کە من ٢٠ ساڵ لێرە ئەژیم و لە نزیکەوە ئاگاداری ئابووری ئەڵمانیام بەوەی کە حکومەتی ئەڵمانیا کۆی قەرزە دەرەکی و ناوەکی و شاراوە و قەرزە نوێ و کۆنەکانی ئەگاتە زیاتر لە ٧ تریلیۆن دۆلار میللەتەکەشی زیاتر لە ٤ تریلیۆن دۆلار قەرزدارن گەر نیشتیمانی ئەڵمانیا بفرۆشین بایی ٤ تریلیۆن دۆلارە کەچی بەهەردوو لایان بە حکومەت و میللەت زیاتر لە ١١ تریلیۆن دۆلار قەرزدارن کەواتا دەبێت سێ نیشتیمانی ئەڵمانیامان هەبێ تاوەکو قەرزەکەیان ساف بکەن ئەمە ئەگەر هیچ بارودۆخێکی نەخوازرا و نەیەتە بەردەمیان، کەچی ئەبینین ئێستا ئەم ڤایرۆسە چۆن لە بۆڕی هەناسەدانی مرۆڤەکانی داوە ئەوهاش لە بۆڕی هەناسەدانی ئابووری حکومەت و گەلانی داوە بەوەی

> حکومەتی ئەڵمانیا کۆی قەرزە دەرەکی و ناوەکی و شاراوە و قەرزە نوێ و کۆنەکانی ئەگاتە زیاتر لە ٧ تریلیۆن دۆلار میللەتەکەشی زیاتر لە ٤ تریلیۆن دۆلار قەرزدارن گەر نیشتیمانی ئەڵمانیا بفرۆشین بایی ٤ تریلیۆن دۆلارە کەچی بەهەردوو لایان بە حکومەت و میللەت زیاتر لە ١١ تریلیۆن دۆلار قەرزدارن

هەمووانی خستۆوەتە مەترسیەکی ترسناکەوە ئەگەر بێت و ئەم کەرەنتینەو وەستانی گەشە ئابووریەکە بۆ چەند مانگێگ بەردەوام بێت ئەوا بێگومان ئەبێت چاوەڕێی گەورەترین داڕمانی ئابووری جیهانی حکومەت و کۆمپانیا و بانك و کارگە و هێڵە فڕۆکەوانییەکان و هۆتێل و مۆتێل و چێشتخانە و دووکان و بازار .....هتد بکەین چونکە هەموویان وەکو تۆڕی جاڵجاڵۆکە بەیەکەوە بەستراونەتەوە ئەگەر بێت و لایەکی پچڕا لایەکانی تریشی شەت و خوار ئەبن، هەروەکو خودای گەورە بەر لەم ئامارانەش ئاماژەی بە لاوازی بناغەی ئەو ولاّت و خێزانانە کردووە کە گوێ بە فەرمانەکانی خوای گەورە نادەن بەوەی کە کارێك نەکەن کە نەهی لێکردووە و حەرامی کردووە هەروەکو دەفەرموێت :(مَثَلُ الَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ أَوْلِيَاءَ كَمَثَلِ الْعَنكَبُوتِ اتَّخَذَتْ بَيْتًا ۖ وَإِنَّ أَوْهَنَ الْبُيُوتِ لَبَيْتُ الْعَنكَبُوتِ ۖ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ) العنكبوت (٤١) واتا ئەوانەی بێجگە لە خوایان کردووەتە پشتیوانی خۆیان لە کاروباری دونیاییاندا وەکو خانووی جاڵجاڵۆکە لاواز و مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە وە خانووی جاڵجاڵۆکە لاوازترین خانووە ئەگەر بیانزانیبایە.

> وەزیری دارایی هەرێمی هێسنی ئەڵمانیا کەناوی (Thomas Schafer) تۆماس شێفەر لەتەمەنی ٥٤ ساڵیدا لە بەرواری ٢٠٢٠/٣/٢٨ ی زایینی لە نزیك سکەی قیتاردا خۆی کوشت بەهۆی ئەوەی بەرگەی داهاتووی کێشە ئابووریەکەی جیهانی وڵاتەکەی نەگرت

کەواتا لێرەدا هەم لەڕووی وەسفە قورئانییەکەوە لاوازی ئەم سیستەمە ئابووریەمان دەست کەوت وە هەم لەڕووی ئامار و داتاکانی خۆیان بۆمان ڕوونبووەتەوە کە لەسەر چی ئەم سیستەمەیان داڕشتووە و لەبەر چی بەرگەی وەستانی گەشە ئابوورییەکان ناگرن؟

هەروەکو بینیمان وەزیری دارایی هەرێمی هێسنی ئەڵمانیا کەناوی

> ئامۆژگاریم بۆ خوێنەری بەڕێز ئەوەیە ئەگەر بتوانێت خواردن و خۆراکی لایەنی کەم شەش مانگی لەماڵەوە هەبێ و گەر زەوی و زار و مەڕ و ماڵاتیشی پێ بەخێودەکرێت با کەمتەرخەمی نەکات لە چاندن و بەخێو کردنیان و ئەگەر پارەداریشە با بەشێکی زۆری دراوەکەی هەر چۆنێك بێت با بیکاتە زێڕ و لەماڵەوە هەڵیبگرێت

(Thomas Schafer) تۆماس شێفەر لەتەمەنی ٥٤ ساڵیدا لە بەرواری ٢٠٢٠/٣/٢٨ ی زایینی لە نزیك سکەی قیتاردا خۆی کوشت بەهۆی ئەوەی بەرگەی داهاتووی کێشە ئابووریەکەی جیهانی وڵاتەکەی نەگرت چونکە دەیزانی ئەم قەرزانە ئەگەر کەڵەکە بن لەوەی کە هەیە و وەستانی گەشەی ئابووری وڵاتەکەی و کەرەنتینەی خەڵکەکە چ زیانێك بە داهاتووی وڵاتەکەی بە تایبەتی و چی بەسەر جیهاندا دەهات.

جا خوێنەری بەڕێز ئەم نهێنیانە و داتای قەرز و ریباکەی لەبەردەم هەریەکێك لە ئێمە بوایە لەوانەیە هەمان هەڵوێستی لاوازی سەرکردەکانی جیهانمان بنواندبوایە بۆ

رووبوونەوەی ڤایرۆسەکە و بۆ کەرەنتینەکردنی یەکجاری خەڵکەکە و وەستاندنی گەشە ئابووریيەکە و جموجۆڵە بازرگانییەکان، چونکە ئەبنە هۆی داڕمانی ئابووری یەکجاری جیهان بەمەش ئەگەری هەموو کاردانەوەیەکی سلبی سەرتاسەری جیهانی لێئەکەوێتەوە بە گوندەکانی کوردستانیشمانەوە چونکە جیهانی ئەمڕۆ گوندێکی بچوکە چۆن هەموومان لە ڤایرۆسەکە بەشدارین ئەوهاش لە دەرەنجامە داڕمانە چاوەڕوانکراوەکەش زیانمان بەر دەکەوێت بۆیە ئامۆژگاریم بۆ خوێنەری بەڕێز ئەوەیە ئەگەر بتوانێت خواردن و خۆراکی لایەنی کەم شەش مانگی لەماڵەوە هەبێ و گەر زەوی و زار و مەڕ و ماڵاتیشی پێ بەخێودەکرێت با کەمتەرخەمی نەکات لە چاندن و بەخێو کردنیان و ئەگەر پارەداریشە با بەشێکی زۆری دراوەکەی هەر چۆنێك بێت با بیکاتە زێڕ و لەماڵەوە هەڵیبگرێت چونکە ئەگەر داڕمانەکە رووبدات ئەوا دراوەکانی دۆلار و دینار و سەرجەم دراوەکانی تر بەهایان نامێنێت بۆ ئەوەی مایە پووچ نەبیت دەبێت زێڕ هەڵبگریت لە جیاتی دراوەکان چونکە ئەگەری هەموو دەرهاوێشتەکی خراپی لێدەکەوێتەوە لە داهاتووی ئابووری جیهان.

تیۆرییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا یان کۆڤید ـ١٩

لێکۆڵینەوەیەکی پوختە

د. عبدالرحمن صالح میران/ لەندەن
هەڵگری بڕوانامەی دکتورا لە ئاسایشی نەتەوەیی لە زانکۆی نۆتنگهام / بەریتانیا، ماموستای زانکۆ لە زانکۆی رۆهامپتۆن/ لەندەن.

زۆرێك لە راگەیاندنەکان و نووسەران باسیان لە چۆنیەتی بڵاوبونەوەو خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کردووە لە جیهاندا, هەر بۆیە بە باشی دەزانم کە بە کورتی چەند تیۆرییەك سەبارەت بە پرووداوی ڤایرۆسی کۆرۆنا بخەمە ڕوو, بەڵام پێشەکی چەند تێشکێك ئەخەمە سەر جۆرەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە پێویستە خوێنەر ئاگادار بێت پێش باسکردنی تیۆر و بۆچوونەکان..



شکڵی فایرۆسی کۆرۆنا لە ژێر مایکرۆسکۆپ بە گەورەیی شێوەیەکی تاجی هەیە، بە تاجیش دەگوترێت بە لاتینی "Corona"

ڤایرۆسی کۆرۆنا[1] چییە؟

لە ڕاستیدا خێزانی کۆرۆنا ڤایرۆس ٧ جۆری جیاوازی گرتۆتە خۆی کە تووشی مرۆڤ دەبێت، چوار جۆریان زۆر بەر بڵاوە کە دەبێتە هۆی هەڵامەت و لەرز و تا، لەگەڵ دوو جۆری تری مەترسیدار کە توشی کۆئەندامی هەناسەدان و سییەکان دەبن کە یەکەمیان پێی دەوترێت (زنجیرە دیاردەکانی کۆئەندامی هەناسەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) **Middle East Respiratory Syndrome (MERS)** وە دووەمیان بە شێوەیەکی توند و وێرانکەر تووشی کۆئەندامی هەناسەدان دەبێت پێ دەگوترێت سارس **SARS**کە کورتکراوە

[1] https://www.state.gov/bureaus-offices/under-secretary-for-public-diplomacy-and-public-affairs/global-engagement-center/

Respiratory Syndrome Severe Acute وه ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ لە شاری ووهان سەریهەڵدا لە مانگی ١٢/٢٠١٢ دەبێتە بەشێك لەو ٧ جۆرەی کە باسمان کرد.

هۆکاری ڤایرۆسی Covid-١٩:

ڤایرۆسی کۆرۆنای ئاژەڵی لە توانایدا هەیە لە ئاژەڵەوە بگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ، هەرچەندە ڤایرۆسی کۆرۆنا ناسراوە بە چەند جۆرێك لە ڤایرۆسی ئاژەڵی بە تایبەتی شێردەر و باڵندە، کە لە هەندێ بارو دۆخدا ئەم ڤایرۆسە گەشە دەکات و توانای گواستنەوەی هەیە لە ئاژەڵەوە بۆ مرۆڤ کە لە دواییدا هەڵگری ڤایرۆسەکە دەتوانێت بیگوێزێتەوە بۆ مرۆڤێکی تر، بۆ نموونە بەپێی ئەو بەڵگە زانستیانە ڤایرۆسی مێرس(٢) MERSلە حوشترەوە بۆ مرۆڤ گواستراوەتەوە، بەڵام ڤایرۆسی کۆرۆنای سارس لە پشیلەی کێوی دەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤ وە هەروەها لە کۆتاییدا ئەم ڤایرۆسانە لە توانایدا هەیە لە مرۆڤێکەوە بگوازرێتەوە بۆ مرۆڤیکی تر.

وە شایەنی باسە ڤایرۆسی مێرس لە نیوان ٢٠١٢ تا ٢٠١٥ بووە هۆی گیان لەدەستدانی سەدەها مرۆڤ لە جیهاندا، بەڵام سارس نزیکەی ٧٧٤ مرۆڤی لە ناو برد لە ٢٠٠٣، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵێکی زۆر درا بۆ ڕێگری کردن لێی وە لە ٢٠١٥ەوە هیچ حاڵەتێکی سارس تۆمار نەکراوە.

تیۆرییەکانی ڤایرۆسی کۆڤید١٩ :

(٢) https://qz.com/١٨١٧٧٣٦/china-fuels-coronavirus-conspiracy-theory-blaming-us-army/

بیرۆکە و تیۆری زۆر هەن دەربارەی هۆکار و چۆنێتی دروستبوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەڵام بە باشم زانی هەندێکیان بخەمەڕوو بە کورتی هە تا خوێنەری ئازیز سوودیان لێ ببینێت.

١.ئەم ڤایرۆسە دەستکردی ئەمریکایە[٣]!

لە وتارێکدا علی خامنەیی رابەری گشتی جمهوری ئێران باس لەوە دەکات کە ڤایرۆسی کۆڤید١٩ دروستکراوی ئەمریکایە ئەوەش لە وەڵامدانەوەی شاندێکی پزیشکە بێ سنوورەکان بۆ چارەسەری ڤایرۆسی کۆرۆنا وتی (ئەم ڤایرۆسە بە تایبەتی دروستکراوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی زانیاری جیناتی تایبەت بە ئێرانییەکان), لە کاتێکدا ژمارەی گیان لەدەستدانی هاوڵاتی ئێرانی گەشتۆتە زیاد لە ٦٩٨٨ هاوڵاتی هەروەها ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسەکە گەشتۆتە زیاد لە ١٢٠١٩٨ توشبوو هەتا نووسینی ئەم وتارە کە ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە بۆ وڵاتێکی وەکو ئێران کە دەنالێنێت بە دەست سزا و گەمارۆ ئابووریی‌ەکانی ئەمریکاوە، بەڵام ئێرانیش بەتەنیا نەبووە لەم ئاماژەیەدا بەڵکو چینییەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەمریکا بکەری سەرەکییە لە بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە بەپێی سەرچاوەی ۆرلد میتەر٣ یەکێك لە بەرپرسە چینییەکان لە ڕێی تویتەرەوە ئەوەی درکاند کە ئەم درمە جیهانییە رەنگە لە ڕێگای سوپای ئەمریکاوە بڵاو بووبێتەوە و هێنرابێت بۆ چین، ئەم تیۆرییە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بۆوە لەکاتێکدا ٣٠٠ وەرزشکاری ئەمریکی بۆ راهێنانی سەربازی بەشداریان کرد لە کۆرسێکی سەربازی لە مانگی ١٢ ی ساڵی رابردوو ٢٠١٩ نێردران بۆ

[٣] https://www.worldometers.info/coronavirus/

شاری ووهان که سەرچاوەی بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوو، وە سەرهەڵدانی ئەو نەخۆشیەش جەنگێك بوو دژی ئابووری چین.

ئەم تیۆرەش پاڵپشتی هەیە لە جیهانی عەرەبیدا و ئاماژەی پێ کراوە و هەندێك پێیان وایە ئەم ڤایرۆسە پلانیك بووە ئەمریکا دروستی کردووە بۆ ئەوەی رێکخراوی تەندروستی جیهانی تووشی کێشە بکات و ئامانجیش لە پشتی ئەم جەنگە بایەلۆجییە رزگار بوون بووە لە کێبرکێکردنی چین بەرامبەر بە ئەمریکا.

تۆ بڵێی ڕاست بێت؟ هەتا کاتی ئامادە کردنی ئام راپۆرتە بە پێچەوانەوە ئەمریکا ئەکێك بووە لە گەورەترین زیان لێکەوتووان لە بڵاوبوونەوەی ئەم درمە جیهانییەدا، شایەنی باسە راپۆرتە ئابووریەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە پێوەری داو جۆنس لە ١٩٧٨ هەتا ئێستا بەو شێوەیە دانەبەزیوە لە دوو مانگی یەکەمدا ٣ ملیۆن ئەمریکی بێ ئیش بوون سەرەڕای ئەوەی کە ئەمریکا بێ بەش ئەبێت لەو قازانجەی کە سالانە ١,٥ ملیۆن و نیو گەشتیاری چینی روو دەکەنە ئەمریکا، کەواتە لە ئاوەزەوە دووڕە ئەم ڤایرۆسە بە دەستی ئەمریکا دروست کرابێت.

> "بە پێچەوانەی بیردۆزی یەکەم ئەمریکییەکان پێیان وایە ئەم ڤایرۆسە دەستکردی چینە و درێژکراوەی جەنگی ساردە لە نێوان هەردوو زلهێزە جیهانییەکە چین و ئەمریکا"

٢.کۆڤید ١٩ دروستکراوی چینە دژ بە ئەمریکا[٤]:

لە کاتێکدا بە پێچەوانەی بیردۆزی یەکەم ئەمریکییەکان پێیان وایە ئەم

[٤] https://www.bbc.co.uk/news/business-٥١٧٠٦٢٢٥(

ڤایرۆسە دەستکردی چینە و درێژکراوەی جەنگی سارد لە نێوان هەردوو زلهێزە جیهانییەکە چین و ئەمریکا، شایەنی باسە کە چین رێگری کرد لە هاتنە ژوورەوەی پزیشك و پسپۆڕەکانی درمی جیهانی و ڤایرۆلۆجی وە هاوکارییان لەگەڵ ناکات هەروەها تەرەمپیش لە لێدوانێکدا ناوی نا ڤایرۆسی چینی، کە هەموو جیهان باجی ئەم کارەی چین دەدات.

لێکدانەوەی بۆچوونەکە[٥]: جێی تێڕامانە کە چین دروستکەری ڤایرۆسەکە بێت لە کاتێکدا تووشی دارمانێکی گەورەی ئابووری بووە و لە ٢٠٠٤ەوە ئابوورییەکەی بەو شێوەیە دانەبەزیوە بە بۆنەی کۆڤید١٩ کە تا ئێستا بە رێژەی لە ٢٪ کاریگەری لە سەر بەرهەمهێنان کردووە کە بە ئەندازی ٥٠ ملیار دۆلار زەرەری داوە و بەگشتی کاریگەری لە١٥٪ لە سەر ئابووری چین کردووە، کەواتە باوەڕ ناکرێت کە چین خۆی دروستی کردبێت، چونکە لەم ٢٠ ساڵەی دواییدا چین وەکو زلهێزێکی ئابووری جیهان دەرکەوتووە بە بەراورد بە گەشەی دژ بە ئابووری ئەمریکا کە پەپێی سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەی پسپۆڕەکانی چاودێری سیاسی چاوەڕوان کراوبوو لەمەو پێش بەشێوەیەکی زۆر زەق چین دەرکەوێت و پێشبڕکێیەکی یەکجار توند بەرامبەر بە ئابووری ئە مریکا بکات.[٦]

---

[٥] https://www.americanprogress.org/issues/economy/news/٢٠٢٠/٠٣/٠٦/٤٨١٣٩٤/economic-impact-coronavirus-united-states-possible-economic-policy-responses/

[٦] https://www.bloomberg.com/news/articles/٢٠٢٠-٠٣-٢٥/trump-says-he-ll-stop-using-chinese-virus-easing-blame-game

٣. کۆرۆنا چەکێکی بایەلۆجییە[٧]:

هەڵگرانی ئەم بیردۆزە پێیان وایە کە سەنتەری لێکۆڵینەوەی تایبەت بە بواری جەنگی بایەلۆجی لە ووهان–چین ئەم ڤایرۆسەی دروستکردووە کە لە ڕاپۆرتی واشنگتۆن تایمس لە ٢٠٢٠/١/٢٦ بیل گیرتز ئاماژە بەوە ئەدات کە پسپۆڕی جەنگی بایەلۆجی ئیسرائیلی پێی وایە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئازمایشگەوە دەگوازرێتەوە وە ئێستاش کە لە هەموو جیهان بڵاو بۆتەوە کە لەوانەیە سەنتەری تاقیگەی نهێنی چەکی بایەلۆجی لە ووهان دروستکرابێت، ئەم بیردۆزە هەندێ لایەنگری گرتۆتە خۆی لە وڵاتانی عەرەبی.

> چەند لێکۆڵینەوەیەك هەیە باس لەوە دەکەن کە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە خۆیەوە لە قووڕە شوشەیەکەوە نەهاتۆتە دەرەوە بە هەموو جیهان بڵاو ببێتەوە

لێکدانەوەی ئەم بۆچوونە[٨]: ئەکرێ چەکی بایەلۆجی بەکار بێت لەلایەن وڵاتێکەوە یان

---

[٧] https://www.washingtontimes.com/news/٢٠٢٠/jan/٢٦/coronavirus-link-to-china-biowarfare-program-possi/

[٨] https://www.forbes.com/sites/brucelee/٢٠٢٠/٠٣/١٧/covid-١٩-coronavirus-did-not-come-from-a-lab-study-shows-natural-origins/١e٨f٢٩e٢٣٧٢٨

دەوڵەتێکەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو یان کۆمەڵە کەسانێك، بەڵام شیاو نییە کە بەم شێوە بەربڵاو و بێ سنوورە بەکار بێت لە کاتێکدا کە پێویستی بە ئاستێکی زۆر بارز هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی، هەروەها چەند لێکۆڵینەوەیەك هەیە باس لەوە دەکەن کە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە خۆیەوە لە قوتووە شوشەیەکەوە نەهاتۆتە دەرەوە بە هەموو جیهان بڵاو ببێتەوە، شایەنی باسە کە زانایانی ڤایرۆلۆجی لە لیکۆڵینەوەی زنجیرەی RNA ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ڤایرۆسێك ئەچێت کە شەمشەمە کوێرە هەڵیدەگرێت, وە هەندی ئاژەڵی تری تووش کردووە کە لە بازاڕی ووهان فرۆشراوە و بووە بە هۆی بڵاوبوونەوەی. بۆیە ئەم بۆچوونە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی تر هەیە.

٤. کۆمپانیاکانی دەرمان دروستکەری ئەم ڤایرۆسەن [٩]:

ئەم بیردۆزە لە کاتێکدا سەر هەڵدەدات کە نەخۆشی بڵاو دەبێتەوە لە جیهاندا، وە پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا گەورەکانی دروستکردنی دەرمان بە مەبەستی دەستکەوتنی قازانجێکی زۆر, وە لایەنگرانی ئام بیردۆزە لە ئەمریکاوە بە شێوەیەکی فراوان QAnon بە

> گومانی تێدا نییە کە قازانج و دەستکەوتی ئابووری ئامانجی هەموو کۆمپانیایەکی دەرمانە، هەرچەندە لە کۆمپانیای دەرمانی جیهانی هەن کە پەڵەی ڕەش بە نێوچەوانیانەوە هەیە

[٩] https://www.thesun.co.uk/news/١٠٧٨٦٦٢٦/coronavirus-conspiracy-big-pharma-masks/

شێوەیەکی سەرەکی کۆمەڵەی راستڕەوییی ئەمریکین[١٠] , لە هەموو جیهان لایەنگری زۆری لە خۆ گرتووە لە ژێر ناوی بیردۆزی پلانی دەرمانخانەی گەورە.

گومانی تێدا نییە کە قازانج و دەستکەوتی ئابووری ئامانجی هەموو کۆمپانیایەکی دەرمانە، هەرچەندە لە کۆمپانیای دەرمانی جیهانی هەن کە پەڵەی ڕەش بە نێوچەوانیانەوە هەیە، بەڵام شایەنی باسە لە زۆربەی دەرکەوتنی دەرد و نەخۆشی جیهان مێژوو پێمان دەڵێت کە چارەسەر لە ڕێی دەزگای نا حکومی و کۆلیژ و زانکۆ حکومییەکان بەدی هێنراوە. با لە یادمان نەچێت کە دەستکەوتی ئابووری و ڕەوشتی بەرز بە دەگمەن پێکەوە کۆ دەبنەوە وەکو چۆن سیاسەت و ئەخلاق بە دەگمەن پێکەوە کۆدەبنەوە.

٥. کۆڕۆنا ڤایرۆس سزایەکی خوداییە[١١]:

ئەم بیردۆزەش یەکێکە لەو بیردۆزانەی پاڵنەری مرۆڤە بۆ وازهێنان لە تاوان کە هۆیەکی سەرەکییە بۆ هاتنە خوارەوەی سزای خودا، وەك دەفەرموێت: (ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ) (الروم: ٤١), ئەمەش زۆر نزیکە لە دەروونی باوەڕدارەکانی ئایینەکانی تر کە پێیان وایە ستەم و نا

---

[١٠] https://www.mediamatters.org/coronavirus-covid-١٩/qanon-conspiracy-theory-post-about-coronavirus-spreading-social-media

[١١] https://www.alquds.co.uk/-

دادپـــەروەری و کوشـــتن و لـــەناوبردنی گەلی موسوڵمانی ئیگۆر کە پێکهاتەیەکن لە وڵاتـی چـین، وە لایـەنگرێکی زۆر لـەم بیردۆزە ئەم بۆچوونەیان هەیە.

تـۆ بڵێـی وابێـت و خـودا وەك سـزایەك ناردبێتی؟: خودای گەورە لەگەڵ هـەموو بوونـەوەرێك لـە جیهانـدا سیسـتەمێکی دادوەری دارشتووە بە شێوەیەك هـەموو هۆز و نەتەوە و گەلێك یاسا و رێسایەکی تایبەتی بۆ دارشتوون کە گونجاو بێت بە کات و ساتی بوونیان بێت لە ژیاندا.

> وڵاتە زلهێزەکانی جیهان سەر سوڕماون لە کاتێکدا کە خاوەنی بەرزترین و بە بەهاترین ئامێری تەکنەلۆجیای پێشکەوتوون, بەڵام دەنالێنن بە دەست بوونەوەرێکی بێ گیان کە ناوی ڤایرۆسە و بە چاو نابینرێت

یەکێك لە دیاردەکانی دادوەری خودای گەورە لەگەڵ بوونـەوەر و مرۆڤایەتیـدا، ئـازادی ژیان و ئازادی بیرو ڕایە بەڵام هەمووکەسێك سـات و کـاتی بـۆ دانـراوە کـە لێپرسـینەوەی لەگەڵ دەکرێت چ لە دونیا بە ناردنی پێغەمبەران (وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ) النحل: ٣٦. بۆ ڕێنمایی کـردن و ڕێنیشـاندانیان و یادخسـتنەوەیان بە پاداشت و سزای خوای گەورە. وە یان جاری وایە بە ناردنی نیشانەیێکی سروشتی وەك تووشـبوونی وەك کارەسـاتی سروشـتی یـان نەخۆشـی و نادەرامـەتی و مردنـی لـەپڕ بـەدرمێکی کوشـندە و بەرکـەوتن و بـەرپابوونی لـە هـەموو شـوێنێك ئـەویش بـۆ ئـەوەی بگەڕێنەوە سەر ڕێگای ڕاست و پابەندبن بە فەرمانـەکانی خـودا و پێغەمبەرەکـەی صـلی الله عليه وسلم (مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا فِيٓ أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَٰبٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَآ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ) الحديد: ٢٢. وە هـەروەها لێپرسـینەوەی ڕۆژی دوایـیش بـە

وەستان لە ڕۆژی مەحشەر و خوێندنەوەی نامەی ئەعمالی هتد، هەموو ئەم کارانەی لەگەڵ دەکرێت بە مەرجێك نامەی پیرۆزی خودای پێ گەیشتبێ چونك ە ئەگەر خودا پێغەمبەرانی نە ناردایە بۆ مرۆڤایەتی ئەوا مافی لێپرسینەوە و سزاو پاداستی نەدەدا بە خۆی (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولا) الاسراء ١٥. وە ئەو کاتە عەقڵ دەبوو بە حوججەت و بەڵگە بەدەست مرۆڤایەتی و هەموو کەسێك بە بۆچوونی خۆی خودای دەپەرست، ئەوجا کەس پێویستی بە نەقڵ واتە نیگا و وەحی خودای گەورە نەدەبوو.

بۆیە ئەگەر لە ڕوانگەی تایم لاینو پێشکەوتنی پرۆسەی ژیانی مرۆڤایەتی سەیری ئەم درمە جیهانییە بکەین، بەڕوون و ئاشکرا حیکمەت و داناییەکی تێدا بەدی ئەکەین کە بە شێوەیەك لەم سەردەمەدا سەرەڕای ئەو هەموو دەستکەوتەی کە مرۆڤ بە دەستی هێناوە و دەبینێت وڵاتە زلهێزەکانی جیهان سەر سوڕماون لە کاتێکدا کە خاوەنی بەرزترین و بە بەهاترین ئامێری تەکنەلۆجیای پێشکەوتوون, بەڵام دەنالێنن بە دەست بوونەوەرێکی بێ گیان کە ناوی ڤایرۆسە و بە چاو نابینرێت. هەرچەندە لەوانەیە هەروەك درم ونەخۆشییەکانی پێشوو لە جیهان بێگومان رۆژێك بێت کە بە ئاسانی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە, بەڵام دەبوایە بەم پێشکەوتنە ئاست بەرزە نەیانهێشتبایە ئەو هەموو زەرەرە بکەن؟!

تۆڕەکانی G٥ بوو بە هۆی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە[١٢]:

[١٢] https://fortune.com/٢٠٢٠/٠٤/٠٧/٥g-coronavirus-health-cancer-radiation-studies-safely-use-cellphone/

بەر لە دواترین بۆچوون کە زۆر لە لایەنگرانی هەن لە ڕۆژئاوا ئەویش کە تۆڕەکانی ئەنتەرنێتی (G٥) هۆکاری لاوازکردنی سیستمی بەرگری لەشی مرۆڤە کە بە ئاسانی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبێت، شایەنی باسە کە ڕۆژنامەی Fortune لە ڕاپۆرتێکدا باس لەم دیاردەیە دەکات وە هەروەها چەندەها ماڵپەڕ و ڕۆژنامە و گۆڤار گفتوگۆیان دەربارەی ئەم کێشە زانستییە کردووە کە بووە هۆی چەند ڕووداوێکی ناڕەحەت لە بەریتانیا کۆمەڵێك گەنج و هەرزەکار دەستیان کرد بە سووتاندنی هەندێ لە تاوەرەکانی جی فایف وە هەر وەها هەندێ لە ئەکتەرە بە ناوبانگەکانی جیهان بوون بە لایەنگری ئەم بۆچوونە وەك

John Cusack لەگەڵ Woody Harrelson.

لیکۆڵینەوەی ئەم بۆچوونە:Prof. Simon Clarke زانای پرۆفیسۆر سیمۆن

کلارك کە پسپۆڕە لە زیندەوەرزانیدا لە زانکۆی ڕێدینگ لە بەریتانیا دەڵێت ئەم بۆچوونە بە هیچ جۆرێك ڕاست نییە, چونکە شەپۆلی کەهرۆموگناتیزی ئەم نەوە تازەیەی ئەنتەرنێت کە ناوی G٥ زۆر لاوازە و هەرگیز ناتوانێت زیان بگەیەنێت بەبەرگری لە شی مرۆڤ و تەنانەت ناتوانێت نەخۆشیشی بکات یان کار بکات لەخانەکانی لەشی و ئەگەر سەیری ئەم جۆرە شەپۆلە تیشکییە بکەین دەبینین کە لە جۆرە لاوازەکانێتی و هیچ زیان بەخانەکانی لەشی مرۆڤ ناگەیەنێت بە پێچەوانەی جۆرەکانی تر کە تیشکی خۆر و تیشکی سینی بەکار دەهێنرێت لەناو ئامێرە پزیشکییەکانی نەخۆشخانەکان.

شایەنی باسە جگە لەوڵاتی چین وڵاتانی دیش هەڵساون بە بەکارهێنانی ئەم جۆرە ئەنتەرنێتە (جی٥) وەك کۆریای باشوور و ئوستراڵیا و بەریتانیا، باشە گریمان ئەمە هۆکاری سەرەکی بڵاوبوونەوەی ڤایروسی کۆرۆنایە لەم وڵاتانەدا، ئەی چۆن گەیشتە ئەو

ولّاتانەی کە هێشتا نەوەی سێ و چوار بە کار دەهێنن لـە ئەنتـەرنێت (جـی ٣ و جـی ٤). بەڵام وادیـارە کـارێکی ئاسـاییە کـە مـرۆڤ هـەردەم دەگـەڕێت بـۆ کەسـێك یـان لایـەنێکی تاوانبار بۆ ئەوەی تاوانەکە بخاتە گەردنی و خۆی لەگلەیی ڕزگار بکات.

٧. دەستێکی نهێنی هەیە کە ئەم ڤایرۆسەی دروست کردووە بۆ ئەجێندایـەکی یـەکجار ترسناك:

ئەم بیر و بۆچوونە لە بە شی دووەمی ڕاپۆرتەکەدا – ئەگەر دەرفەت بوو لە داهـاتوودا – باسی لێوە دەکەین ان شاء الله[١٣].

[١٣] بەشی دووەمی ئەم شیکردنەوەیە لە ژمارەی داهاتوودا بلاّو دەکرێتەوە.

لێکەوتە و کاریگەرییە سیاسییەکانی کۆرۆنا لەسەر هەرێمی کوردستان



شیکاری سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە بۆ دۆخی کوردستانی دوای کۆرۆنا
٢٠٢٠
بەرایی

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا چەندین قەیران و کارەسات و پەتا ڕوویانداوە و کۆمەڵگاکان ڕووبەڕووی جۆرەها تاعوون و پەتا و برسێتی و قاتی و قڕی و وشکەساڵی و لافاو و بوومەلەرزە بوونەتەوە، چ لە ڕۆژئاوا یان ڕۆژهەڵات یاخود لە باکوور یان باشوور بووێت، ئەڵبەت جیهانی ئیسلامیی و کوردستانیش بێبەش نەبوون لەو ڕووداو و کارەساتانە.

مێژوونووسانی هاوچەرخی ئەو ڕووداو و کارەسات و پەتایانەچەندین وێنە و دیمەنیان بۆمان گواستۆتەوە لەو کارەسات و پەتایانە و ئاسەوار و دەرەنجامەکانیان لە هەموو گۆشەو کەنارەکانی جیهان و، ڕەنگدانەوەیان لە سەر ڕەوش و دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەخلاقییەکان.

ئێستاش پەتا و ڤایرۆسێکی تری جیهانگیر، دنیای بەخۆوە سەرقاڵ کردووە، کە ئەویش ڤایرۆسی (کۆرۆنا covid-١٩)یە، کە بووەتە هۆکاری تووشبوونی ملیۆنان کەس لەسەرتاسەری جیهان و مردنی سەدان هەزار کەس و بڵاو بوونەوەی ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر، بە تایبەت لەو وڵاتانەی بەخێرایی ڤایرۆسەکەیان تێدا بڵاو بۆتەوە، دیارە کوردستانیش بێبەش نەبووە لەو پەتایە و ژمارەیەك هاوڵاتی کوردستانیش تووشی کۆرۆنا بوون، ئەگەرچی سوپاس بۆ خوا بەبەراورد بە وڵاتانی تر و تەنانەت وڵاتانی دراوسێش، کوردستان تا ڕادەیەکی باش پارێزراو بووە و زیانی گەورەی بەرنەکەوتووە، بەڵام هەموو وڵاتانی دنیا و بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بە گرتنەبەری کۆمەڵێك ڕێککاری تەندروستی و خۆپارێزی هەوڵی بەرگرتنیان داوە لە بڵاوبوونەوەی زیاتری ڤایرۆسەکە و دەرچوون لێی بە زیانی کەمتر‌ەوە.

بێگومان کۆرۆنا، زیانگەلێکی فرەڕەهەند و ئاسەواری زۆر لە دوای خۆی جێدێڵێت، بۆیە ئەوەی گرنگە، تاوتوێی بکەین لێکەوتەو کاریگەرییەکانی کۆرۆنایە لەسەر جیهان و بە تایبەت لەسەر هەرێمی کوردستان، نەخاسمە لە ڕووی سیاسییەوە، کە بێگومان لەخۆگری ڕەهەندگەلێکی تری ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئاکارییشە.

ئەوەی مرۆڤایەتی ئەمڕۆ تیایدا دەژیت, بارودۆخێکی نوێیە و وا پێدەچێت ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەرییەکانی خۆی لە سەر هەموو ئاستەکانی سیاسی و ئابووری و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئەمنی و دەروونی جێبهێڵێت.

لە ماوەی شەش سەدەی دواییدا چەندین نەخۆشی و پەتا و تاعوونی گەورە لە جیهاندا ڕوویانداوە، بە تایبەت لە سەری هەر سەدەیەکدا، (١٥٢٠ز نەخۆشی جەدەری، ١٦٢٠ پەتایەکی نادیار، ١٧٢٠ تاعوون، ١٨٢٠ کۆلێرا، ١٩٢٠ ئەنفلەوەنزای ئیسپانی، ٢٠٢٠ کۆرۆنا)، ئەمە وێڕای دەیان نەخۆشی و پەتای تر.

لە جیهانی ئیسلامییشدا چەندین نەخۆشی و وەبا و پەتای سەخت و دەردناکی بە کۆمەڵ بڵاو بوونەتەوە، لەوانە: تاعوونی (عیمەواس یان عەمواس) سالّی (١٨ك/ ٦٩٣ز) لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا لە شام، کە تاعوونێکی ترسناك بووە و هەزاران کەسی کوشتووە (زیاتر لە ٢٠ هەزار کەس) کە سەرکردەی گەورەشی تێدا بوون، (بلاذري) ئاماژە بە تاعوونێکی سەخت دەکات کە پێش تاعوونی عەمواس ڕوویداوە لە سالّی (١٦ك) لە وڵاتی فارس [١٤].تاعوونی (جارف – تونـد و ڕامالّەر) سالّی (٦٩ك) لە بەسرە ڕوویداوە لە سەردەمی عەبدوللّای کوڕی زوبەیر، خەڵکێکی زۆری کوشتووە و تەنها سێ ڕۆژ بەردەوام بووە. تاعوونی کچان و ژنان یان گەورەکان سالّی (٨٧ك/ ٧٠٥ز) لە عێراق و شام، ناونراوە بە تاعوونی کچان و ژنان چونکە سەرەتا ژنان بە تایبەت کچان تووشی دەبوون، هەندێکی تر ناویان ناوە تاعوونی گەورەکان، چونکە گەورە و پیاوماقوولّانی زۆر کوشتن، تاعوونی موسلیمی کوڕی قوتەیبە، سالّی (١٣١ك / ٧٤٨ز) دوا تاعوونە لە سەردەمی ئومەوییەکان ڕوویداوە و بە ناوی یەکەم کەس کە تیایدا مردووە ناونراوە، ئەم تاعوونە لە بەسرە ڕوویداوە و سێ مانگی خایاندووە و، لە ڕەمەزاندا زیاتر بڵاو بۆتەوە هەتا وایلێهاتووە هەندێ ڕۆژ زیاتر لە هەزار تەرمیان ژماردووە [١٥]، هەروەها ئەو تاعوون و وەبایانەی لە سەردەمی عەبباسییەکان و سەردەمی ئەییوبییەکان و عوسمانییەکان و سەردەمی مەملوکیی لە خۆرهەڵاتی ئیسلامییدا ڕوویانداوە، بۆ نموونە دوای هێرشی مەغۆلەکان بۆ سەر بەغدا و وێرانکردنی و کوشتنی خەڵکەکەی لە سالّی (٦٥٦ك/ ١٢٥٨ز) ، کە بە کۆمەڵ کوژراوەکان لەسەر شەقامەکان کەوتبوون و لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی بۆنی تەرمەکان و گۆڕانی کەش و هەوا، وەبایەکی تونـد

---

[١٤] أحمد بن يحيى بن جابر بن داود البلاذري / المتوفى ٢٧٩هـ), دار ومكتبة الهلال, بيروت, ١٩٨٨.

[١٥] https://www.facebook.com/Dr.sallabi/posts/١١٩٠٣٠٨٣١١٣١٢٨٩٧.

بلاوبوویەوە و گەیشت بە شام و، خەڵکێکی زۆر مردن بە هۆی گۆڕانی کەش و هەوا و بۆنەکەوە، هەم وەبا و مردن و هەم گرانی سەری هەڵدا [١٦].

لە سەردەمی مەمالیکەکانیشدا، تاعوونی مەزن لە شام سالّی (٧٤٨ك) ڕوویدا کە زۆربەی ناوچەکانی شامی گرتەوە و زۆربەی دانیشتووانی شارەکانی حەلەب و دیمەشق و قودس و کەنارەکانی لەناو برد، هەر لەبەر بەهێزی و خێرا بلاّو بوونەوەی بە تاعوونی مەزن ناونراوە. هەروەك نەخۆشییەکی تر سالّی (٧٩٥ك) بە ناوی لەناوبەری گەورە بلاّو بوویەوە، ئەو پەتایەش (١٥٠) هەزار کەسی لە حەلەب و دەوروبەری کردە قوربانی [١٧]، خۆرئاوای ئیسلامییش بە چەندین نەخۆشی و برسێتی و پەتادا گوزەری کردووە، کە گرنگترینیان تاعوونی سالّی (٥٧١ك)یە، کە لە ئەندەلووس و ناوچەکانی تری خۆرئاوادا بلاّو بوویەوە و ئەنجامی کارەساتباری لێکەوتۆتەوە و مێژوونووسان دەڵێن لە یەك ڕۆژدا بەهۆیەوە لە نێوان (١٠٠ بۆ ١٩٠) کەسی کوشتووە، هەروەك تاعوونی سالّی (١٧٩٨ز) لە مەغریبدا بلاّو بۆتەوە کە لە ڕێگەی گواستنەوە لەو بازرگانانەوە بۆیان گوازرابوویەوە کە لەگەڵ خۆیان هەڵیان گرتبوو لە ئیسکەندەرییەوە بۆ تونس و ئینجا بۆ جەزائیر و ئینجا بۆ خۆرئاوای

> "کۆمەڵناسی گەورەی ئیسلامیی (ئیبن خەلدون) لە سەدەی هەشتەمی کۆچی (چواردەیەمی زایینی) لە (مقدمە)کەیدا، هۆکاری ڕوودانی تاعوون و وەباکان بۆ خراپبوون و تێکچوونی کەش و هەوا دەگەڕێنێتەوە"

[١٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[١٧] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئیسلامیی، تاعوونەکە لە شارەکانی فاس و مەکناس بڵاو بۆوە و تا گەیشتە رەبات و، ڕۆژنە ١٣٠ قوربانی بەدوای خۆیدا دەهێنا [١٨]، ئەمەو چەندین پەتا و تاعوون و گرانی و قاتی و قڕی دیکە کە ڕوویانداوە و لێرەدا ناتوانین باسیان بکەین.

لە کوردستانیشدا، چەندین پەتا و نەخۆشی و قاتی و قڕی و برسێتی بڵاوبوونەتەوە و هەزاران کەسیان کوشتووە، لەوانە پەتای چاوەقوولّە لە سلێمانی کە وەک دەگوترێت زیاتر لە (٧) هەزار کەسی کوشتووە لە نێوان ساڵەکانی (١٩٠٤ و ١٩٠٥ ز) دا.

لە بارەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تاعوون و پەتا کوشندەکانیشەوە، زۆر ڕاوبۆچوون هەن، دەستی مرۆڤیان تێدایە یان نا؟ پیسبوونی ژینگە ڕۆڵی هەیە یاخود نا؟ قسە هەڵدەگرن، کۆمەڵناسی گەورەی ئیسلامیی (ئیبن خەلدون) لە سەدەی هەشتەمی کۆچی (چواردەیەمی زایینی) لە (مقدمە)کەیدا، هۆکاری ڕوودانی تاعوون و وەباکان بۆ خراپبوون و تێکچوونی کەش و هەوا دەگەڕێنێتەوە بە زۆربوونی ئاوەدانی و ژمارەی دانیشتووان، بەهۆی ئەو شتانەوە کە تێکەڵی دەبن لە ماددەی ڕزیو و بۆگەن و رتوبەتی پیس کە هەوا ئاڵوودە دەکەن، کاتێکیش کەش و هەوا ئاڵوودە و پیس بوو کە خۆراکی ڕۆحی زیندەگیی و پۆشاکەکەیەتی، ئەو کاتە تێکچوون و ئاڵوودەبوونەکە دەگاتە میزاج و جەستەی مرۆڤ و تێکی دەدات، جا ئەگەر ئاڵوودەبوونەکە بەهێز بوو نەخۆشییەکە لە ڕیخۆڵەدا ڕوودەدات و نەخۆشی کوشندە ڕوودەدات [١٩].

بە گشتی مێژووی ئەم ناوچەیە و جیهانی ئیسلامیی بە هەموو قۆناغەکانی و بە گشت هەرێم و ناوچەکانییەوە، ژمارەیەکی زۆر لە تاعوون و پەتا و نەخۆشی کوشندەی بەخۆوە

---

[١٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[١٩] عبدالرحمن بن خلدون – مقدمة ابن خلدون, تحقيق حامد أحمد الطاهر, دار الفجر للتراث, القاهرة, ط١, ١٤٢٥ هـ – ٢٠٠٤م, ص ٣٧٠.

بینیوە، کە ئاماژەمان بە هەندێکیاندا، دواییشیان پەتای کۆرۆنایە، بەڵام ئایا ئەمەی دواییان چ ئەنجامێکی دەبێت و کاریگەرییەکانی چی دەبن لە سەر جیهان و بەتایبەت لەسەر هەرێمی کوردستان، لەم شیکارییەدا شەن و کەوی دەکەین.

تەوەری یەکەم: کۆرۆنا و ململانێی جیهانیی

ئایندەی تاکجەمسەری و لێکدانەوەکان بۆ جیهانی دوای کۆرۆنا

لە سەردەمی کۆرۆنا و دوای کۆرۆناش ململانێی جەمسەرەکان بەردەوام دەبێت و، زلهێزەکان لە هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی پەتاکە و، ڕکابەری دەکەن بۆ بردنەوە و سەرکردایەتیکردنی جیهانی پاش کۆرۆنا، ئەمریکا و زلهێزانی تر کە نەیانتوانیوە سەرکردایەتییەکی بەهێز و دادپەروەرانەی جیهان بکەن و سەرکەوتوو نەبوون لە چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانە جۆراوجۆرەکانی دنیا، چ ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ژێر هەژموونیاندان، بە بەکارهێنانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و لە چوارچێوەی یەکتر تۆمەتبارکردن و ڕکابەرییەکی نوێدا دەیانەوێت بەراوەی قەیرانەکە بن، تەنانەت ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش – کە ئەبوایە پشتگیرییان بکردایە تاوەکو بێلایەنانە لەم قەیرانە جیهانییەدا ڕۆڵی کاریگەر ببینێت – خراوەتە نێو گەمە سیاسییەکەوە، بێگومان ئەم ڕکابەرییەش کاریگەری لەسەر جۆری ململانێکانی دوای کۆرۆنا دەبێت. بەڵام لەو سۆنگەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ

“لە سەردەمی کۆرۆنا و دوای کۆرۆناش ململانێی جەمسەرەکان بەردەوام دەبێت و، زلهێزەکان لە هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی پەتاکە و، ڕکابەری دەکەن بۆ بردنەوە و سەرکردایەتیکردنی جیهانی پاش کۆرۆنا”

قەیرانی ئابووری و نەوت بەرەو ڕوو بووە و، ڕووسیا بەهۆی وابەستەبوونی بە نەوت، پێدەچێت لە کورتی بدەن و، چینیش لەوانەیە نەوتی زیاتری هەرزان لە ئێران بکڕێت و سوودمەند بێت لەم قەیرانە نوێیە، بۆیە بەهۆی کاریگەرییەکانی کۆڕۆنا لەسەر وڵاتە زلهێزەکان و، لە لایەکی تریشەوە سەرقاڵبوونیان بە ململانێی سەرکردایەتیکردنی نوێی جیهانی، دەرفەت بۆ هێزە مامناوەندییەکانی ناوچەکە دەڕەخسێت ڕۆڵی زیاتر ببینن. هەروەك ئەگەری لاوازتر بوونی رژێمە ئیستیبدادییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش هەیە.

لە لایەکی ترەوە، کۆڕۆنا لەوانەیە پێشبڕکێی سەرۆکایەتی ئەمریکا پێچەوانە بکاتەوە، چونکە لە بیر و حساباتی دۆنالد ترەمپ نەبوو کە سالی هەڵبژاردنی (٢٠٢٠) دەبێتە سالی بڵاو بوونەوەی کۆڕۆنا و گفتوگۆ کردن لەبارەی چۆنیەتی دۆزینەوەی چارەسەر و بەرهەمهێنانی پێکوتە (لقاح)یك دژ بە کۆڕۆنا، لە کاتێکا ترەمپ لە هەوڵدابوو بۆ پێشخستنی ئابووری ئەمریکا و کەمکردنەوەی بێکاری، بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی داهاتوو ببات‌ەوە، کەچی کۆڕۆنا شکستی بە پلانەکەی هێنا و ئابووری ئەمریکای داتەپاند و بێکاری زیاد کرد و دەسەوسانیش ماوەتەوە لە کۆنترۆڵکردنی ڤایرۆسە و زاڵ بوون بەسەریدا، چوون ڤایرۆسەکە کەم و کوڕییەکانی کەرتی تەندروستی ئەمریکاشی دەرخست، بۆیە ئەمریکا و بە تایبەت سەرۆکەکەی (دۆنالد ترەمپ) پەنای بردۆتە بەر تیۆری پیلانگێڕیی کە چین بە لە پشت بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەوە بوون تۆمەتبار دەکات، قەیرانەکەش زیاتر بووە، بە دابەزینی نرخی نەوت بۆ ئاستێکی زۆر نزم لە ئەنجامی دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان سعودییە و ڕوسیا لە پەیوەست بە فرۆشتنی نەوتەوە، ئەم پێشهاتانەش ڕۆڵیان دەبێت لە پێچەوانەبوونەوەی دۆخەکە لە بەرژەوەندی دیموکراتەکان لە هەڵبژاردنی (٣) ی نۆڤەمبەری داهاتوودا، ئەگەر تا ئەو کات گۆڕانکاریی ئەرێنی ڕوونەدات.

ئەمریکا خۆیشی – لە چوارچێوەی تیۆری پیلانگێڕییدا – کەوتە بەر هێرش و تۆمەتبارکردن، سەرەتا چین ئەمریکای بەوە تۆمەتبار دەکرد کە لە پشت بڵاوبوونەوەی

> ئالّنگاری گەورە و مەترسیدار لە سایەی ئەم قەیرانەدا، خۆی لە ئەگەری دەستەپاچەیی سیستەمی تەندروستی و سەرنەکەوتنی لە رووبەڕووبوونەوەی کۆڕۆنا لە زۆرێك لە دەوڵەتەکاندا دەبینێتەوە، ئەمەش شیمانەی ئەوە زیاد دەکات کە پەنا ببرێتە بەر ئەوەی پێی دەوترێت (پزیشکیی جەنگ) کە تیایدا پزیشك نەخۆشەکان لێکجیادەکاتەوە لەسەر بنەمای تەمەن و ئەولەویەتێك کە پێی باشە

قایرۆسەکەوەیە، پێشتریش وەزیری تەندروستی فنلەندا باسی لە پلانی ئەمریکا کردبوو بۆ لە ناو بردنی دوو لەسەر سێی مرۆڤایەتی لە میانی بڵاوکردنەوەی قایرۆسی ئەنفلەوەنزای بەراز و هی تریش بە ڕێککەوتن لەگەڵ ڕێکخرواى تەندروستی جیهانی، وە ئەمریکا ڕێکخراوی ناوبراوی ناچار کردبوو کە ئەنفلەوەنزای بەراز بە پلەی پەتا و وەبا پۆلێن بکات بۆ ئەوەی ملیاران دۆلار قازانج بکەن و، کوتانەکە بکەنە شتێکی ئیجباری نەك ئیختیاری، بەڵکو هەندێك بۆ ئەوە چوون کە ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت لە جۆری شەڕی نەوەی شەشەمە، کە بە پێودانگی پسپۆڕانی ستراتیژی و سەربازی مەبەست پێی ئەو شەڕەیە لە دووڕەوە بەڕێوە دەبرێت، لە ڕێی بەکارهێنانی چەکی زیرەك کە تۆڕەکانی ئینتەرنێت دەچنە نێو چوارچێوەکەیەوە لە میانی تەجنیدی تەواوەتی کۆمەڵگای بە ئامانجگیراو و، جۆربەجۆری هۆکارەکانی تا دەگات بە بەکارهێنانی هۆکارەکانی سیخوڕیکردنی نوێ کە پشت دەبەستن بە بالّندە و ئاژەڵ و ماسییەکان، کە ڕۆڵیان کورت نابێتەوە لە سیخوڕی و

بەس، بەڵکو دوورتر لەوەش دەڕوات تا زیانگەیاندن لە دوورەوە وەك تەقاندنەوە لە دوورەوە [٢٠].

ئاڵنگاری گەورە و مەترسیدار لە سایەی ئەم قەیرانەدا، خۆی لە ئەگەری دەستەپاچەیی سیستەمی تەندروستی و سەرنەکەوتنی لە رووبەڕووبوونەوەی کۆڕۆنا لە زۆرێك لە دەوڵەتەکاندا دەبینێتەوە، ئەمەش شیمانەی ئەوە زیاد دەکات کە پەنا ببرێتە بەر ئەوەی پێی دەوترێت (پزیشکیی جەنگ) کە تیایدا پزیشك نەخۆشەکان لێکجیادەکاتەوە لەسەر بنەمای تەمەن و ئەولەویەتێك کە پێی باشە، ئەمەش لەبەر کەمی ئیمکانیات و کەرەسە و پێداویستی پزیشکی و زۆری حاڵەتەکانی نەخۆشی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی ئەخلاقییە، لە کاتێکدا سیستەمی تەندروستی خۆی مەنزوومەیەکی تەواو و کاملە و ئەبێ خاوەن توانا و هاریکاری و بەردەوامی بێت، بە پێی پێناسەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) , زاراوەی "سیستەمی تەندروستی" (هەموو ئەو دامەزراوە و سەرچاوانە دەگرێتەوە کە سەردەکێشن بۆ چاککردنی تەندروستی، ئەم سیستەمەش پێویستی بە فەرمانبەر و کارمەند و دارایی و زانیاری و پشتیوانی و ئامێرەکانی گواستنەوە و پەیوەندیکردن و ڕێنمایی و ئاراستەکردنی گشتی هەیە. وە پێویستە سیستەمەکە ئەو خزمەتگوزارییانە دەستەبەر بکات کە وەڵامگۆی پێداویستی و داخوازییە هەنووکەییەکان بن بە نرخێکی

> "لەوانەیە کۆڕۆنا ئابووری جیهانی بەرەو قەیرانێکی گەورە ببات، بۆیە ئێستا هەر وڵاتەی هەوڵ دەدات سەرەتا خۆی ڕزگار بکات"

[٢٠] https://ida٢at.org/news/٢٠٢٠/٠٢/٠٣ -

گونجاو و، هەوڵدانیش، لە هەمان کاتا، بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ خەڵکدا بە شێوەیەکی شایستە[٢١].

چەندین جار ڕوویداوە لە سەردەمە جیاوازەکان کە تاعوون و پەتاکان ڕۆڵیان هەبووە لە دیاریکردنی نەخشەی ململانێی سیاسی لە نێوان زلهێزەکاندا، هیچ پەتا و کارەساتێکیش تێناپەڕێت مەگەر خەڵکانێك لێی سوودمەند دەبن، وەکو دەڵێن (مصائب قوم عند قوم فوائد)، ئەمە بۆ کۆڕۆناش ڕاستە، لەوانەیە کۆڕۆنا ئابووری جیهانی بەرەو قەیرانێکی گەورە ببات، بۆیە ئێستا هەر وڵاتەی هەوڵ دەدات سەرەتا خۆی ڕزگار بکات، بە وتەی سەرۆککۆماری تورکیا (رەجەب تەیب ئەردۆغان) "قەیرانەکە جیهانییە، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوە نیشتیمانییە"[٢٢].

> سەرۆکی ئەمریکاش پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای بە "خراپترین هێرش " لە مێژووی ئەمریکادا گوزارشت لێکرد و ڕایگەیاند ئەم پەتا جیهانییە گورزێکی وای لە ویلایەتە یەکگرتووەکان داوە توندتر و بەهێزتر لە بۆردومانی یابان بۆ سەر بنکەی پێرڵ هاربەر لە شەڕی دووەمی جیهان و، هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر / ئەیلولی ٢٠٠١

لە یەککاتدا قەیرانەکە سیاسیی، تەندروستیی، ئەمنیی، ئابووریییە، لە ئەمریکا لەگەڵ بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسەکەدا کڕینی چەك زیادی کرد، دیارە کەش و هەوای ترس و لەرز دەتوانێت سەربکێشێت بۆ کێشە و گرفتی ئەمنیی قوڵتر و پاشان ئاکامی مەترسیداری

[٢١] https://www.who.int/features/qa/٢٨/ar/

[٢٢] https://www.trt.net.tr/persian/thlyl-w-gzrsh/٢٠٢٠/٠٣/١٩/

دەروونی و کۆمەڵایەتی لێبکەوێتەوە. ڕێژەی بێکاریش لە ئەمریکا وەک بەرپرسانی ئەو وڵاتە ڕایانگەیاندووە لەوانەیە مانگی داهاتوو بگاتە ٢٥٪ ، سەرۆکی ئەمریکاش پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای بە "خراپترین هێرش " لە مێژووی ئەمریکادا گوزارشت لێکرد و ڕایگەیاند ئەم پەتا جیهانییە گورزێکی وای لە ویلایەتە یەکگرتووەکان داوە توندتر و بەهێزتر لە بۆردومانی یابان بۆ سەر بنکەی پێرڵ هاربەر لە شەڕی دووەمی جیهان و، هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر / ئەیلولی ٢٠٠١ [٢٣].

سەرۆکی پێشووی تونس (منصف المرزوقی) کۆرۆنا و دەستە خوشکەکانی (وەکو سارس و ئیبۆلا..) بە دیاردەیەک بۆ قۆناغێکی جیاکەرەوە لە مێژووی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدات، لە ئەنجامی خێرابوونی مێژوو و هەڵکشانی بەهای گرەوی سەرکەوتن و بردنەوە، لە زەمەنێکا ترسی گۆڕانی کەش و هەوا و بەرنامەی پێنانمان بە باوەڕی هێندێك بۆ قۆناغی لەناوچوونی شەشەم و نەمانی رە گەزی مرۆڤ پاش ئەوەی زەوی وایلێهاتووە ناشێ بۆ لەخۆگرتنی غەیری مێروولە و سیسرك. با بەروارەکان بخەینە تەنیشت یەکەوە: ساڵی ١٩٦٢ قەیرانی بۆمبەکانی کوبا، ١٩٨٠ سەرەتای قەیرانی کەمبوونی بەرگری بەدەستهاتوو، ١٩٩٩ ترس و بیمی ڕاوەستانی کۆمپیۆتەرەکان، ٢٠٢٠ قەیرانی کۆرۆنا و ئەم ڤایرۆسەی ئێستا. واتە نزیك بە هەر بیست ساڵێك قەیرانێکی زەبەلاح کە جیایە لە هەرچی ئەوەی مێژوو بەخۆیەوە بینیوە لە قەیران و ئاڵۆزییەکان، کە لێکەوتەکانیان هەر بە ناوخۆیی یان ناوچەیی نەماونەتەوە بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی و جیهانیان گرتۆتەوە. ئێستاش بە وردی لە بیست ساڵی دوایی بڕوانە، کە دەبینی سەرهەڵدانی سێ هەڕەشەی گەورەی لەسەر تەندروستی جیهانی بەخۆوە بینیوە: پەتای سارس ساڵی ٢٠٠٢، پەتای مێرس ساڵی ٢٠١٢، پەتای ئیبۆلا ساڵی ٢٠١٣، بۆ ئەوەی وێنەکە تەواو بێت، دەبێ ئەم قەیرانە سیاسی و تەندروستییانە بخەیتە چوارچێوەیەکی فراوانترەوە، واتە ئەو قەیرانە خنکێنەرەی گۆی زەوی پیایا ڕەت دەبێت یان بڵێین

(٢٣) https://www.bbc.com/arabic/world-٥٢٥٦٩٠٠٧

ئاگرکەوتنەوە گەورەکان: پورتوگال ٢٠١٧" سویّد، کالیفۆرنیا ٢٠١٨" بەرازیل، کۆنگۆ، ڕووسیا ٢٠١٩" ئوستوراڵیا ٢٠٢٠. ئێستاش ئەم قەیرانی کۆرۆنایە کە کەس نازانێت بەرەو کوێ دەڕوات [٢٤].

وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا (ژان ئیڤ لودریان) پێی وایە ڤایرۆسی کۆرۆنا دابەشبوونە جیهانییەکان زێتر و ناکۆکییە چینی ئەمریکییەکان پتر و ئاڵۆزتر دەکات و، دواجار فرەیی نێودەوڵەتی لاواز دەکات. ناوبراو بە ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی ڕاگەیاندووە کە ترسی هەیە لەوەی جیهانی دوای کۆرۆنا زۆر لە جیهانی پێش خۆی بچێت، بەڵام خراپتر بێت، ئەو نایشارێتەوە کە دابەشبوونەکان کە چەند ساڵێکە بەردەوامییان هەیە سەردەکێشن بۆ لێکهەڵوەشانەوەی سیستەمی جیهانی، فراوانکردنی ململانێی نێودەوڵەتی و تەنانەت ڕووبەڕووبوونەوەشی مەحکوم کرد لە هەموو بوارەکاندا لەوانەش بواری زانیارییەکان، ئەوەتا هێزە گەورەکان کێبڕکێیانە بۆ بەراوردکردن لە نێوان نموونە و ئەزموونەکانیان لە ئیدارەدانی قەیرانی کۆرۆنا (کوڤید ١٩), لەو نێوانەشدا ئاماژەی بە هەڕەشەی دۆنالد ترەمپ داوە بە بڕینی هاوکاری دارایی لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و داخراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە وادەرەکەوێت دوودڵە لە بینینی پۆڵی سەرکردە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و، ئەمەش ئاڵۆزی لە هەر هەنگاوێکی هاوبەش لە بارەی تەحەددییاتە جیهانییە گەورەکان دروست دەکات و هانی خواستەکانی چین دەدات بۆ دەسەڵات کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بڵێت (من هێز و سەرکردایەتیم) [٢٥].

بەڵام ڕۆشنبیرانی فەڕەنسا لە بارەی جیهانی پاش کۆرۆنا ڕای جیاوازیان هەیە، فەیلەسوف فەڕەنسی (برۆنۆ لاتۆر) زیاتر بەلای مەسەلەی ژینگە و داکۆکی کردن لە بنەمای خۆپارێزیدا چووە، وەلێ زانای کۆمەڵناسی نزیك بە سەد ساڵی (ئیدگار مۆران)

---

[٢٤] www.aljazeera.net/knowledgegate/opinions

[٢٥] www.skynewsarabia.com

هێرش دەکاتە سەر دیدگای لیبرالّی و هەوەس و هۆگری بە قازانج و دەلّێت بە پلەی یەکەم ئەو بەرپرسیارە لە " ملکەچپێکردنی سیستەمی تەندروستی بۆ لۆژیکی کار و لە هەژار و دەستەپاچەکردنی ئەو سیستەمە", ئەو هیواداریشە کە ڕێڕەوێکی سیاسی ئیکۆلۆژی (ژینگەیی) ئابووری کۆمەلّایەتی نوێ هەر لەگەلّ کۆتاییهاتنی ڤایرۆسەکە بێتە کایەوە کە ویستێکی ئینسانیی نوێبووەوە حوکمی بکات، بەشێوەیەك تیشك بخرێتە سەر هاوچارەنووسی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی لە پەیوەستبوونێکا کە جیا نییە لە چارەنووسی بایەلۆژی ژینگەیی گۆی زەوی، پێشی وایە کە ئابووری سەرمایەداری کێشە گەورەکانی ئەمڕۆی گۆی زەوی خولّقاندووە. هەروەك مێژوونووسی فەلسەفەی فەڕەنسی (ئەندرێ کۆنت سپۆنفیل) هوشداری دەدات لە تێکچوونی سیستەمی ئەخلاقی و جێگرتنەوەی سیستەمی تەندروستی لە شوێنیدا. بەلّام فەیلەسوف فەڕەنسی (میشیل ئۆنفری) وێڕای ئەوەی ڕەخنەی لە ئەدای سەرۆکی دەولّەت و سەرۆکی حکومەت گرت و ڕایگەیاند کۆرۆنا بێ توانایی و لێنەهاتوویی ئەوانی دەرخست، مەسەلەیەکی تری وروژاند کە مشت و مڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، ئەویش ئەوەبوو کە وتی ئەم ڤایرۆسە دەچێتە خانەی جوولّەی ڕووخان و، ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ قۆناغێکی تازە پێکدێنێت لە " داڕووخانی شارستانێتی جوولەکە مەسیحی"دا [٢٦].

گەورە کۆمەلّناسی فەڕەنسیش (ئالان تۆرین) لە شرۆڤەی کۆرۆنا و ئەو ڕەوشەی هێناویەتە ئاراوە دەلّێت: جیهان لە دۆخێکی بۆش و بەتالّدا دەژیت، بێ هیچ شەن و کەو یان جوولّە یان تێگەیشتنێك. لەوانەیە ئێمە ئەمڕۆ لە دنیایەکی چینیدا بژین، ئەگەرچی ئەمە مسۆگەر نییە، ئەمریکا نغرۆ دەبێت و چینیش لە دۆخێکی دژەوانەدا ئەژیت، ناتوانێت بۆ هەمیشە بەردەوام بێت، چونکە چین شمووللییەتی ماوی لە بەڕێوەبردنی سیستەمی سەرمایەداری جیهانیدا پەیڕەو دەکات، ئا بەم شێوەیە، ئێمە خۆمان لە

[٢٦] https://www.aljazeera.net/news/cultureandart/٢٠٢٠/٥/٦/

قۆناغێکی ڕاگوزەری وەحشییانەدا دەبینینەوە کە پێشتر ئامادە نەکراوە یاخود بیری لێ نەکراوەتەوە [٢٧].

فەیلەسوفێکی سلۆڤینیاش پێشبینی دەکات شێوازێکی نوێی هەماهەنگی و پێکەوەیی لە ئەنجامی کۆرۆناوە بێتە ئاراوە و ژیانیشمان بۆ پێش کۆرۆنا ناگەڕێتەوە، (سلافۆی چیچیك) دەڵێت هەوڵە نیشتیمانییەکان بەس نین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا و پێویستی بە هاریکاری و پشتیوانییەکی جیهانی هەیە و، جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە هاوکاری و هەماهەنگی جیهانیی تاکە ڕێگەی عەقڵانی بەرەو پێشچوونە [٢٨].

ڕۆژنامەی گاردیانیش بە قەڵەمی نووسەرە دیبلۆماسییەکەی (باتریك وینتۆر) وتارێکی بڵاوکردۆتەوە، تیایدا ویڕای ئاماژەدان بەوەی کە ئایدیۆلۆژیا و یەکێتییەکانی وڵاتە ڕکابەرەکان و سەرکردە و سیستەمەکانی هەماهەنگیی کۆمەڵایەتی، دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ کاریگەری دانان لەسەر ڕایگشتی دەقۆزنەوە. باوەڕیشی وایە هەمووان لەم "گوندە جیهانییەدا" دەستیانکردووە بە دەرس و پەند وەرگرتن، لە فەڕەنسا ماکڕۆن جەختی لەوە کردەوە کە " ئەم ماوەیە زۆری فێر کردین" و، زۆرێکیش لە قەناعەت و بابەتە دڵنیاییەکان لەمەودوا لەبەین دەچن, زۆرێکیش لەو شتانەی لە ڕابردوودا پێمان وابوو مەحاڵن وا ئێستا ڕووەدەن. دوای ئەم پەتایەش هەرگیز وەکو پێشووی نابێت و مرۆڤایەتی لە داهاتوودا لەڕووی ئەخلاقیی و ئاکارییەوە بەهێزتر دەبێت بە پێی گوزارشتی نووسەری گاردیان، کە دواجار پێی وایە یەکێتی ئەوڕوپا ڕووبەڕووی ئەو مەترسییە دەبێتەوە کە زەرەرمەند دەربچێت لە شەڕی ڤایرۆسی کۆرۆنادا، خاتوو (نیکۆڵ گنیسوتۆ)ی جێگری سەرۆکی پەیمانگای (جاك دیلۆر)یش کە دامەزراوەیەکی فیکریی سەربەخۆیە و بارەگاکەی لە پاریسە، بە هەمان شێوە ئاماژەی بەوە داوە کە

(٢٧) https://www.aljazeera.net/news/cultureandart/٢٠٢٠/٤/١٧
(٢٨) https://www.aljazeera.net/news/cultureandart/٢٠٢٠/٤/٨/

یەکێتی ئەورووپا نائامادەباشی و دەستەپاچەیی و ترسنۆکی خۆی دەرخست، ئەمە سەرباری دوودڵبوونی بە شێوەیەکی ئاشکرا[٢٩].

بەڵام هینری کیسنجەری وەزیری پێشووتری ئەمریکا، ئامۆژگاری دەسەڵاتداران دەکات کە ئێستا خۆیان ئامادە بکەن بۆ گواستنەوە بۆ سیستەمێکی جیهانی پاش ڤایرۆسی کۆرۆنا. لە بارەی پێشبینی بۆ قۆناغی دوای کۆرۆنا، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (ئەنتۆنیۆ گۆتێریس) دەڵێت: پەیوەندی نێوان هێزە گەورەکان هیچکات بەم شێوەیە تێکچوو و خراپ نەبووە، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە پەتای "کوڤید ١٩ " بەشێوەیەکی زۆر ئەوەی سەلماند کە لەسەر جیهان پێویستە یان هاوکار و هەماهەنگ بێت یاخود ڤایرۆسەکە دەیبەزێنێت. بەڵام خاوەنی بیرۆکەی کۆتایی مێژوو نووسەر و بیریاری ئەمریکی (فرانسیس فۆکۆیاما) ڕای وایە کە هێڵی جیاکەرەوە لە بابەتی بەپیرەوەچوونی کارا بۆ قەیرانەکان ڕژێمە ئیستیبدادییەکان ناخاتە تایەکەوە و ڕژێمە دیموکراتییەکانیش بخاتە تایەکەی ترەوە، بەڵکو فاکتەری یەکلاکەرەوە لە ئەدا و جێبەجێکردندا جۆری سیستەم و ڕژێمەکە نییە بە قەدەر ئەوەی بریتییە لە توانای دەوڵەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتەکان و، لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە ڕادەی متمانەبوونە بە حکومەت[٣٠]. فۆکۆیاما قسە لە

> **هینری کیسنجەری وەزیری پێشووتری ئەمریکا، ئامۆژگاری دەسەڵاتداران دەکات کە ئێستا خۆیان ئامادە بکەن بۆ گواستنەوە بۆ سیستەمێکی جیهانی پاش ڤایرۆسی کۆرۆنا**

---

(٢٩) https://www.aljazeera.net/news/politics/٢٠٢٠/٤/١٢/

(٣٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

هەندێ لایەنی ئەرێنی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکات و دەڵێت ئەم قەیرانە شکستی هەندێ سەرکردەی پۆپۆلیستی و شەعبەوی دەرخست، لەوانەیە ببێتە هۆی شکستی دۆنالد ترەمپیش لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا، ئەو پێی وایە کۆرۆنا لایەنی دەرەوشاوەی هەیە، چونکە چەندین وڵاتی دیموکراتی لە حاڵەتی لەخۆڕازی بوون دەرکرد و، ئاتاجی زیاتریشی دەرخست بۆ گرنگیدان بە تەندروستی گشتی و وەبەرهێنانی زیاتر لە بواری خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکاندا، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە پەیوەندییەکی زۆر بەهێز هەیە لە نێوان سەرکردایەتی پۆپۆلیستی و خراپی بەڕێوەبردن سەبارەت بە پەتاوە، بەڵگەش بە دوو نموونەی سەرۆکی ئەمریکا و سەرۆکی بەڕازیل دێنێتەوە و دەڵێت "ئەوان شارەزا و پسپۆڕان پشتگوێ دەخەن و باوەڕیان وایە کە ئابووری بایەخی لە تەندروستی زیاترە و، سیاسەتگەلێکی زۆر وێرانکەریان بۆ وڵاتەکانیان جێبەجێ کردووە "، پێشی وایە ڤایرۆسەکە هەلێکی مەزنە بۆ گۆڕانکاریی لە ئەمریکا و جیهان بە گشتی، دەشڵێت هەمووان بۆ مانەوە پشت بە جیهانگیریی (عەولەمە) دەبەستن، بەڵام پێشبینی دەکات لەمەودوا زیاتر پێداگیری لەسەر پشت بەخۆ بەست و خود کەفایی بکرێت، گەرچی وڵاتانێکی کەم هەن دەتوانن خۆیان بژێنن[٣١].

"فۆکۆیاما قسە لە هەندێ لایەنی ئەرێنی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکات و دەڵێت ئەم قەیرانە شکستی هەندێ سەرکردەی پۆپۆلیستی و شەعبەوی دەرخست، لەوانەیە ببێتە هۆی شکستی دۆنالد ترەمپیش لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا"

(٣١) https://www.aljazeera.net/news/politics/٢٠٢٠/٥/٧

> هەندێکی تریش پێیان وایە ئەم قەیرانە جۆرێك لە ناسیۆنالیزمی نوێ و نەژادپەرستی بە دوای خۆیدا دێنێت، ئەمەش لە پێش کۆڕۆنا دەستی پێکرد ـ وەك لە پرسی ڕاستڕەوەکانی ئەوڕوپا و دژەکۆچبەریدا بینیمان ـ و پاش کۆڕۆناش خەستتر دەبێتەوە

نووسەری بەریتانی (دانیال فنکلشتاین) پێی وایە جیهانی سیاسەت دوای بڵاوبوونەوەی کۆڕۆنا هەرگیز وەکو پێشوو نابێت، هەروەك چۆن سیاسەت پاش ١١ی سێپتەمبەر/ ئەیلولی ٢٠٠١ وەکو پێش ئەو کاتە نەبوو[٣٢].

ئەگەرچی یەکێك لە هەرە کاریگەرییەکانی کۆڕۆنا پاشەکشەی کاریگەریی دەستوەردانی سەروەریی بوو بۆ سەر وڵاتان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەو کاریگەرییە ماوە و زلهێزانی دنیا لەسەر خاکی وڵاتانی تر و بە تایبەت وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست درێژە بە سیاسەتەکانی خۆیان دەدەن، ململانێی نوێی زلهێزان ئێستا لەسەر سەرکردایەتی کردنی جیهانە بە پلەی یەکەم لە نێوان چین و ئەمریکادا. چەند شارەزایەك لە وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیلدا (٢٠ دیبلۆماس و شارەزا بەشداریان تێدا کردووە) لە لێکۆڵینەوەیەکیان دەربارەی دۆخی جیهان دوای کۆڕۆنا، گەیشتوون بەو ئەنجامەی کە ڤایرۆسەکە کاریگەرییە تەندروستییەکانی لەسەر مرۆڤ تێدەپەڕێنێت و، بوومەلەرزەی

(٣٢) https://www.aljazeera.net/news/politics/٢٠٢٠/٣/٤/

سیاسی و ئابووری بەدوای خۆیدا دێنێت و، گورزێك دەدات لە بازرگانی جیهانیی و سەقامگیریی لە هەندێك لە وڵاتانی جیهان تێکدەدات وەك میسر و ئوردن و، پێشبینی سەرکەوتنی چین دەکەن لەسەر حیسابی ئەمریکا [٣٣]. هەندێکی تریش پێیان وایە ئەم قەیرانە جۆرێك لە ناسیۆنالیزمی نوێ و نەژادپەرستی بە دوای خۆیدا دێنێت، ئەمەش لە پێش کۆڕۆنا دەستی پێکرد ـ وەك لە پرسی ڕاستڕەوەکانی ئەوروپا و دژەکۆچبەریدا بینیمان ـ و پاش کۆڕۆناش خەستتر دەبێتەوە. بە گشتی جیهان پێش کۆڕۆناش لە وەرچەرخاندا بوو، بۆ نموونە جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا، خۆپێشاندان و شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی بۆ گۆڕانکاریی، سیاسەتی ترەمپ کە خۆی بەدەرکرد لە زۆر پابەندبوونی نێودەوڵەتی و وتی سەرەتا ئەمریکا، هەوڵەکانی هەردوو هەرێمی کوردستان و کەتەلۆنیا بۆ سەربەخۆیی، خۆپیشاندانەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ گۆڕانکاریی و باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵك، داواکردنی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق و گۆڕینی سیستەمی سیاسیی..بەڵام کۆڕۆنا دەتوانێت خێرایی بدات بەو وەرچەرخانە و گۆڕانی دیکەش بێنێتە ئاراوە.

بەڵام ئایا چەند ساڵمان پێویستە بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە دۆخی جاران؟ لە ڕاستیدا ئەم پەتایە ئاسەواری گەورەی دەبن و کاتێکی زۆری دەوێت کە مرۆڤایەتی بگەڕێتەوە دۆخی

> شارەزایانی بازرگانی پێشبینی دەکەن بەهۆی کۆڕۆناوە زیانە ئابووریەکان (١٦٠) ملیار دۆلار زیاتر بن، ئەمەش وادەکات زیانەکان قەبارەیان بە چوار هێندەی زیانەکانی ڤایرۆسی سارس لە (٢٠٠٣) بخەملێنرێن

(٣٣) https://aawsat.com/home/article/.

ئاسایی، ئەورۆپا پاش تاعوونی ڕەش یان مردنی ڕەش کە لە نێوان ساڵانی (١٣٤٧ و ١٣٥٢ز) هەموو ئەورۆپای گرتەوە و بووە هۆی کوشتنی سێیەکی دانیشتووانی کیشوەرەکە، (٢٠٠) ساڵی پێویست بوو تاکو گەیشتەوە دۆخی ئاسایی، بەڵام ئێستا بەهۆی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و زانستی سەردەم، ماوەیەکی کەمتری دەوێت بۆ ئاسایی بوونەوەی بارودۆخ لەسەر هەموو ئاستەکاندا، بەڵام زیانەکانی بێشومار دەبن، هەر بۆ نموونە لەسەر ئاستی ئابووری و بازرگانی، شارەزایانی بازرگانی پێشبینی دەکەن بەهۆی کۆرۆناوە زیانە ئابوورییەکان (١٦٠) ملیار دۆلار زیاتر بن، ئەمەش وادەکات زیانەکان قەبارەیان بە چوار هێندەی زیانەکانی ڤایرۆسی سارس لە (٢٠٠٣) بخەملێنرێن، چونکە زیانە ئابوورییەکان ئەو کات بە نزیکەی (٤٠) ملیار دۆلار مەزەندە کراوە. ئەمە وێڕای زیانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی تری.

تەوەری دووەم: کاریگەرییەکانی کۆرۆنا لەسەر کوردستان

ئایندەی سیاسەت و ململانێ لە هەرێمدا

بە حوکمی ئەوەی زۆربەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لەوانەش عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لە دۆخێکی خراپی هەژاری و قەیرانداون و لە ڕووی ئابوورییەوە توانایەکی

> قەیرانی کۆرۆنا بۆ ناوچەکە و هەرێمی کوردستانیش کێشە و گرفتی گەورە بەدوای خۆیدا دێنێت، بە تایبەت لە حاڵەتی وابەستەیی سیاسیی و ئابووریی هەرێم بە دەرەوە، کاریکەری قەیرانەکان لەسەری زیاتر دەردەکەوێت، یەکەمین دیاردەی دوای کۆرۆنا بلاوبوونەوەی زیاتری هەژاری و بێکارییە

ئەوتۆیان بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکان نییە و، دابەزینی نرخی نەوتیش زیانی گەورەی پێ گەیاندوون، وە ٩٠٪ ی داهاتی عێراق لە نەوتەوەیە، بۆیە قەیرانی کۆرۆنا بۆ ناوچەکە و هەرێمی کوردستانیش کێشە و گرفتی گەورە بەدوای خۆیدا دێنێت، بە تایبەت لە حاڵەتی وابەستەیی سیاسیی و ئابووریی هەرێم بە دەرەوە، کاریکەری قەیرانەکان لەسەری زیاتر دەردەکەوێت، یەکەمین دیاردەی دوای کۆرۆنا بلاۆبوونەوەی زیاتری هەژاری و بێکارییە، هەروەها ئەم ڤایرۆسە کاریگەری دەبێت لەسەر کەمبوونەوەی گەشت و گوزار و زیان بەو کەرتە دەگەیەنێت و کاریگەری لەسەر بودجە و داهات دەبێت، هەروەك لە دەرەنجامی زۆربوونی هەژاری و بێکاری، قەیرانی دارایی، چاوەڕوان دەکرێت برسی و بێ دەرەتانەکان زیاتر لە ڕابردوو بێنە بەرەی ناڕەزایەتییەکان دژ بە حکومەت و دەسەاڵت، تەنانەت زیادبوونی دزی و تاوانیش ئەگەرێکی بەهێزە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە خراپی دۆخی دارایی کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر کەرتی تەندروستی ئەگەر پشتیوانی دارایی نەکرێت و کەم و کوڕییەکانی نەهێڵرێن.

هەر چەندە بە پێی ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی پلاندانانی هەرێم، تا ساڵی (٢٠١٦) هەرێمی کوردستان (٧٦) نەخۆشخانە و (١٠٤٩) بنکەی تەندروستی هەبووە و (٧٤٠٦) پزیشکیشی هەبووە کە (١٩٩٥) یان پزیشکی پسپۆر بوون، ژمارەی قەرەوێڵەی خەواندنی نەخۆشەکانیش لە نەخۆشخانەکانی هەرێمدا (٨٠٢٣) قەرەوێڵە بووە لەو کاتەدا، لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسانی تەندروستی گەشبینی خۆیان بۆ ئایندەی کەرتی تەندروستی دەربڕیوە، وەزیری پێشووی تەندروستی (د.ڕێکەوت حەمە ڕەشید) ڕایگەیاندبوو کە ژمارەی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکانمان دەگاتە ستانداردی جیهانی و لە پێنج ساڵی داهاتووشدا پێویستمان بە دەرەوە نامێنێت بۆ چارەسەر[٣٤].

[٣٤] https://mohkrg.org/Default.aspx?page=Article&id=٨٠٨&l=٣.

بـەڵام وەزیـری ئێسـتای تەندروسـتی هـەرێم (د.سـامان بـەرزنجی) ڕایگەیانـدووە کـە: "توانای نەخۆشخانەکانی هەرێم سنووردارە و لە ژێر کۆنترۆڵە، بەڵام خوانەخواستە ئەگەر گەیشـتە حاڵـەتی زۆر زیـاتر ئـەوە هـەموو نەخۆشـخانە ئەهلییـەکانیش ئـەو نییەتـەیان پیشانداوە کە نەخۆشخانەکانیان کراوەیە، وە لە کاتی ئێستادا (١٨٠ – ٢٠٠) قەرەوێڵـەی چاودێری چڕ کە ئامێری هەناسەدانیان لەگەڵ لە سەرتاسـەری هەرێمـدا ئامـادەکراون بـۆ حاڵەتی کۆرۆنا، ئەوەش هەیە کە لە (٥٪ تا لە ٦٪) ی تووشبووانی کۆرۆنا پێویستیان بە ئامێری هەناسەدانی دەسکرد دەبێت" [٣٥].

پشـت بەسـتنی هەرێم بە دەرەوە لـە هێنـانی خـۆراك و دەرمـان و پشـت بەستنی بە بەغدا بـۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبـەر و مووچەخۆران (کـە ژمارەیـان ١٢٥٥٠٠٠ کەسـە بـە پێـی داتاکـانی حکومـەتی هـەرێم)، لەگـەڵ کـەمی بەرهـەمی

پشت بەستنی هەرێم بە دەرەوە لە هێنانی خۆراك و دەرمان و پشت بەستنی بە بەغدا بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەر و مووچەخۆران (کە ژمارەیان ١٢٥٥٠٠٠ کەسە بە پێی داتاکانی حکومەتی هەرێم)، لەگەڵ کەمی بەرهەمی ناوخۆیی، لە ئەگەری درێژەکێشانی قەیرانەکاندا، ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی تەندروستی لە هەرێم دەخەنە مەترسییەوە

(٣٥) https://www.dengiamerika.com/a/kurdistan/٥٣٥٦٦٥٣.html.

نـاوخۆیی، لـه ئەگـەری دریژەکێشـانی قەیرانەکانـدا، ئاسایشـی خـۆراك و ئاسایشـی تەندروستی لە هەرێم دەخەنە مەترسییەوە، ئەگەرچی هـەرێم سەرچاوەی داهـاتی تـری غەیرە نەوتی هەن، بەڵام بـەهۆی خـراپ بـەڕێوەبردن و گەنـدەڵی، نـەتوانراوە هـەرێم لـە بواری ئابووریدا لەسەر پێی خۆی بووەستێت، هـەروەها گـەنمێکی زۆر سـاڵانە لـە هـەرێم بەرهـەم دێـت، بـەڵام بـەهۆی کـەمی سـایلۆ و عەمبارنەکردنییـەوە ناتوانرێـت سـوودی لێوەربگیرێت. لە بواری کشتوکاڵیشدا، گەرچی هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی لـەبارە بـۆ کشتوکاڵ و ملیۆنان دۆنم زەوی بۆ ئەو مەبەستە دەکرێ سوودیان لێ وەربگیرێت، بـەڵام کەمتر سوود لەو بوارە وەرگیراوە و حکومەت پلانی بۆی نەبووە و بـۆ میـوە و سـەوزەش پشت بە دەرەوە بەستراوە، ئەمـە جگـە لـەوەی کـە کارگـە پیشەسـازییەکانیش کـەمن و ئەوانەی هەشبوون یـان نـەماون یـاخود کاریـان لاوازە و دەرفـەتی کـار بـۆ هێـزی کـاری ناوخۆیی کەمتر ڕەخساوە.

وێـڕای بـەردەوامبوونی هەڕەشـەی گروپـە چـەکدارییەکانی وەکـو داعـش و تەنانـەت حەشدی شەعبیش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بـە تایبـەت لـە حاڵەتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لـە عێـراق و کێشـە سـنوورییەکان لەگـەڵ وڵاتـانی دراوسـێ، بـەردەوامبوونی ململانـێ و ناکۆکییـە حیزبییـەکانیش ئەگـەرێکی بـەهێزە، ئەگەرچی قەیران و کارەساتەکان زۆرجار دەبنە مایەی یەکێتی گەل و هێزە سیاسییەکان و کاریگـەرییان دەبێـت لەسـەر تێپەڕانـدنی کێشـە و ململانێکـان، بەڵام وا دیارە هێـزە سیاسـییەکانی کوردستان پەندیان وەرنـەگرتووە و بـەردەوامن لـە ململانێکانیـان، هـەروەك شـەڕی داعـش و ناکۆکییـەکان لەگـەڵ بەغـدا دوای

“ئەگەرچی قەیران و کارەساتەکان زۆرجار دەبنە مایەی یەکێتی گەل و هێزە سیاسییەکان و کاریگەرییان دەبێت لەسەر تێپەڕاندنی کێشە و ململانێکان، بەڵام وا دیارە هێزە سیاسییەکانی کوردستان پەندیان وەرنەگرتووە و بەردەوامن لە ململانێکانیان”

ڕیفراندۆم و ڕووداوەکانی (١٦)ی ئۆکتۆبەر ناکۆکییەکانی نێوان دوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێم (پارتی و یەکێتی) کەمنەکردەوە، بەڵکو زیاتری کرد و، لە سەردەمی کۆڕۆناشدا ململانێ و ناکۆکییەکانیان گەیشتنە ئاستی تەقینەوە و پێکدادانی چەکداری وەک لە کێشەی (زینی وەرتێ) دا بینیمان، کە زەنگێکی مەترسیدار بوو بە ئاراستەی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و شەڕی کوردیی ـ کوردیی لە نێوان پارتی و یەکێتی و پەکەکەدا، هەروەها لە نموونەکانی تری ئەو ناکۆکییانە دەتوانین ئاماژە بە مەسەلەی دەستگیر کردنی ئەندام و کادیرانی یەکتر و کێشەی دەزگا هەواڵگرییەکان و کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بۆ سەندنەوەی پاڕێزبەندی لە پەرلەمانتار سۆران عومەر و، پاشان داواکردنی لامەرکەزییەتی کاگێڕی و دارایی لە سلێمانی و هەڕەشەی دوو ئیدارەیی و میرنشینی، تا دەگاتە شەڕی ڕاگەیاندن، بکەین، بەشێکی زۆری ئەو ناکۆکی و ململانێیانە هەوڵە لە پێناو مانەوە لە دەسەڵات و ئیدارەدانی هەرێم بە شێوەی ڕابردوو و بە حیزبی هێشتنەوەی دۆخەکە، کە ڕێگە بۆ ئەوانە خۆش دەکات خاوەن بەرژەوەندین لە بەرپرسان و خاوەن کۆمپانیاکان و تەنانەت زۆرێك لە میدیاکار و قەڵەم بەدەستانیش، دنەی بەردەوامی ناکۆکییەکان بدەن تاوەکو خۆیان بە سوودمەندی بمێننەوە ئەگەر لە سەر حیسابی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمیش بێت.

یەکێکی تر لە لێکەوتەکانی قەیرانی کۆڕۆنا لە ئەگەری درێژەکێشانی دۆخەکە و سەرهەڵدانەوەی پەتاکە، بە تایبەت ئەگەر قەیرانی داراییشی لەگەڵدا بێت، ئەوەیە کە لەوانەیە بە پاساوی ڕووبەڕووبوونەوەی هەرەشە و مەترسییەکان، هەندێ ڕێککاری توند بگیرێنە بەر بە زیانی خەڵك تەوا و ببن و، لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیش ببێتە هۆی دواکەوتنی هەڵبژاردنە گشتییەکان و کۆنگرە و هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان و، حیزبەکانیش هەوڵ بدەن لە دەسەڵاتدا بمێننەوە و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتیش لەنێو سەرکردایەتییەکاندا لاواز ببێت و سەرکردەکان هەوڵی مانەوە بدەن لە پێگە و پۆستەکانیاندا، ئەمەش ناڕەزایەتی و ناکۆکی ناوخۆیی لەنێویاندا زیاتر دەکات.

پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق بەسەرۆکایەتی (مستەفا کازمی) دەرفەتێکی باش دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵی و سوود لێوەرگرتنی لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و باشتر کردنی دۆخی ژیان و گوزەرانیان، ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە باشی مامەڵەی لەگەڵ بکات بە دیراسەت و پلانی تۆکمەوە، بەڵام ئەو دابەشبوون و ململانێیەی نێوان لایەنەکان و بەتایبەت لە نێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) ئاماژەی دڵخۆشکەر نین، بۆیە یەکێك لە کاریگەرییەکانی کۆڕۆنا فشاری جەماوەری دەبێت بۆ گۆڕینی عەقڵیەتی حوکمڕانی و ئەوڵەویەتی دەسەڵات لە هەرێمدا، بە گرنگیدان بە ژیان و تەندروستی خەڵك و دام و دەزگا تەندروستی و خزمەتگوزارییەکان لەسەر حیسابی گرنگیدان بە بوارەکانی تری سەربازی و حیزبی و تۆخکردنەوەی ململانێکانی نێوان لایەنەکان. ناکرێ وڵات پێش بکەوێت و دەوڵەتی دامەزراوەکان و خزمەتگوزاری پێکبێت بە عەقڵییەتی سیاسی و حیزبی پێشوو و بڕیاردان لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە.

ئەم پەتایە ئەوەی سەلماند کە کاری مەیدانی و ڕاشکاو و هاریکاری و هەماهەنگی نێوان خەڵك و حکومەت و لایەنەکان و چین و توێژەکان بە گشتی زۆر گرنگە و گرەنتی سەرکەوتنە و، پاش کۆڕۆنا پشت کردنە ئەم لایەنە و فەرامۆشکردنی، بە زیان نەك تەنها بەسەر خەڵکدا دەشکێتەوە، بەڵکو دەسەڵاتیش لە پێشەوەی زیانمەندەکانی دەبێت.

تەوەری سێیەم: رەوتی ئیسلامیی دوای کۆڕۆنا

ئەوە ی لە لێدوان و نووسین و شرۆڤەی سەرکردەکان و فەیلەسوف و بیریاران بینیمان و خوێندمانەوە و گوێمان لێبوو، ئەوەیە کە ئایندەی جیهان لە دوای کۆڕۆنا وەکو پێش کۆڕۆنا نابێت، هەر لە هینری کیسنجەرەوە تا سەرکردە و بیریارانی تری خۆرئاوا و

> ڕەوتی ئیسلامیی ژمارەیەکی کاریگەرە لە
> زۆربەی کۆمەڵگاکان و بەشێکە لە
> پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و مەدەنی و
> سیاسیش، ناتوانرێت نادیدە بگیرێت، بەڵام
> ڕەوتی ئیسلامیی ڕووبەڕووی کێشەگەلێك
> بۆتەوە، دەرەکی و ناوەکی

خۆرهەڵاتیش، کەوابوو پێشبینییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە جیهان بەم شێوازەی ئێستای و، بە مەودا و قەڵەمڕەوی دەسەڵات و نفووز و، بنەماکانی گەمەی ئێستای پاش تەواو بوونی قەیرانی کۆڕۆنا، نامێنێتەوە و گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام گۆڕانەکە چۆن دەبێت و لەبەرژەوەندی کێ دەبێت، یاخود کێ جڵەوی سەرکردایەتی جیهان بەدەستەوە دەگرێت؟ کەس ناتوانێت دیاری بکات، چونکە دیمەنەکە ئاڵۆزە و فاکتەرە کاریگەرەکانیش تێکچڕژاو و جۆراوجۆرن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی دەخوێنینەوە لە کۆی دیمەنەکە ئەوەیە کە گۆڕانکاریی گەورە ڕوودەدەن، سیاسیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، جوگرافی، بەڕێژەی جیاواز بە پێی دەوڵەت و ناوچە و هەرێمەکان. لە نێو ئەم گۆڕانکارییانەدا ئایا ڕەوتی ئیسلامیی لە جیهان و بە تایبەت لە کوردستان پاش کۆڕۆنا لە چ دۆخێکدا دەبێت؟

سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێین ڕەوتی ئیسلامیی ژمارەیەکی کاریگەرە لە زۆربەی کۆمەڵگاکان و بەشێکە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و مەدەنی و سیاسیش، ناتوانرێت نادیدە بگیرێت، بەڵام ڕەوتی ئیسلامیی ڕووبەڕووی کێشەگەلێك بۆتەوە، دەرەکی و ناوەکی، لە ناوچەی عەرەبیش گەرچی لەسەرەتاوە ڕۆڵی دیاری هەبوو بە تایبەت لە

شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیدا، بەڵام نەیتوانی دەسکەوتی گەورە بەدەست بێنێت، بەڵکو زۆریشی لەدەستدا و بە تۆندی لێی درا و، دواتر لە هەندێ شوێن لە گەمەی سیاسیی و سەربازیی جەمسەرەکانەوە ئاڵێنرا، گەرچی هەندێ ناوچە لەمە بەدەر بوون، ڕەوت و بزاڤی ئیسلامیی قەیرانی کارایی بوونی هەیە، واتە نەیتوانیوە خۆی لەگەڵ واقیع بگونجێنێت و، پلانی جێگرەوە و بەدیلی هەبێت و، پڕۆژە و ستراتیژی نوێ و هاوتەریب لەگەڵ قۆناغەکان پێشکەش بکات و خۆی بسەلمێنێت، سەرباری ئەو بەربەست و ڕێگرییانەی لەبەردەم پڕۆژەکەیدا بوون، کە خۆی لە ویست یان بڕیارێکی نێودەوڵەتی و هەرێمییدا دەبینێتەوە.

لە کوردستانیشدا، سەرباری کێشە و قەیرانەکان و ناکۆکییەکانی نێو لایەن و باڵەکانی، وەلێ ڕەوتی ئیسلامیی ڕۆڵی بەرچاوی لە هەموو بوارەکاندا هەیە، ئەڵبەت ڕەوتی ئیسلامیی گشتگیرە و چەندین گروپ و کۆمەڵ و تەوژم لەخۆ دەگرێت، بەڵام لێرەدا زیاتر مەبەست قسەکردنە لەسەر ڕەوتی سیاسیی ئیسلامیی و ئەو لایەنانەی کاری سیاسیی ئاشکرا دەکەن و لە پڕۆسەی سیاسیی هەرێمدا بەشدارن، ئەوانیش بریتین لە هەرسێ لایەنی (یەکگرتووی ئیسلامیی و کۆمەڵی ئیسلامیی و بزووتنەوەی ئیسلامیی).

> ڕەوت و بزاڤی ئیسلامیی قەیرانی کارایی بوونی هەیە، واتە نەیتوانیوە خۆی لەگەڵ واقیع بگونجێنێت و، پلانی جێگرەوە و بەدیلی هەبێت و، پڕۆژە و ستراتیژی نوێ و هاوتەریب لەگەڵ قۆناغەکان پێشکەش بکات و خۆی بسەلمێنێت

لە ساڵی (١٩٩٢) کە (لیستی ئیسلامیی) بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان پێکهات، کە جگە لە بزووتنەوەی ئیسلامیی کەسایەتی و باڵەکانی تری ڕەوتی

ئیسلامییش – که تا ئەو کات خۆیان لە چوارچێوەی حیزبدا رێکنەخستبوو – بەشدار بوون تیایدا، لیستەکە توانی رێژەی (٥,٥٪)ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت و ببێتە هێزی سێیەم دوای پارتی و یەکێتی، بەڵام هیچ کورسییەکی پەرلەمانی بەدەست نەهێنا، چونکە بە پێی یاسای هەڵبژاردن ئەو کات بۆ هەر لیستێك بۆ ئەوەی بچێتە پەرلەمان رێژەی (٧٪) دانرابوو، ئەمەش بووە بەربەست لەبەردەم بزووتنەوەی ئیسلامیی و لیستەکەدا کە بچێتە پەرلەمان و، دواتر یەکێتی و پارتی (٥٠ – ٥٠) لە نێوان خۆیان کورسییەکانیان دابەشکرد.

دوای ئەو هەڵبژاردنە ئیسلامییەکان نەیانتوانیوە پێکەوە لیستێکی هاوبەش پێك بێنن و ڕکابەری لایەنەکانی تری پێ بکەن، بۆیە تا ئێستا رێژەی دەنگ و کورسییەکانی هەرسێ لایەنە ئیسلامییەکە لە پەرلەمانی کوردستان لە نێوان (١٢٪ بۆ ١٧٪) بووە و، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش ژمارەی کورسییەکانیان لە نێوان (٤ بۆ ٧) کورسی بووە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥) بۆ پەرلەمانی عێراق کۆمەڵی ئیسلامییش لە گەڵ یەکێتی و پارتی و لایەنەکانی تر لە چوارچێوەی لیستێکی هاوبەشدا (٧٣٠) بەشداری کرد، لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥) بۆ پەرلەمانی کوردستان یەکگرتووی ئیسلامیی لەگەڵ یەکێتی و پارتی و لایەنەکانی تر لە (لیستی نیشتیمانی دیموکراتی کوردستان) بەشداریان کرد و، کۆمەڵی ئیسلامیش بە جیاو سەربەخۆ بەشداری کرد، یەکگرتوو و کۆمەڵ هەردووکیان لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٩)دا بۆ پەرلەمانی کوردستان

> “ئیسلامییەکان لە ڕووی دەنگ و کۆرسییەوە پاشەکشەیان کردووە، ئەم پاشەکشەیەش چەند هۆکارێکی هەیە، لەوانە جگە لە هۆکاری دەرەکی، لاواز بوونی لایەنی مەبدەئی، فشاری دوو حیزبی دەسەڵاتداری بەرێم و هێرشی میدیایی بۆ سەریان”

لـه ژێـر نـاوی (لیسـتی خزمـەتگوزاری و چاکسـازیی) بـه هاوبەشـی لەگـەڵ حیزبـی سۆسیالیسـت دیمـوکراتی کوردسـتان و حیزبـی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان چـوونە نێـو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، لەئەنجامی هەڵبژاردنەکەشدا (٢٤٠٨٤٢) دەنگیان بەدەسـت هێنـا کـەدەیکردە زیـاتر لـه (٥,١٢٪) دەنگـەکان و (١٤) کورسـییان مسـۆگەر کـرد، لـەدوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لیستەکە لەبەریەك هەڵوەشا و هەرسێ لایەنەکە جگـە لە حیزبـی سۆسیالیسـت کـە بەشـداری لـە حکومـەتی هەرێمـدا کـرد بوونـە ئۆپۆزسـیۆن، بزووتنەوەی ئیسلامیش بـە لیسـتی سـەربەخۆ بەشـداری هەڵبـژاردنی کـرد و دوو کورسـی بەدەستهێنا.

لەهەڵبژاردنی ساڵی (٢٠١٣) بۆ خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردسـتان، هـەر یەکـە لـە یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزووتنەوە بە جیا بەشداریان تێدا کرد و، یەکگرتوو (١٠) کورسـی و کۆمەڵ (٦) کورسی و بزووتنەوە (١) کورسییان بە دەستهێنا. بەڵام بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٨)، هەر یەکە لـە یـەکگرتووی ئیسـلامیی و بزووتنەوەی ئیسلامیی بە لیسـتێکی هاوبـەش لـە ژێـر نـاوی (بـەرەو ئیسـلاح) و کۆمـەڵی ئیسلامییش بە جیا بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کـرد، لیسـتی بـەرەو ئیسـلاح (٥) کۆرسـی بەدەستهێنا کە هیچ کاندیدێکی بزووتنەوەی تێدا سەرنەکەوت و لیستەکەش لە پەرلـەمان ناوی گۆڕا بۆ (یەکگرتووی ئیسلامیی)، کۆمەڵی ئیسلامییش (٧) کورسی بەدەستهێنا.

وەك دەبینین ئیسلامییەکان لە ڕووی دەنگ و کۆرسییەوە پاشەکشەیان کردووە، ئـەم پاشەکشەیەش چەند هۆکـارێکی هەیـە، لەوانـە جگـە لـە هۆکـاری دەرەکـی، لاواز بـوونی لایەنی مەبدەئی، فشاری دوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێم و هێرشی میدیایی بۆ سـەریان، هێندێ جاریش بەکارهێنانیان بۆ ئەجێندای دەرەکی یان ناوەکی و بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز لە نێوان ئەو دوو حیزبەدا، ونەبوونی پلان و هەڵوێستی سیاسی و ستراتیژی پێویست لـە ئاسـتی قۆناغەکـە، لاوازی زۆرێـك لـە سـەرکردایەتییەکان، ئەنجامنـەدانی گۆڕانکـاریی

پێویست و خۆنوێنەکردنەوە، کێشەی ناوخۆیی و جیابوونەوە و وازهێنانی سەرکردە و کادیرە چالاك و بەتواناکان لە ئەنجامی قۆرخکاریی و ناشەفاف لە پەیوەندییەکان و دارایی و ڕێگەنەدان بە هاتنەپێشەوە و سوود وەرگرتن لە خوێنی تازە و ئەزموونی نوێ، کۆنەبوونەوە لە دەوری یەکتری و نەبوونی پلان بۆ یەککگرتن یان یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی، نەبوونی توانایەکی دارایی و میدیایی بەهێز،

> هۆکارێکی تر نەبوونی متمانەی جەماوەرە بەوەی ئەگەر دەنگ بە ئیسلامییەکان بدەن دەتوانن گۆڕانکاریی بکەن لە کاتێکا حیزبە گەورەکان هەژموونیان بەسەر دام و دەزگا و گشت جومگەکاندا هەیە

> لە سێ بوار یان دەرفەتەوە، بزاڤی ئیسلامیی لە دوای کۆڕۆنا دەتوانێ هەنگاو بنێت

هۆکارێکی تر نەبوونی متمانەی جەماوەرە بەوەی ئەگەر دەنگ بە ئیسلامییەکان بدەن دەتوانن گۆڕانکاریی بکەن لە کاتێکا حیزبە گەورەکان هەژموونیان بەسەر دام و دەزگا و گشت جومگەکاندا هەیە. ئەمانە و لەوانەیە هۆکاری تریش هەبن، بەڵام ئەمانە سەرەکیترینیانن، لەوانەیە هۆکارەکانیش لە لایەنێکەوە بۆ لایەنێکی تر جیاوازیان هەبێت و چوون یەك نەبن.

بێگومان ئەو گۆڕانکارییانەی کۆڕۆنا بەدوای خۆیدا دەیانهێنێت، دەرفەت بە رەوت و بزاڤی ئیسلامیی دەدەن جارێکی تر خۆی نوێ بکاتەوە و بێتەوە مەیدان، ئەمەش بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی واقیعی نوێ و بەپێی ڕووبەر و دەرفەتی گۆڕانکارییەکان و، پێشکەشکردنی پڕۆژەی خۆی بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی پێش کۆڕۆنا.

لە سێ بوار یان دەرفەتەوە، بزاڤی ئیسلامیی لە دوای کۆڕۆنا دەتوانێ هەنگاو بنێت:

یەکەم: لە ئەگەری گۆڕنکاریی و ئاڵ و گۆڕ لە ناوەندەکانی بڕیار و زلهێزانی جیهان، کە زەمینەی لەبار دەڕەخسێنێت بۆ کارەکتەری نوێ، لە نێویشیاندا بزاڤی ئیسلامیی دەتوانێ یەکێك لە یاریکارانی بێت، ئەگەر بە شێوەیەکی تر پەیوەندییەکانی خۆی ڕێك بخاتەوە و دەرچەی نوێ بۆ پەیوەندی لەگەڵ ناوەندەکانی هێزە نوێکاندا بدۆزێتەوە، ئەمە بە گشتی و بۆ هەرێمی کوردستانیش هەر دروستە.

> جیهانی ئێستای سەردەمی تەکنەلۆژیا و ئامێرەکانی گەیاندن و پەیوەندیکردن و وەرگرتن، نەخاسمە پاش کۆڕۆنا و، مرۆڤەکەشی، جیان لە هی هەشتا و نەوەدەکان

دووەم: پێشکەشکردنی پڕۆژەی نیشتیمانی کە لەخۆگری پلانی پێشکەوتن و گەشەپێدان و خوشگوزەرانی بێت لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگای کوردستان و، پەیوەندی خۆی دابڕێژێتەوە و ڕێك بخاتەوە لەگەڵ دەوڵەت و سیستەمی سیاسی و، لەگەڵ هێزە سیاسییە کاریگەرەکان و کۆمەڵگا بە گشتی، بە گۆڕینی گوتار و شێواز و میکانیزمە تەقلیدییەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تاك و کۆمەڵ و لەگەڵ ئەویتردا، جیهانی ئێستای سەردەمی تەکنەلۆژیا و ئامێرەکانی گەیاندن و پەیوەندیکردن و

وەرگرتن، نەخاسمە پاش کۆڕۆنا و، مرۆڤەکەشی، جیان لە هی هەشتا و نەوەدەکان، بۆیە بە گوتاری نوێی قەناعەتپێکەر و پلان و ستراتیژییەتی واقیعی و پڕۆژەی نیشتیمانی کە هێزی لە ناسنامەی گەل و مێژوو و ژیارەکەی وەرگرتبێت، گرەوەکەی دەباتەوە، واتە بەخۆ ڕزگارکردن لە گۆشەگیری و تەنها نوێنەرایەتیکردنی چین و توێژێکی دیاریکراو، بەڵکو وەک رەوتێکی گشتی و بەرەیەکی نیشتیمانی دەربکەوێت کە هەمووان لەخۆ بگرێت و لەگەڵ لایەنە خەمخۆرەکان خەمی خۆشگوزەرانی و عەدالەت و چاکسازیی و دادی کۆمەڵایەتی هەڵبگرێت و دژی ستەم و ناعەدالەتی و گەندەڵی بووەستێتەوە.

سێیەم: سوود وەرگرتن لەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەی لە سەرەتای ئەم سەدەیە هاتۆتە ئاراوە، وە دوای کۆڕۆناش زیاتر خۆی نمایان دەکات، کە هاوکاتە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان و دەرکەوتنی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ گەیاندنی بیرو بۆچوون و پڕۆژە و زانیاریی کان بە کۆمەڵگا و کارلێک لەگەڵ وەرگری پەیامەکان بە شێوەیەکی سەردەمییانە. بەگشتی دەبێ بزاڤی ئیسلامیی دەسپێشخەری هەبێت و میکانیزمە نوێکان دەکار بێنێت و پلان و پڕۆژەی تازەی هەبێت لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕانکارییەکانی دوای کۆڕۆنا و خوێندنەوەی نەخشەی نوێی جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆییدا، ئەمەش پێویستی بە بەخۆداچوونەیەکی هەمەلایەنە و چاککردنی لایەنە نەرێنییەکان و خۆبینینەوە هەیە لە بەرەیەکی یەکگرتوودا، خۆ ئەگەر بە هەمان عەقڵییەت و لۆژیک و هەمان ستراتیژی میکانیزمە کۆنەکان

“بەگشتی دەبێ بزاڤی ئیسلامیی دەسپێشخەری هەبێت و میکانیزمە نوێکان دەکار بێنێت و پلان و پڕۆژەی تازەی هەبێت لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕانکارییەکانی دوای کۆڕۆنا و خوێندنەوەی نەخشەی نوێی جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆییدا”

هەنگاو بنێت، تووشی شکستی تریش دەبێت لە هەموو ئاستەکاندا. بێگومان لایەنی ئایینی و ڕۆحی لە کاتی قەیران و کارەساتە گەردوونییەکاندا کە ژیانی خەڵکی دەخەنە بەر مەترسییەوە، زێتر گرنگییەکەی دەرەکەوێت، چونکە مرۆڤەکان زیاتر پەنا بۆ ئاین دەبەن، بۆیە لەم قەیرانی کۆرۆنایەدا ئاین پێش سیستەمەکانی تر دەکەوێتەوە، بە تایبەت سیستەمە مادددی و وەزعی و دژە دینەکانی وەکو سیکۆلاریی بێباوەڕ و ئیلحادیی، بۆیە ڕەوتی ئیسلامیی دەتوانێت ئەم لایەنە بقۆزێتەوە و کاری بە پلانی لەبەرژەوەندی خۆی و بانگەواز و ستراتیژییەتەکانی لەسەر بکات.

ئەنجام:

قەیرانی کۆرۆنا دوای شەڕی دووەمی جیهان مەترسیدارترین قەیرانە کە ڕووبەڕووی جیهان بۆتەوە، بە گشتی کۆرۆناش دیاردەیەکە مرۆڤایەتی پێدا گوزەر دەکات، کوردستانیش لەم نێوەدا بەشی خۆی پریشکی بەر دەکەوێت، جگە لە خودا کەس نازانێت ئایندە چیتری لەخۆ گرتووە بۆ مرۆڤایەتی، ئایا ئەم ڤایرۆسە بەردەوام دەبێت، یان بەشێوەیەکی تر دەردەکەوێتەوە؟ یاخود ڕووبەڕووی پەتا و کارەساتی دیکەی عالەمگیر دەبینەوە، ڕاستە ئەمە یەکەمجار نییە مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی کارەسات و پەتای جیهانگیر ببێتەوە، بەڵام پەتای کۆرۆنا لەوانی تر زیاتر ترسی دروست کردووە، لەوانەیە سۆشیال میدیا و زوو بڵاوبوونەوەی هەواڵەکان و وەرگرتنی زانیارییەکان لە هۆکارە سەرەکییەکان بێت، بەڵێ ئێستا ترسێکی ڕاستەقینە هەیە لەسەر ئایندەمان، ئەزموونەکانی ڕابردوو و قەیرانەکان و مامەڵەی زلهێزان پێمان دەڵێت دەبێ قەیرانەکان بە کەم نەگرین و لەبەرامبەر هەڕەشە جیددییەکان مشووری خۆمان بخۆین.

ئەم ڤایرۆسە قەبارەی فشۆڵی ئەو دۆخە سروشتییەی دەرخست کە هەندێك خەونی پێوە دەبینن کە بگەڕێنەوە بۆی پاش ئەوەی پێکوتە و ڤاکسین و چارەسەرێك بۆ

ڤایرۆســـەکە دەدۆزرێتـــەوە، کـــە دەڵێین جیهانی پاش کۆرۆنا وەکـو پێشـــی خـــۆی نابێـــت، ئـــەوە ناگەیەنێت کە هەر ڕاستەوخۆ دوای کۆرۆنـا دەگوازینـەوە بـۆ جیهانێـک هیچ پەیوەندی نابێت بەو جیهانەی پێشتر تیایدا ژیاوین، نەخێر، بەڵکو مەبەست بیرکردنەوەیـە لـەو بنـەما و پێوەرانـــەی دنیـــای ئاینـــدەمان لەسەری دەڕوات و ئەو گۆڕانەی کـە زوو یان درەنگ ڕووەدات و، مرۆڤی ژیر ئەوەیە هەست بە مەترسی و گۆڕانەکان بکـات و خۆی بۆ ئامادە بکات. بەڵێ بڵاوبوونـەوەی کۆرۆنـا ڕووداوێکـە کاریگـەری مێـژوویی دەبێـت لـە گۆڕانکـاریی و داڕشـتنەوەی نەخشـەی جیهـان، تەنانـەت هەنـدێك بـە ڕووداوی ڕووخانی دیواری بەرلینیان چواند. کۆرۆنـا گرنگـی و بایـەخی یـەکگرتوویی و تـەبایی و هاوکـاری و کـاری پێکـەوەیی

> ئێستا ترسێکی ڕاستەقینە هەیە لەسەر ئایندەمان، ئەزموونەکانی ڕابردوو و قەیرانەکان و مامەڵەی زلهێزان پێمان دەڵێت دەبێ قەیرانەکان بە کەم نەگرین و لەبەرامبەر هەڕەشە جیددییەکان مشووری خۆمان بخۆین

> بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا ڕووداوێکە کاریگەری مێژوویی دەبێت لە گۆڕانکاریی و داڕشتنەوەی نەخشەی جیهان، تەنانەت هەندێك بە ڕووداوی ڕووخانی دیواری بەرلینیان چواند

هەمووانی دەرخست بۆ سەرکەوتن بەسەر قەیران و کارەساتەکاندا، بەڵام وا دیارە هێزە سیاسییەکانی کوردستان پەندیان لە ڕووداوەکان وەرنەگرتووە، بۆیە گەرچی میللەت تەبا و هاوکار بوو، بەڵام ئەوان لە گەرمەی قەیرانەکە و لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسەکەدا بەردەوام بوون لە ناکۆکی و ململانێکانیان.

“وا دیارە هێزە سیاسییەکانی کوردستان پەندیان لە ڕووداوەکان وەرنەگرتووە، بۆیە گەرچی میللەت تەبا و هاوکار بوو، بەڵام ئەوان لە گەرمەی قەیرانەکە و لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسەکەدا بەردەوام بوون لە ناکۆکی و ململانێکانیان”

کۆڕۆنا ئەوەشی دەرخست

“هەرێمی کوردستان کە قەوارەیەکی سەربەخۆ نییە و هەرێمێکە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، ئەگەر پلانی نەبێت و خۆی بۆ قۆناغی داهاتوو ئامادە نەکات لەوانەیە ڕووبەڕووی دۆخێکی خراپ و دژوار ببێتەوە”

کە لەمەودوا کەرتی تەندروستیش لە پاڵ هێزی سەربازی و ئابووری و تەکنەلۆژیادا ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ململانێ جیهانییەکاندا و، لە دەستەبەر کردنی سەلامەتی و ئاسایشی ناوخۆییدا.

هەرێمی کوردستان کە قەوارەیەکی سەربەخۆ نییە و

هەرێمێکە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، ئەگەر پلانی نەبێت و خۆی بۆ قۆناغی داهاتوو ئامادە نەکات لەوانەیە ڕووبەڕووی دۆخێکی خراپ و دژوار ببێتەوە، بۆیە قۆناغەکە، ئەوە دەخوازێت هەرێمی کوردستان لەسەر چەند ئاستێك کار بکات:

لەسەر ئاستی سیاسیی، ئابووریی، تەندروستی: هەر دەسەڵاتێك پلانی نەبێت بۆ بارودۆخەکان بە پلانی کورتخایەن و مامناوەندی و درێژخایەن، شایستە بەبەرپرسیارێتی و بەڕێوەبردن نییە و تووشی ئاڵنگاری جیددی دەبێت، بۆیە هەرێمی کوردستان دەبێ پلانی پتەوی دیراسەتکراوی هەبێت بۆ دەستەبەرکردنی ئیحتیاتی ستراتیژی لە داودەرمان و خۆراك و سووتەمەنی و بژێوی خەڵکی کوردستان، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتا و ڤایرۆسی لەم شێوەیە و هەر کارەساتێکی لە ناکاو کە یەخەمان دەگرێت لە داهاتوودا. بەردەوامی ململانێکان و کێشەکان لەگەڵ بەغدا و لاوازی سیستەمی تەندروستی و وابەستەیی ئابووریی، دەتوانن ببنە هەڕەشەی جیددی لەسەر هەرێمی کوردستان، بۆیە کۆتایی هێنان بە ناکۆکییە سیاسییەکان و بە نیشتیمانیکردنی هێزە چەکدارەکان و بوونی پلان بۆ گەشەپێدانی کەرتی تەندروستی و بە خەمەوەبوونی ژیان و گوزەرانی خەڵك بە زیادکردنی داهاتی ناوخۆ و بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و وەرگرتنەوەی گەنمی جوتیاران و هەڵگرتنی لە سایلۆکاندا و زیادکردنیشیان.. دەبنە ئەولەویەتی حکومەت و هێزە باڵادەستەکانی هەرێم لەم قۆناغەدا.

> بەردەوامی ململانێکان و کێشەکان لەگەڵ بەغدا و لاوازی سیستەمی تەندروستی و وابەستەیی ئابووریی، دەتوانن ببنە هەڕەشەی جیددی لەسەر هەرێمی

لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و دەروونی:

سەقامگیریی شتێکی ڕێژەییە و کۆڕۆنا پێی گوتین نابێ تەسلیم بە گوتەزای سەقامگیریی بین، چونکە قەیران کایەی زەقی ڕۆژگارە و، قەیرانی تری داهاتووش دیار نییە، بەڵام هەرێم خۆی لە بنەڕەتدا بە چەند قەیرانێکەوە دەرگیرە و پێویستە دڵنیایی بدات بە هاوڵاتییانی و نەوەی ئێستا و داهاتووش ئامادە بکات لە ڕووی دەروونییەوە خۆیان لەگەڵ قەیران و پێشهاتی خێرا و لەناکاو ڕابهێنن، واتە لە حاڵەتی ترس و بیم بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی دیکە و ئاڵنگارییان ببات، لەگەڵ ئەوەشدا نابێ تووشی بێهیوایی ببن و گەشبینی ئایندە دەسازێنێت.

لەسەر ئاستی هزریی و زانستیی و ڕۆشنبیریی: مامەڵە کردن لەگەڵ قەیران و پێشهاتەکان جیا لەو مامەڵەیەی پێشوو، بە تایبەت لەو کەش و هەوایەی ململانێی حیزبی و دابەشبوونی نووسەر و ڕۆشنبیران و قەڵەم بەدەستان بەسەر پارتەکان، بەڵکو پێویستە نەوەی نوێی زانستخوازان و ڕۆشنبیر و بیریار و میدیاکاران، ناوەندە زانستی و توێژینەوەییەکان بە میتۆدێکی نوێ و داهێنەرانە مامەڵە بکەن و، چارەسەر بۆ کێشە و ئاریشە و قەیرانەکان پێشکەش بکەن و بەرچاو ڕوونی بدەن بە لایەنی بەرپرسیار و دەسەڵاتدار.

ئەمە لەسەر ئاستی گشتی، بۆ ڕەوتی ئیسلامیی کوردستانیش دەرفەتێکی باش دوای کۆڕۆنا دێتە پێشەوە، ئەگەر بتوانێت بە خوێندنەوەی دروست بۆ دۆخەکە و بەخۆداچوونەوە و پلانی سەرکەوتوو، لە بەرژەوەندی خۆی تەوزیفی بکات.

پەتای کۆرۆنا بەخشینە یاخود سزا؟



عەلی ئیبراهیم حەسەن

دەرچووی پەیمانگای پزیشکی هەولێر ٢٠٠١، دەرچووی بەشی کارگێڕی کار لە زانکۆی جیهان، شارەزا لە کارگێڕی و ئابووری، ئەزمونی ٢٠ ساڵ لە کارگێڕی دامەزراوەکان، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی (ژیان)ی تەندروستی بۆ ماوەی ٨ ساڵ، خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری (ژینی نوێ)ی تەندروستی، چەندین بابەت و توێژینەوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی چالاك لە بواری کۆمەڵگای مەدەنیدا بڵاو کردۆتەوە، ئێستا بەڕێوەبەری جێبەجێکارە لە نەخۆشخانەی پاکی.

کێشــه و گرفــت و قــەیران وێستگەیەکە بۆ دەرخستنی ماهییــەت و نــاوەڕۆکی هــەر دەزگــا و دامەزراوەیــەک تــا بزاندرێت تاچەند تۆکمەیــە و دەتوانێت چەسپاو بێت.

بــــــــــــەڕێوەبردنی مەترسیەکان (قەیران)ەکان پێویســتە بکرێتــە بابــەتێکی گرنگ و بخرێتە چوارچێوەی ســەرجەم کایــەکانی ژیــان (پــەروەردە، تەندروســتی، ئایینی، ئابووری....تاد).

> **پەتای کۆرۆنا و قەیرانی ئابووری بۆ کوردستان و عێراق باشترین خەلآتی خواییە تا بەرپرسانی ولآت لە غەفلەت و بێ ئاگایی هۆشیار ببنەوە و نەخشە ڕێگایەک دابنێن بۆ سوود وەرگرتن لە (نەوت) بۆ دروستکردنی ژێرخانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و ئاودێری و گەشتیاری و کەرتی لۆجستیک و ڕێگاوبان و بانک و ....تاد.**

لە ولآتی ژاپۆن بە ڕێنمایی حکومــەت دەبێت کارمەند مانگانــە بەڕێژەی ٢٠٪ تــاوەکو ٤٠٪ لــە دەسکەوت و مووچــەی مانگانــە پاشــکەوت بکــات وە شــێوازی جۆراوجــۆری بــۆ دیاریکراوە تا چۆن بتوانێت بــە پــارەی پاشــکەوتکراو ســەرمایەگوزاری بکــات لــە کــڕینی پشک لە کۆمپانیاکان و بواری تری وەبەرهێنانی سەرمایە.

شتێکی زۆر ئەرێنی و سوودبەخشە بۆ ولآتانی بەرهەمهێنی نەوت کە لــە مــاوەی کــورت خایــەن نرخــی نــەوت بــە ڕێــژەی بەرچــاو دادەبــەزێت تــاوەکو سیاســەتمەدار و بیرمەنــد و شارەزایان کە خاوەن بڕیارن لە حکومەت و پەرلەمان و دەزگاکانی توێژینەوە و میدیا کار بکەن لە سەر فرەچەشنی داهات و خۆیان لە نەگبــەتی پشــت بەســتن بــە یــەک سەرچــاوە (نەوت) قوتار بکەن.

> **کۆڕۆنا فێری کردین دەبێت پەرلەمان کەسانی شارەزا و لێهاتوو کاری تیا بکەن و خەریکی دارشتنی پڕۆژە یاسابن بۆ کاراکردنی کەرتی تایبەت و دۆزینەوەی دەرفەتی کار و پڕۆژەی بیمەی تەندروستی و کۆمەلایەتی و دروستکردنی هاوسەنگی بۆ دابەشکردنی داهات بەیەکسانی بەسەر هاوڵاتیان.**

پەتای کۆرۆنا و قەیرانی ئابووری بۆ کوردستان و عێراق باشترین خەلاتی خواییە تا بەرپرسانی ولات لە غەفلەت و بێ ئاگایی هۆشیار ببنەوە و نەخشە ڕێگایەک دابنێن بۆ سوود وەرگرتن لە (نەوت) بۆ دروستکردنی ژێرخانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و ئاودێری و گەشتیاری و کەرتی لۆجستیك و ڕێگاوبان و بانك و ....تاد.

کۆرۆنا سوودبەخشە بۆ خێزان تاوەکو فێری ئابووری خێزانمان بکات و بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ داهات و خەرجی خێزان دەکرێت؟!

کۆرۆنا باشترین مامۆستا بوو بۆ کۆمپانیاکان تا بیر لە چەمکی بەڕێوەبردنی قەیران بکەنەوە و بایەخ بە یەدەگ بدەن تا هیچ نەبێت بتوانن بۆ (٣) مانگ مووچەی کارمەندان دابین بکەن.

کۆرۆنا باشترین وانەی فێری حکومەت کرد کە دەبێت وەزارەتی پلاندانان پلانی (٥) ساڵە و (١٠) ساڵە و پلانی جێگرەوەی بۆ (نەوت) هەبێت.

کۆرۆنا فێری کردین دەبێت پەرلەمان کەسانی شارەزا و لێهاتوو کاری تیا بکەن و خەریکی دارشتنی پڕۆژە یاسابن بۆ کاراکردنی کەرتی تایبەت و دۆزینەوەی دەرفەتی کار

و پرۆژەی بیمەی تەندروستی و کۆمەلایەتی و دروستکردنی هاوسەنگی بۆ دابەشکردنی داهات بەیەکسانی بەسەر هاوڵاتیان.

کۆڕۆنا فێری کردین زوو فێر بین و خۆمان پێبگەیەنین و ژێرخان دروست بکەین و سیستەمی خۆبژێوی لە وڵات هەبێت دەنا هەموو دەم سوالکەری بەردەم دەرگای وڵاتان دەبین.

کاریگەری ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر پابەندییە گرێبەستییەکان

پارێزەر ئاودێر بابایی
لە ساڵی ١٩٩٣ لە دایك بووە، دەرچووی کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەددینە و لە ئێستادا سەرقاڵی کاری پارێزەرییە لە شاری هەولێر و خاوەنی چەندین ووتار و سمیناره لە بواری یاساییدا.

دوای بڵاوبوونەوەی کتوپڕ و لەناکاوی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ١٩،جیهان خۆی لەبەردەم قۆناغێکی نوێ و هەستیاردا بینییەوە کە پێشتر بە هیچ شێوەیەك پێیدا تێنەپەڕیوە و زۆرینەی بۆچوونەکانیش بەو ئاراستەیەدا دەڕۆن کەئەم پەتایە جیهان دابەش دەکات بەسەر دوو زەمەندا، زەمەنی پێش کۆرۆنا و زەمەنی دوای کۆرۆنا، هەر ئەمەش وای کردووە دامەزراوە و حکومەتەکانی جیهان جۆرەها ڕێوشوێنی توند و تۆڵ و ئاڵۆزی تەندروستی بگرنەبەر لە پێناو ڕووبەڕوو بوونەوەو کەمکردنەوەی زیانەکانی، بێگومان ئەم ڕێوشوێنانەش بوونەتە هۆکاری تێکچوونی کاروباری دەوڵەت و گرفتی یاسایی قوڵ، لە کاتی ئێستادا کۆمەڵێ بابەت و پرسیاری یاسایی هەنوکەیی دروست

بوون كه هەتا له نێوان ياساناسان و پارێزەرانيش وەلأمێكى تەواو و كۆنكرێتى نين بۆيان له هەردوو بارى مەدەنى و تاوانيدا....

دەركەوتنى ڤايرۆسى كۆرۆنا بارودۆخێكى ياسايى نوێيە كە بێ شك و گومان گرفتى بۆ جێبەجێكردنى زۆرێك له پابەندييە گرێبەستييەكان (الالتزامات التعاقدية) دروستكردووە له هەموو ئاستەكاندا, بۆيە ئەوەى لێرەدا پێم خۆشە زياتر فۆكسى بخەمە سەر ئەوەيە ئايا چارەنووسى ئەو گرێبەستانە چيە كە پێشتر بەستراون بەلأم بەهۆى ڤايرۆسى كۆرۆناوە لايەنەكان نەيانتوانيوە پابەندييەكانى سەرشانى خۆيان جێبەجێ بكەن؟

رێگاى چارەسەركردنى ئەم گرفتە ياساييە كە ڤايرۆسى كۆرۆنا سەپاندوويەتى پشت دەبەستێت بە بيردۆزى (قوە قاهرە) كە بە تێڕوانين له پێناسەو مەرج و كاريگەرييەكانى بەپێى ياساى عێراقى بۆمان دەردەكەوێت كە چۆن ڤايرۆسى كۆرۆنا رێگرێكى ياساييە له جێبەجێ كردنى ملێۆنان گرێبەست, وە هەروەها پاراستنى ملێۆنان كەس كە ئێستا لەمەترسيدان لەبەر ئەوەى نەيانتوانيوە پابەندييە گرێبەستييەكانى سەرشانى خۆيان جێبەجێ بكەن بەهۆى ئەو بارودۆخە تالّەى كە ئێستا تێيداين و جيهان پێوەى گرفتارە.

> چۆن ڤايرۆسى كۆرۆنا رێگرێكى ياساييە له جێبەجێ كردنى ملێۆنان گرێبەست, وە هەروەها پاراستنى ملێۆنان كەس كە ئێستا لەمەترسيدان لەبەر ئەوەى نەيانتوانيوە پابەندييە گرێبەستييەكانى سەرشانى خۆيان جێبەجێ بكەن بەهۆى ئەو بارودۆخە تالّەى كە ئێستا تێيداين و جيهان پێوەى گرفتارە.

یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠)ی ساڵی(١٩٥١) لە ماددە (١٤٦) برگەی (١) دەڵێت:(اذا نفذ العقد كان لازماً ولا يجوز لاحد العاقدين الرجوع عنه ولا تعديله الا بمقتضى نص في القانون او بالتراضي) "ئەگەر گرێبەستێك ئەنجامدرا و لازم بوو، ئەوا بۆ هیچ یەك لە لایەنەکانی گرێبەست نییە لێی پەشیمان ببنەوە یاخود بیگۆڕن تەنها بە پێی دەقێك نەبێت لە یاسادا، یاخود بە ڕەزامەندی هەردوولا ", بە تێڕوانین لەم ماددەیە بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ یەکێك لە لایەنەکانی گرێبەست بۆیان نییە پابەندبیە گرێبەستییەکانی سەرشانی خۆیان جێبەجێ نەکەن تەنها بە پێی یاسا یاخود ڕەزامەندی هەردوو لایەن نەبێت، بەڵام لە ماددەی(١٦٨) ی هەمان یاسا ئاماژە بەوە دەکات کە:(اذا استحال على الملتزم بالعقد ان ينفذ الالتزام عيناً حكم عليه بالتعويض لعدم الوفاء بالتزامه مالم يثبت استحالة التنفيذ قد نشأت عن سبب اجنبي لايد له فيه، كذلك يكون الحكم اذا تاخر الملتزم في تنفيذ التزامه) "ئەگەر خۆپابەندکەر نەیتوانی پابەندبییەکانی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکات حوکمی قەرەبووکردنەوەی بەسەردا دەدرێت، ئەگەر نەتوانرا بسەلمێنرێت کە جێبەجێ کردنی لەبەر هۆکارێکی دەرەکی کە دەستی ئەوی تێدا نەبووە مەحاڵ بووە، وە هەمان حوکمی هەیە ئەگەر خۆپابەندکەر دواکەوت لە جێبەجێ کردنی ئەرکی سەرشانی"، لێرەدا یاسا باسی (هۆکاری دەرەکی) کردووە وە بە پێی ماددەی (٢١١) لە هەمان یاسا (قوة قاهرة) بە یەکێك لە هۆکارە دەرەکییەکان هەژمار دەکرێت، پرسیارە جەوهەرییەکە ئەوەیە ئایا دەتوانین بڵێین قایرۆسی کۆرۆنا (قوة قاهرة) یە یاخود نا؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت بزانین پێناسەی (قوة

> مەرجەکانی (قوة قاهرة) سیانن
> یەکەم: هۆکارێکی دەرەکی بێت،
> دووەم: پێشبینی نەکراو بێت،
> سێیەم:نەتوانرێت پێشی پێبگیردرێت،
> وە دەبینین کە قایرۆسی کۆرۆنا
> هەڵگری هەمان ئەو مەرجانەیە

قاهرة)چیەو مەرجەکانی چین؟

هەموو یاساناسان کۆکن لەسەر ئەوەی قوة قاهرة (Force Majeure) لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لە: "هەر هۆکارێك یا ڕووداوێکی دەرەکی کەپێشبینی نەکراو بێت و نەتوانرێت پێشی پێبگیرێت "

هەروەها لە سایەیدا نەتوانرێت ئەو پابەندییە گرێبەستییانە جێبەجێ بکرێت کە پێش ڕوودانی بەستراون. لەم پێناسەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مەرجەکانی (قوة قاهرة) سیانن یەکەم: هۆکارێکی دەرەکی بێت، دووەم: پێشبینی نەکراو بێت، سێیەم:نەتوانرێت پێشی پێبگیردرێت، وە دەبینین کە ڤایرۆسی کۆرۆنا هەڵگری هەمان ئەو مەرجانەیە بەوەی کە پەتایەکی پێشبینی نەکراوەو هۆکارێکی دەرەکییە و دەستی

لایەنەکانی گرێبەستشی تێدانییە و نەتوانراوە پێشی پێبگیرێت، کەواتە دەتوانین بڵێین ڤایرۆسی کۆرۆنا (قوە قاهیرە) ئینجا دەبینین یاسادانەر لە ماددەی (٢٢٥)ی یاسای شارستانیدا دەڵێت: ((ينقضي الالتزام اذا اثبت المدين ان الوفاء به اصبح مستحيلاً لسبب اجنبي لا يد له فيه)) "پابەندییەکان هەڵدەوەشێنەوە ئەگەر هات و قەرزار سەلماندی جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانی ئەستەم بووە لەبەر هۆکارێکی دەرەکی کە دەستی ئەوی تێدانەبووە", بەمەش گرنگترین کاریگەرییە یاساییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ڕووی پابەندییە گرێبەستییەکانەوە ئەوەیە کە بە پێی بیردۆزی (قوة قاهرة) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت بە گوێرەی سروشت و جۆری هەر گرێبەستێ، سەرباری ئەمەش یاسادانەری عێراقی لە یاسای شارستانی ماددە(١٤٦) بڕگە (٢) چارەسەرێکی تری تاڕادەیەك گونجاوی بۆ ئەم بابەتە داناوە لە ڕووی پابەندی لایەنەکانی گرێبەست بەتایبەت لە گرێبەستە بەردەوامەکان(العقود المتسمرة)، دەقی ماددەکە دەڵێت:((اذا طرأت حوادث استثنائية عامة لم يكن في الوسع توقعها وترتب على حدوثها ان تنفيذ الالتزام التعاقدي, وان لم يصبح مستحيلاً صار مرهقاً للمدين بحيث يهدد بخسارة فادحة جاز للمحكمة بعد

الموازنة بين مصلحة الطرفين ان تنقص الالتزام المرهق الى الحد المعقول ان اقتضت العدالة ذلك ويقع باطلا كل اتفاق على خلاف ذلك)), بەپێی دەقی ئەم ماددەیەی سەرەوە هەر لایەنێك لەلایەنەکانی گرێبەستی بەردەوام بەهۆی قایرۆسی کۆرۆناوە ئەستەم بوو پابەندییەکانی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکات بەبێ لێکەوتنەوەی زیان، ئەوا دەتوانێ داوا لە لایەنەکەی تر بکات بۆ کەمکردنەوەی پابەندییەکانی، وە ئەگەر لایەنەکەی تر ڕازی نەبوو بەمە، ئەوا دەتوانرێت لە دادگای بەرایی داوا بەرزبکرێتەوە، ئەوکات دادگاش سەیری بەرژەوەندی و توانای داواکار دەکات بۆ جێبەجێکردنی پابەندییەکانی سەرشانی، وە بەپێی هاوسەنگی و بەرژەوەندی لایەنەکانی گرێبەست بریار ئەدات بە کەمکردنەوەو دابەزاندنی پابەندییەکان بۆ ڕادەیەکی گونجاو و شیاو.

“هەر لایەنێك لەلایەنەکانی گرێبەستی بەردەوام بەهۆی قایرۆسی کۆرۆناوە ئەستەم بوو پابەندییەکانی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکات بەبێ لێکەوتنەوەی زیان، ئەوا دەتوانێ داوا لە لایەنەکەی تر بکات بۆ کەمکردنەوەی پابەندییەکانی، وە ئەگەر لایەنەکەی تر ڕازی نەبوو بەمە، ئەوا دەتوانرێت لە دادگای بەرایی داوا بەرزبکرێتەوە”

ڤایرۆسی کۆرۆنا و بیرهێنانەوەی چەند ڕاستییەك

م. یاسین عەبدوڵڵا وەرتی

لەدایك بووی ١٩٧٩، ماستەر لە فیقهی ئیسلامی، الجامعة العراقیة/ بغداد.

لە کات و وەختی هاتنە ئارای پەتایەکی گشتگیری وەك کۆرۆنادا چەند ڕاستییەك هەن پێویستە تیشکیان بخرێتە سەر کە دەکرێ ببنە هۆی بەرچاوڕۆشنی زیاتر بۆ ئەوانەی گرفتی پێکەوە گونجاندنی ڕێکارە تەندروستییەکانیان هەیە لەگەڵ دەق و بنەما ئاینییەکاندا.

> یەکێك لە ئامانجە گرنگ و سەرەکییەکانی شەریعەتی ئیسلام بریتییە لە پاراستنی گیانی مرۆڤ لە نەخۆشی و لەناوچوون

١- پاراستنی ژیانی مرۆڤ لە ئامانجە سەرەکییەکانی شەریعەتە: یەکێك لە ئامانجە گرنگ و سەرەکییەکانی شەریعەتی ئیسلام بریتییە لە پاراستنی گیانی مرۆڤ لە نەخۆشی و لەناوچوون، ئەوەش بە سەرنجدان لە دەقەکانی قورئان و سوننەت و فیقهی ئیسلامی سەلمێنراوە . خوای مەزن مرۆڤی بە جێنشینی خۆی لەسەر

زەوی داناوە (وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً) رێزی لێناوەو بەسەر دروستکراوەکانی تردا بەرزی کردۆتەوە (وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا) هەرچی لە ئاسمان و زەوی دا هەیە ژێربارێ کردووە بۆ خزمەتی مرۆڤ (أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً) . بۆ پاراستنی ژیانی مرۆڤ، کوشتن و خۆکوشتن و هەموو جۆرە دەستدرێژیەکی بۆ سەر مرۆڤ حەرام کردووە (وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ) (وَلَا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا) . کوشتنەوە (قصاص)ی داناوە بۆ هەرکەسێك کەسێکی تر بکوژێ بەبێ تاوان (وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) . هەروەها بۆ پاراستن و مانەوەی مرۆڤ چارەسەرکردن و دەرمانی بەپێویست داناوە وەك لە فەرموودەی پێغەمبەری خوادا (درودی خوای لەسەر بێت) هاتووە. لەمانەوە هەمووی بۆمان دەردەکەوێ ژیانی مرۆڤەکان چەندە بەنرخە لە ئیسلامدا، بۆیە هەر شتێك ببێتە مەترسی بۆسەر ئەو ژیانە دەبێ دژایەتی بکرێ و بەرپەرچی بدرێتەوەو ڕێ و شوێنی پێویست بۆ نەهێشتنی بگیرێتە بەر، جا ئەگەر ئەو مەترسییە ڤایرۆسێك دروستی بکات یان هەر شتێکی تر. گرنگیدان بەپارێزگاری لە گیان و ژیانی مرۆڤ گەیشتۆتە ئاستێك تەنانەت حەرامی بۆ حەڵاڵ کراوە لەکاتی ناچاریدا، وەك خواردنی گۆشتی بەراز و مردار لەو کاتەی هیچ خواردنێکی تر دەست ناکەوێت و مەترسی مردن دێتە پێشەوە (إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ ۖ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ) . تەنانەت ئەو کاتەی هەڕەشەی حەقیقی کوشتن دێتە ئاراوەو لەژێر فشاردا وشەی کوفر بەسەر زماندا دێت خوای میهرەبان چاوپۆشی لێ کردووە (مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ وَلَٰكِنْ مَنْ شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِنَ اللَّهِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ). ئەو سوورىبوونەی ئیسلام لەسەر پاراستنی ژیان و گیانی مرۆڤ پێمان دەڵێ جەنگ لەگەڵ نەخۆشی و ڤایرۆسێکی وەك کۆرۆنا کە هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکات واجبێکی هەمەلایەنەی تاك و کۆمەڵ و

دەوڵەتە، هەر ڕێکارێکیش پێویست بێت لەو پێناوەدا دروستە بگیرێتە بەر بە ڕاگرتنی جومعەو جەماعەت و ئەرکە ئاینییەکانی تریشەوە، تا ئەو کاتەی پێویست بێت و مەترسی حەقیقی هەبێت.

٢- لە ئیسلامدا شارەزایی و پسپۆری لە کاروباری دین و دنیادا ڕێزلێگیراوەو پێویستە بۆی بگەڕێینەوە، وەک چۆن قورئان بۆ شارەزابوون لە ئاینەکانی پێشوو دەفەرموێ: (فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ) واتە: پرسیار لە خەڵکی شارەزا بکەن ئەگەر نازانن، بۆ کاروباری دنیاش دەفەرموێ: (وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَىٰ أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ) واتە: ئەگەر فرمانەکەیان گێڕابایەوە لای پێغەمبەرو لای ئەوانەی فەرمانیان بەدەستە ئەوانەی شارەزان دەیان زانی کە نهێنی و مەبەستەکانی لێ هەڵبگۆزن . لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا (درودی خوای لێ بێت) هاتووە کە بە هاوەڵانی فەرمووە ئەوانەی خەریکی باغداری و کشتوکاڵ بوون: ئێوە شارەزاترن لە کاروباری دنیاتان. لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی لە هەڵسەنگاندنی مەترسی کۆڕۆنا و دیاری کردنی ڕێگاچارەو ڕێکارە پێویستەکانی بەگژداچوونەوەیدا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ قسەو ڕاوێژی پسپۆڕانی تەندروستی و پزیشکان، ئەوان بڕیار بدەن چی پێویستە بکرێ، چارەسەرەکانی ئەوان بگیرێتەبەر، بۆ وەها دۆخێک نە لیژنەی فەتوا و نە دام و دەزگاکانی تری حکومەت پسپۆڕ نین، چارەسەرە مێژوویییەکانیش بۆ ئەمڕۆ چارەسەر نین، بەوانەشەوە کە لە فەرموودەو گێڕانەوەکاندا هاتوون، پێویست ناکات خۆمان ببەستینەوە بەوەی لەکاتی خۆیدا کە تاعون و پەتاکانی تر هاتوون چیکراوە و چۆن چارەسەر کراوە، چارەسەری ئەوکات بۆ ئەوکات باش بووە، بۆ ئێستا دەبێ پسپۆڕانی تەندروستی ئەم سەردەمە بڕیاری لەسەر بدەن .

٣- خاڵێکی تری گرنگ کە لەو پێشهاتانەی دواییدا پێویست بوونی خۆی سەلماند، بریتییە لە زەرورەتی لەیەک تێگەیشتن و هەماهەنگی نێوان دام و دەزگاکانی حکومەت (لەوانەش دامودەزگا تەندروستییەکان) لەگەڵ مەرجەعی فەتوا لە کوردستاندا.

هەماهەنگی و هاوکاری ئەو دووانە مەرجی سەرکەوتنی هەردووکیانە لەهەر بڕیارو هەنگاوێکدا کە ڕەهەندی ئاینی و کۆمەڵایەتی هەبێت. لەکۆمەڵگای موسڵمانی کوردستاندا گەر بمانەوێت بڕیارەکانی حکومەت بە دڵێکی ڕازیەوە وەربگیرێن پێویستە گونجاوبن لەگەڵ ڕێنماییە ئاینییەکان و پاڵپشتی مەرجەعیەتی فەتوایان هەبێت، بێگومان فەتوا و ڕێنماییە ئاینییەکانیش بەبێ پشتگیری حکومەت وەك پێویست بەڕێوە ناچن. لە بەڕێوەچوونی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە کۆرۆنا ئەوەمان بەڕوونی بینی، ئەو کاتەی حکومەت و زانایانی ئاینی یەکدەنگ دەبن خەڵکیش پابەندترن بە ڕێکارەکانەوە، کاتێکیش درز دەکەوێتە نێوان ئەو دوو دامەزراوەیە پابەندی خەڵك لاواز دەبێت و خەڵکی گومان لە ڕێکارو ڕێنماییەکانی حکومەت دەکەن و هەوڵی خۆدزینەوەش دەدەن لێیان. بەهیوای ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا بەیەکجاری لە مەترسی ئەو نەخۆشیە ڕزگارمان بێت.

> ئەو کاتەی حکومەت و زانایانی ئاینی یەکدەنگ دەبن خەڵکیش پابەندترن بە ڕێکارەکانەوە، کاتێکیش درز دەکەوێتە نێوان ئەو دوو دامەزراوەیە پابەندی خەڵك لاواز دەبێت

کۆڕۆنا چی فێرکردین؟

ئیمان عادل مەحمود
ساڵی ١٩٩٩ لە شاری کەرکوك لەدایك بووە، خوێندکاری بەشی پەرستاریی لە زانکۆی سلێمانی، خاوەن چەندین توێژینەوە و بڵاوکراوەیە، لە ئێستادا ئەندامە لە گروپی نیلا بۆ بڵاو کردنەوەی هۆشیاری گشتی لەنێو گەنجان.

سەردەمی کۆڕۆنا, سەردەمی ماڵەوە, دوورەپەرێزی و خۆپارێزی، توێژینەوە و لێکۆڵینەوە چڕەکانی سەرانسەری جیهان، هەوڵەکانی دۆزینەوەی چارەسەر، سەردەمێکی تەواو جیاواز، زۆرمان بیست (کۆڕۆنا چییە؟ کاریگەری لەسەر لەش و بەرگری لەش چییە؟ ئامارەکانی جیهان و ڕێژەی توشبووان و، ڕێژەی مردن و چاولەڕێی دۆزینەوەی چارەسەر،...هتد).

(وعَسَي أَن تَكْرَهُواْ شَيْئًا وَهُو خَيْرٌ لَّكُمْ).

لەگەڵ ئەوەی ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی ناوبراو بۆ زیاتر لە ٨ ملیۆن کەس و, ژمارەی مردووانیش بۆ نزیکەی ٤٥٠ هەزار کەس بەرز بووەتەوە، بە پێی ئاماری زانکۆی جۆنز هۆبکینز تا ڕۆژی ١٥/ ٦/ ٢٠٢٠.

بێگومان کۆڕۆناش بەدەر نییە لەوەی کە لەگەڵ خۆیدا زۆر لایەنی ئەرێنی بۆ جیهان هێنا لە بواره جیاجیاکانی ژیاندا.

یەکەم سوودمەند لەم دۆخە (گۆی زەوی)یە, وەک دەوترێت زەوی لە باری پشوودان و چاکبوونەوەیەن.

– بەهۆی داخران و وەستانی کارگە پیشەسازییە گەورە و بچووکەکانی وڵاتانی ئەوروپی و هەروا (چین) و جیهان بەگشتی، قەدەغەکردنی هاتووچۆ و نەمانی شەقامە قەرەباڵغەکان و کەمبوونی هاتووچۆ بە تەواوی جۆرەکانی هۆکاری گواستنەوە، ئەمانەو چەندانی تر دەبوونە هۆی پیسبوونی کەش و هەوا و ژینگە، بەهۆی زیادبوونی ڕێژەی گازە ژەهراوی و زیانبەخشەکان لەوانە دوانۆکسیدی کاربۆن کە هۆکارن بۆ گلدانەوەی گەرمی و تیشکی خۆری زیانبەخش و لە کۆتاییدا زەوی هەنگاوی نابوو بۆ گەرم بوونی جیهانی. ئێستا زەوی لە باری چاکبوونەوە و پشوودانداید، هاوکات لە سەرچاوەی CAMS کۆپەرنیکۆس بۆ ڕوانینی بەرگەهەوای زەوی ئاماژە بە داخرانی گەورەترین کونی ئۆزۆن بەڕووبەری یەک ملیۆن کیلۆمەتر دووجا. چینی ئۆزۆن کە ١١ میل سەروو چینی ستراتۆسفیرەوەیە، چینی

“
لە کۆتاییدا زەوی هەنگاوی نابوو بۆ گەرم بوونی جیهانی ئێستا زەوی لە باری چاکبوونەوە و پشوودانداید
”

پارێزەری زەوی لە تیشکە سەروو وەنەوشەییە زیانبەخشەکانی هاتوو لە خۆرەوە، کە هۆکارە بۆ توشبوون بە شێرپەنجەی پێست و سووتانی پێست و چەندان نەخۆشی تر کە مەترسییە بۆسەر تەواوی مرۆڤایەتی و ژیانکردن. ئەم چینە پێکاتووە لە گازی O_3بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی CO_2 لە بەرگەهەوای زەویدا، کارلێك لەگەڵ چینی ئۆزۆن دەکات و دەبێتە هۆی هەڵوەشان و تێکشکانی چینی ئۆزۆن.

بە پێی بڵاوکراوەیەکی CNN زانایان تێیدا ئەوە دەخەنە ڕوو کە زەوی بەجارێك پاکبۆتەوە بەتایبەت لە ناوچە پیشەسازییەکان. بەتایبەت لە وڵاتی چین کەمبوونی گازی دوانۆکسیدی کاربۆن بە ڕێژەی سەد ملیون تەن کە یەکسانە بەو ڕێژەیەی ساڵانە دەردەدرایە بەرگەهەوای ناوچەکە. هەروا کەمبوونی بەرچاوی گەشتە ئاسمانییەکان بەڕێژەی ٢٪ کاریگەری هەیە لە سەر پاکبوونەوەی کەش و هەوای زەوی.

–بەهۆی نەمان یان کەمبوونەوەی ئەو ژاوە ژاو و جەنجاڵی و هاتووچۆ بە هەموو جۆرەکانی گواستنەوە، ئێستا جوڵەی پلێتە تەکتۆنییەکان کەمتر بووەتەوە و بە جوولەیەکی کەمتر دەجوڵێن. زانای ناسراو (تۆماس لوکۆك)ی بەلجیکی لە بواری جیۆلۆجی و زانستی بومەلەرزە، لە لێکۆڵینەوەیەکیدا ئەوە دەخاتە ڕوو جوڵەی پلێتە تەکتۆنییەکان لە ناوچەی بڕۆکسیل بە ڕێژەی ٣٠٪–٥٠٪ لە ناوەڕاستی مانگی مارسی ئەمساڵدا, هاوکات بە کاتی پابەندبوونی بەلجیکا بە ڕێنماییەکانی تەندروستی و خۆ کەرەنتین کردن. وە شایانی باسە کە زانایانی بواری جیۆلۆجی و بومەلەرزە ئێستا باشتر لە جاران دەتوانن جوڵەی پلێتە تەکتۆنییەکان بپێون و پێوەرەکانیان وردتر دیاری بکەن.

–یەکڕیزی و هەماهەنگی نێوان ڕێکخراوە گەورە و بچوکەکانی وڵاتان و جیهان بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم دۆخە.

–بەکارخستنی لەپێشینەی ئابووری جیهان بۆ بواری تەندروستی و لێکۆڵینەوە زانستییەکان، فەراهەمکردنی بودجەی زیاتر و تایبەت بۆ بواری تەندروستی و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بەجۆرێك کەرتی تەندروستی دووبارە بووژایەوە.

–کەمبوونی ڕێژەی تاوان و دەستدرێژی و توندڕەوییەکان لە جیهان بە گشتی بەتایبەت لە وڵاتی بەریتانیا.

–ڕەچاوکردن و کارابوونی سیستمی ئەلیکترۆنی و گرنگیدانی زیاتر بەبواری تۆڕەکان و بەکارهێنانیان سوود لێوەرگرتینان لە بوارەکانی ژیاندا، بەتایبەت سیستمی ئەلیکترۆنی بۆ خوێندن کە وا دەکات فێرکار و فێرخواز بە شێوەیەکی خێراتر بڕەو بە خوێندن و بەڕەو پێشچوونی خۆیان بدەن.

–کۆتا و گرنگترین باس، بەهیوام خوێنەری هێژا تا ئێرە لە بەردەوامی خوێندنەوەدا بن و وەڕەس نەبووبن، ئەو بەشەی خۆم چاوەڕوانی نووسینەوەی بووم، لە یەکێك لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانی تایبەت بە خۆم ڕاپرسییەکم لە نێو هاوڕێکانمدا ئەنجامدا، (کۆڕۆنا چی فێرکردیت؟ چی پێ بەخشیت ؟ چی لێ سەندیتەوە؟) لێرەدا سێ گاریگەرترین پەیامی ئەوانتان پێشکەش دەکەم :

یەکەم: کۆڕۆنا هات و وتی من تۆ ئەبەخشمەوە بە ماڵەوە، جوان ڕەفتار و گوفتارکردنت لە ماڵەوە گەورەترین دەرخەری سوپاسگوزاریتە

> کۆڕۆنا هات و فێری کردم دوای لەدەست دانی ئازادی و ناچار بوونم بە ئازادییەکی سنوردار لە چوارچێوەی ماڵێکدا، هێشتا لەزەتێکی هەیە ئەگەر من لێی بزانم کە چی دەکەم.. کۆڕۆنا هاوڕێ گیانەکەی من, کات وپلان و هیوا و گریان و کەوتن و دەستپێکردنەوە و زەردەخەنەی دڵ و چرۆی ڕۆحی بۆ نوێ کردمەوە

لای خودا له بوونی نیعمەتی مالّ و خێزان, لەو کاتەی کە هەموان خۆیانت لێدەپارێزن، لەو کاتەی هەموو یاسا هاوار دەکات کەس لە کەس نزیك نەبێتەوە، (مالّەوە و خێزان گەورەترین چەکی تەنهاییم بوون...).

کۆڕۆنا هات و وتی من چەندێك بچووکم هەموو گەورەکانی دوونیام ترساندووە، ئایا شایەن بەوە نیم قەدر و حیکمەت لە بوونم وەربگیرێت!. کۆڕۆنا هات و پێی وتم، گەر خۆت خۆت نەپارێزی، ئەوە من زامنی پارێزراویت ناکەم, چونکە خالقی من خالقی تۆشە, منی هێنایە بوون, بەڵام بە تۆی فەرموو (پاك و خاوێنی) ڕابگرن. واتە دووبارە بۆی سەلماندم کە ئیلاهی دەردی بۆ هێناین دەرمانیشمان بۆ ئەهێنێ..

کۆڕۆنا هات و فێری کردم دوای لەدەست دانی ئازادی و ناچار بوونم بە ئازادییەکی سنوردار لە چوارچێوەی مالّێکدا، هێشتا لەزەتێکی هەیە ئەگەر من لێی بزانم کە چی دەکەم.. کۆڕۆنا هاوڕێ گیانەکەی من, کات وپلان و هیوا و گریان و کەوتن و دەستپێکردنەوە و زەردەخەنەی دڵ و چرۆی ڕۆحی بۆ نوێ کردمەوە، سەرباری بێتاقەتیم بۆ ئەوانەی بە هۆی هاوڕێکەی منەوە مردن... بەڵام زۆر زیاتر حیکمەت بوو تا ئەوەی بڵێین غەزەب.

> زانست و ئیش و کار و مەشغەڵەتی دونیا هەموو شتێکت پێ نابەخشێت، ئینسان پێویستی بە چەشتنی چێژی ئیمان و بینینی جوانییەکانی سروشت و دونیایە، لەکاتی کەرەنتینەیا درکم بەوە کرد مرۆڤ پێویستی بە تێکەڵبوون و کۆمەڵایەتی بوونە نەك گۆشەگیربوون و بێدەنگ بوون

دووەم: دوو شتی زۆر بە ڕوونی فێرکردم:

١ – گەر ویستی ئەنجامدانت هەبێت خودا کاتی زۆرت پێدەدا، گەر ویست و ئیرادەشت نەبێت بەهەموو کاتی دوونیا بە کارێك ناگەیت.

٢ – ئەوەی ئینسان چەندێك ژیانی خۆشدەوێت، ئامادەیە تا دوا ڕادەی توانا بەرگری لێ بکات، وە گەر وایکرد ئەوا چاکەی بۆ دەنووسرێت چونکە دیاری خودایە. هیچ شتێکی دیاری کراوم لە دەست نەدا تەنها ئەوەی هەندێك کارم کە لە پشووەکەدا ئەنجاممدان نەمدەتوانی لە دەرەوە ئەنجامیان بدەم. لە ڕووی داراییەوە بۆ خێزانەکەمان هەندێ شت تێکچوو بەڵام لە کۆتاییدا: الحمدلله علی کل حال.

سێیەم: ئەمەوێ چەند شتێك بڵێم کە پێشتر درکم پێ نەکردبوو، ئەزموونم نەکردبوو، نەمچەشتبوو، درکم بەوە کرد ئەبێت زیاتر عیبادەتی خودا بکەم، درکم بەوە کرد کە شتە نادیارەکان ئەکرێ کاریگەرییەکی زۆر گەورە دروست بکەن، ڕاستییەکی نەزانراوی لە پشتەوە بێت هەموو زانای دونیا وێڵ بن بەدوایدا و نەیدۆزنەوە، بۆم دەرکەوت زلهێزی و توانا و ترۆپکی دەسەڵاتداری وڵاتان هیچ نییە لەچاو گەورەیی و توانا و دەسەڵاتی خودا، لەهەمان کاتدا بیرم لە ساتە خۆشەکان ئەکردەوە کەی بێت و بگەڕێنەوە، بیرم کردەوە زانست و ئیش و کار و مەشغەڵەتی دونیا هەموو شتێکت پێ نابەخشێت، ئینسان پێویستی بە

> کاتێکی زێڕین بوو بۆ بە ئاگاهاتنەوەی مرۆڤایەتی وزیاتر گرنگیدان بە خود و گەڕانەوە بۆ خودی خۆمان، بە تەنها دوورکەوتنەوە لە خووە خراپەکان نا بەڵکو گۆڕینیان و شوێنگرتنەوەیان بە خووی باشتر، دواتر گەڕانەوە بۆ نێو کۆمەڵگا بە ئامانجی گەورەتر و دەستکەوتی زیاتر. کۆڕۆنا هەلێك بوو بۆ تیگەشتن لە حیکمەتەکانی ژیانکردن.

چەشتنی چێژی ئیمان و بینینی جوانییەکانی سروشت و دونیایە، لەکاتی کەرەنتینەیا درکم بەوە کرد مرۆڤ پێویستی بە تێکەڵبوون و کۆمەڵایەتی بوونە نەك گۆشەگیربوون و بێدەنگ بوون. گۆڕانکاری زۆری لەسەرم جێهێشت، بۆم دەرکەوت مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ لە بواریکدا زۆر سەرکەوتوو بێت، گەر هەموو ژیانی پێ نەبەخشێت. چەند بڕیارێکی دروست دەستکەوتی ئەم ماوەیەم بوو. لە هەمانکاتدا خۆشەویستی یەکێکم لە دەستدا بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەرمدا هاتن. بۆم دەرکەوت چەندێك دەورت قەرەبالّغ بێت زیاتر لە تەنیاییدایت. داواکارم لە خودای گەوە بەجۆرێك ئەم نەخۆشییە لەسەر مرۆڤایاتی لابەرێت هەموان دووبارە موعجیزەی ئەو ببینننەوە.

بێگومان لەو لایەنانەش بەدەر نەبوو (فێربوونی ئارامگری، هەوڵدان بۆ فێربوونی زمانی زیاتر، دۆزینەوەی بەهرە شاراوەکان، ئەنجامدانی ئەوکارانەی کە بە ئەنجام نەگەیەندرابوون بەهۆی سەرقاڵی ژیانی ڕۆژانە، دووبارە گەڕانەوە بۆ کتێب و خوێندنەوە و....هتد).

کاتێکی زێڕین بوو بۆ بە ئاگاهاتنەوەی مرۆڤایەتی وزیاتر گرنگیدان بە خود و گەڕانەوە بۆ خودی خۆمان، بە تەنها دووبارەوتنەوە لە خووە خراپەکان نا بەڵکو گۆڕینیان و شوێنگرتنەوەیان بە خووی باشتر، دواتر گەڕانەوە بۆ نێو کۆمەڵگا بە ئامانجی گەورەتر و دەستکەوتی زیاتر. کۆرۆنا هەلێك بوو بۆ تیگەشتن لە حیکمەتەکانی ژیانکردن.

بابەتی گشتی

دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان لە ڕێپۆرتاژێکی سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوەدا

ئامادەکردن و ڕێکخستنی: گۆڤاری ئایندە

سەبارت بە دۆخی سیاسی و حوکمڕانی هەرێمی کوردستان و ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتووە و، ڕێگەچارەی دەرباز بوون، سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە ئەم ڕیپۆرتاژەی ئامادە کردووە، گەرچی پرسیارەکان ئاراستەی چەندین سەرکردەو ڕۆشنبیر و نووسەری تر کراون، بەڵام تەنها وەڵامی ئەم بەڕێزانەمان بە دەست گەیشتۆتەوە کە بەڕێزەوە دایانئەنێین و خوێنەری بەڕێز لێرەدا ئەیانخوێنێتەوە، ئامانجی ڕیپۆرتاژەکەش بریتییە لە نزیك بوونەوە لە کێشەو قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان و تێگەیشتنیان و هەڵوەستە لە سەرکردنیان و, دواجار گەیشتن بە چارسەری دروست.





پرسیارەکان ئەمانە بوون:

١- چۆن دەڕوانێنە کێشەو قەیرانە هەنووکەییەکانی هەرێمی کوردستان، هۆکارەکان چین و چارەسەر چییە؟

٢- بۆچی ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێم بەم دۆخە گەیشت ؟

٣- چۆن حوکمڕانییەکی باش بنیات بنێین کە دادپەروەری و حوکمی یاسا بەرقەرار بێت و متمانە بگەڕێتەوە بۆ نێوان هاوڵاتی و حیزبەکان و دەسەڵات ؟

٤- ئایندەی سیاسی هەرێم و دۆزی کورد لە نێو ئەم گۆڕانکارییانەدا چۆن دەبینن ؟

لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا کە چۆن دەڕوانێنە کێشەو قەیرانە هەنووکەییەکانی هەرێمی کوردستان، هۆکارەکان چین و چارەسەر چییە؟ بەڕێز مامۆستا (سەلاحەددین موحەممەد بەهائەددین) ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان, دەڵێت: مێژووی کێشە و قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان کۆن و کەڵەکەبووی مێژوویەکی زیاتر لە ٦٠ ساڵە ..دابەشبوونی حزبی و ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتی لەم هەرێمە دا بەشێوەیەکی تەندروست نەبووە، نەبوونی سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و بوونی فرەیی و

جیاوازی ژینگەی فەرهەنگی و سیاسی شتێکی سروشتیە و لەهەموو جیهاندا بە سەلیقەی ئیداری و ئیرادەی دڵسۆزی و سەقافەی پێکەوە ژیان و پێکەوە کارکردن چارەسەر ئەکرێ .. ئەوەی لەم هەرێمەدا رووبداوە ئەوەیە کە ئەم سەلیقە و ئیرادە و سەقافەیە وەکو پێویست بەکار نەهێنراوە و گرفتە دێرین و کۆنەکان نەک چارەسەر نەکراون بەڵکو تارادەیەک ئەو گرفتانە دۆخەکەیان ئاراستە کردووە کە ئەمە وای کردووە کێشەکان بە قەیران بگەن .. قەیرانی نەبوونی سیستەمێکی دروست بۆ حوکمڕانی ڕەشید .. قەیرانی بااڵدەستی دوو حزبی دەسەاڵت بەسەر هەموو جومگەکانی حوکمڕانیدا .. قەیرانی جەنگی داعش و دەرهاوێشتەکانی .. قەیرانی دارایی و پاشەکەوتی مووچە و چەقبەستوویی پڕۆژە ئابورییەکان .. قەیرانی بڕیاری سیاسی سەقەت و حزبیانە .. لەسەرووی ئەمانە هەموویەوە قەیرانی تەفرەقە و ناکۆکی حزبی و بەقوربانی بوونی بەرژەوەندی باڵای گەل و وااڵت لە پێناو بەرژەوەندی حزبی و کەسی ..

> **مێژووی کێشە و قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان کۆن و کەڵەکەبووی مێژوویەکی زیاتر لە ٦٠ ساڵە ..دابەشبوونی حزبی و ئایدۆلۆژی و کۆمەاڵیەتی لەم هەرێمە دا بەشێوەیەکی تەندروست نەبووە**
>
> م. سەالحەددین موحەممەد بەهائەددین

چارەسەر: دانانی پالنێکی تۆکمەیە بۆ گەڕانەوە بۆ بااڵدەستی بەرژەوەندی گەل و نیشتمان و سەروەری یاسا و تەواو کردنی دانانی دەستوری هەرێم و پیادەکردنی عەدالەت و چاکسازی ئیداری و بنەبڕکردنی گەندەڵی ..

هەرچی بەڕێز مامۆستا (عەلی باپیر) ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامییە, لە وەڵامی ئەم پرسیارە و پرسیاری دواتردا دەڵێت:

> چارەسەر: دانانی پلانێکی تۆکمەیە بۆ گەڕانەوە بۆ باڵادەستی بەرژەوەندی گەل و نیشتمان و سەروەری یاسا و تەواو کردنی دانانی دەستوری هەرێم و پیادەکردنی عەدالەت و چاکسازی ئیداری و بنەبڕکردنی گەندەڵی
>
> م. سەلاحەددین موحەممەد بەهائەددین

دەبێ بە ڕوونی قسە بکەین، پەنجە لەسەر کەم و کوڕییەکان دابنێین، قەیرانی ئێستامان دەرهاویشتەی کەم و کوڕییەکانی ڕابردوومانە، کە ئەگەر بە وردیی دەست نیشانیان بکەین، دەبێ بڵێین: کەم و کوڕییەکنی ڕابردوومان هەرچەندە زۆرن، بەڵام دەتوانین بڵێین: لە دوو شتدا کورت دەبنەوە:

یەکەم: کرچ و کاڵیی دامەزراوەکانمان:

١- ئێمە پەرلەمانمان هەبووە، بەڵام نەمانهێشتووە پەرلەمانێکی ڕاستەقینە و شوێنی دەرکردنی بڕیار و یاسا بێ، وە چاودێرێکی بێمنەت بێ بەسەر حکومەت و کارەکانییەوە.

٢- لایەنە ساسییە بڕیار بەدەستەکان نەیانهێشتووە حکومەتەکەمان، حکومەتێکی دەستکراوە بێ و، حکومەتی هەموو لایەك بێت و، دادگەریی بچەسپێنێت و قۆرخکاریی تێدا نەبێ.

٣- پاشان دەسەڵاتی دادوەریی، خۆتان دەبینن لە چ وەزعێکدایە! زۆر شت دەکرێ و دەگوزەرێ، دەسەڵاتی دادوەریی لە بەرانبەریدا هیچ کارە نییە، لەبەر ئەوەی خۆمان نەمانهێشتووە، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ دادوەرە بەڕێزەکان.

دووەم: ناتەبایی سیاسیی:

بـەڵێ، سـەقامگیریی سیاسـیمان هـەبووە، بـەڵام زۆر ڕیشـەدار و قـوونڵ نـەبووە، هـەر مودارامان لەگەڵ یەکدا کردووە، بۆ نموونە: نەمانتوانیوە بڕیارێکی کۆنکرێتی بـدەین کـە دەبێ پاراستنی هێمنیی کۆمەڵایـەتیی و ئاشـتیی کۆمەڵایـەتیی خـەتی سـوور بـێ و هـیچ کەس تەجاوزی نەکات، کێشە و ململانێی سیاسیی، قاڵبێکی سەربازیی لەخۆی نەگرێ.

> ئێمە هەمیشە لە درز و کەلێنەکانی خۆمانەوە، دوژمنان و ناحەزانمان زەفەریان پێ بردووین، وە بە پێی مەنتیقی قورئانیش، دەبێ هەمیشە گلەیی لە خۆمان بکەین بەر لەوەی ڕووی ڕەخنە لە خەڵکی دیکە بکەین
>
> م. عەلی باپیر

سـەبارت بـە چارەسـەریش مامۆسـتا (عـەلی بـاپیر) دەڵێت :

مـن پـێم وایـە، ئەگـەر بۆخۆمـان بـبین و لـەنێو خۆدا ڕێك بـین، وەك خـوای پـەروەردگار دەفـەرموێ: (يَا أَيُّهَـا الَّـذِينَ آمَنُـوا عَلَـيْكُمْ أَنْفُسَـكُمْ لا يَضُـرُّكُمْ مَـنْ ضَـلَّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ) المائدة – ١٠٥ – . واتـە: بڕوادارینـە! ئاگاتان لە خۆتان بێ و وریای خۆتان بن! ئەگەر خۆتان ڕێگای ڕاست بگرن، ئـەوەی کـە گومڕایە و ناحەزتانە، زیانتان پێ ناگەیەنێ. زۆر جاران گوتوومە: ئێمە هەمیشە لـە درز و کەلێنـەکانی خۆمانـەوە، دوژمنـان و ناحـەزانمان زەفـەریان پـێ بـردووین، وە بـە پێـی مەنتیقی قورئانیش، دەبێ هەمیشە گلەیی لە خۆمان بکەین بەر لـەوەی ڕووی ڕەخنـە لـە خەڵکی دیکە بکەین، چونکە بە تەئکید ئەوەی کە ناحەزتە، غەیری خراپە هیچی دیگـەی لێ چاوەڕوان ناکرێ، بەڵام بۆخۆت، دەبێ دڵسۆزی خۆت بی، ئنجا ئەگەر لە نێو خۆماندا

تەبا و ڕێك بین، بە تەئکید حەصانە و مەناعەی ئەوەمان دەبێ، کە دوژمنانمان زەفەرمان پێ نەبەن.

ئینجا من پێم وایە چارەسەری ئەو قەیرانەی، کە ئێستا هاتۆتە دی لە نێوخۆدا، کە شلەژانێکی باشی بۆ هەموو لایەك هێناوەتە دی، کە بە حەقیقەت دەبێ بەزەییمان بە خەڵکی خۆماندا بێتەوە، ئێمە هەژارەکانمان هەژار تربوون، دەوڵەمەندەکانیشمان بەشێکی زۆریان هەژار کەوتوون، پرۆژەکانمان راوەستاون، خەڵك بێ کار و کەسابەتە، گەنجەکان سەری خۆیان هەڵدەگرن و بەرەو هەندەران دەڕۆن، ئەگەر باسی ئێش و ژان و موعاناتەکان بکەین زۆر زۆرن، ئەوانە دەبێ هاندەرمان بن، کە بە جیددیی بیر لە چارەسەریان بکەینەوە، وە نابێ لێیان گەڕێین، چونکە گرفت و کێشە، وەك تۆپەڵە و بەفر وایە، کە خلۆری دەکەینەوە، ئەگەر لێی گەڕێی، تاکو بڕوا گەورەتر دەبێ، کێشەش دەبێ زوو بەدەمییەوە بچی، ئنجا من پێم وایە بە سێ قۆناغ، دەتوانین ئەم کێشە و قەیرانەی ئێستامان چارەسەر بکەین:

> ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە: کە ئەویش لە کۆنترۆڵ کردنی ڕاگەیاندنەوە، دەست پێدەکات، زۆرم پێ ناخۆشە لە ڕاگەیاندنەکاندا، چ ڕاگەیاندنی حیزبیی، چ ڕاگەیاندنی لا بەلای حیزبیی، کە کۆمەڵێك کەناڵی ڕاگەیاندن هەن، بە پارەی حەڕام و سامانی خەڵك کاردەکەن و بەڕێوە دەبرێن، ئیشیان بریتییە لە تەشهیر پێکردن و ناو زڕاندنی خەڵك و سووکایەتی کردن بە ڕەمزەکانی ئەم وڵاتە و، بە بەرپرسانی ئەم وڵاتە
>
> م. عەلی باپیر

قۆناغی یەکەم: ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە: کە ئەویش لە کۆنترۆڵ کردنی ڕاگەیاندنەوە، دەست پێدەکات، زۆرم پێ ناخۆشە لە ڕاگەیاندنەکاندا، چ ڕاگەیاندنی حیزبیی، چ ڕاگەیاندنی لا بەلای حیزبیی، کە کۆمەڵێك کەناڵی ڕاگەیاندن هەن، بە پارەی حەڕام و سامانی خەڵك کاردەکەن و بەڕێوە دەبرێن، ئیشیان بریتییە لە تەشهیر پێکردن و ناو زڕاندنی خەڵك و سووکایەتی کردن بە ڕەمزەکانی ئەم وڵاتە و، بە بەرپرسانی ئەم وڵاتە، ئنجا ڕەنگە ئەو لایەنەی پشتگیریی ڕاگەیاندنێك دەکات ، کە قسە بەبەرامبەرەکە دەڵێ، نەزانێ بۆ خۆشی پێی سووك دەبێ! بۆیە ئەگەر بمانەوێ بارودۆخەکە ئاسایی بکەینەوە، دەبێ ڕاگەیاندنەکان کۆنترۆڵ بکەین. قۆناغی دووەم، بە یاسایی کردنەوە، پابەند بین بە یاسا و عورفی سیاسیی خۆمان کە لەماوەی (٢٥) ساڵی ڕابردوودا، وڵاتی خۆمان پێ بەڕێوە بردووە. قۆناغی سێیەمیش، کۆبوونەوەیە لە کەش و هەوایەکی هێمن و ئارامدا کە بەیەکەوە گفت و گۆی دڵسۆزانە بکەین، بۆ ئەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانمان دیاری بکەین.

> قەیران و کێشەکان کەڵەکەبوون و زۆرن، بێگومان خۆتان ئەزانن، وە چارەسەر نەکراون بۆیە قەیرانەکان کۆبوونەتەوە، لە گەندەڵیەوە تا کێشەی بژێوی هاوڵاتیان، لە مەسەلەی مەعاش و مەسەلەی ئیش و کار و بێ ئیش .. ئەمانە زۆرن
>
> د.مەحمود عوسمان

بەڕێز (د.مەحمود عوسمان)ی سیاسەتمەداریش وەڵامی بۆ پرسیاری یەکەم بەم شێوەیەیە: قەیران و کێشەکان کەڵەکەبوون و زۆرن, بێگومان خۆتان ئەزانن، وە چارەسەر نەکراون بۆیە قەیرانەکان کۆبوونەتەوە، لە گەندەڵیەوە تا کێشەی بژێوی هاوڵاتیان، لە مەسەلەی مەعاش و مەسەلەی ئیش و کار و بێ ئیش .. ئەمانە زۆرن، بە ڕەئی من چارەسەر زۆر ئاشکرایە، چارەسەر ئەوەیە کە ئەوەڵەن ئێمە لە کوردستان حکومەتێکمان

هەبێ کە یەکگرتوو بێت، تەبعەن ئۆپۆزسیۆنیش هەبێت چاکترە، چونکە سیستەمەکە پەرلەمانییە. دووەمین ئەو حکومەتە بە یەکگرتوویی، یاخود حیزبەکان بە یەکگرتوویی لەگەڵ بەغدا بکەونە گفتوگۆیەکی جددی بۆ ئەوەی کێشەکانیان حەل بکەن چونکە ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ کێشەکانمان لە بەغدایە، بودجەیە لەوێیە، ماددەی (١٤٠) لەوێیە، نەوت و غازە لەوێیە، مەشاکیلی ئیداری، مەشاکیلی مالی، وە هەموو دنیا پێمان ئەڵێ ئێوە بەشێکن لە عێراق، کێشەکانتان لە بەغدایە، لەبەر ئەوە دەبێ ئەوە بکەن بەڕاستی، وە ئەوەش ئیشێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوە من خۆم وەک شەخسی پێشنیارم کردوە بۆ ئەو برادەرانەی شتیان بەدەستە، ئەم جارە حکومەتیان دروست کرد وەزارەتێکی تایبەتی دابنێن بەناوی (وەزارەتی کاروباری بەغدا)، بۆ پەیوەندی لەگەڵ بەغدا، چونکە ئێمە تا ئێستا پەیوەندیمان لەگەڵ بەغدا زۆر کراوە بەس پچڕ پچڕ بووە، وە دەزگایەک بێ کە هەموو شتەکانی کردبێ و نووسیبێتی و دۆکیۆمێنتی

ئەو حکومەتە بە یەکگرتوویی، یاخود حیزبەکان بە یەکگرتوویی لەگەڵ بەغدا بکەونە گفتوگۆیەکی جددی بۆ ئەوەی کێشەکانیان حەل بکەن چونکە ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ کێشەکانمان لە بەغدایە، بودجەیە لەوێیە، ماددەی (١٤٠) لەوێیە، نەوت و غازە لەوێیە، مەشاکیلی ئیداری، مەشاکیلی مالی، وە هەموو دنیا پێمان ئەڵێ ئێوە بەشێکن لە عێراق، کێشەکانتان لە بەغدایە

د.مەحمود عوسمان

کردبێت، جا ئێوە ناوەندێکی ستراتیژین ئێستا، بتانەوێ بزانن لەماوەی ئەو (١٥) ساڵە چ ڕوویداوە لەنێوان ئێرە و بەغدا، دائیرەیەك نابینن بزانن بچن شتێکی لێ دەربێنن ئەڕشیفێکی لێ دەربێنن، دوو فایل دەربێنن بزانن چی کراوە و چی نەکراوە، لای بەغدا هەیە بەس لای ئێمە نییە. لەبەر ئەوە من ئەو پێشنیارەشم کردووە بەڕاستی ئەگەر ئیهتیمامی پێ بدەن. تەبعەن بۆ دەرەوەش من بڕوام بەوە نییە دەرەوە کێشەی ئێمە حەل بکات، دەمێکە من ڕەئیم وایە, بەڵام پەیوەندییەك هەیە لەگەڵ دەرەوە لەگەڵ وڵاتان، ئێمە هەوڵدەدەین، تا چەند پشتت بگرن هاوکاریت بکەن ئەویش دەبێ ئیش بکەی هەوڵ بدەی، بەڵام هەموو کارەکان نابێ بەجیا بکرێت، دەبێ بەیەکەوە بکرێت وەکو هەیئەتێك وەکو حکومەتێك وەك جیهەتێك، وەکو یەك میللەت قسە لەگەڵ عالەم، لەگەڵ بەغدا بکەن، وابزانم حەل ئەوەیە, ئەی ئەوە چۆن دەکرێ یان کەی دەکرێ وابزانم لەوە دەچێ وەقتی بوێت و ئومێدەوارم بتوانن هەموو بەیەکەوە بیکەن.

> پێشنیارم کردوە بۆ ئەو برادەرانەی شتیان بەدەستە، ئەم جارە حکومەتیان دروست کرد وەزارەتێکی تایبەتی دابنێن بەناوی (وەزارەتی کاروباری بەغدا)، بۆ پەیوەندی لەگەڵ بەغدا
>
> د.مەحمود عوسمان

لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا، بەڕێز (د.محمد شەریف) نووسەر و مامۆستای زانکۆ، بەمشێوەیە دوا: سوپاس بۆ ڕێز لێنانتان. دیارە، مرۆڤی تاك، بێ کۆمەڵگا ناژیت، کۆمەڵگاش کە ئارەزووی هەر یەکێك لە تاکەکانی جیاوازن، بێ ململانێ نابێ، ئاشتی کۆمەڵگاو سەلامەتی تاك پێویستی بە یاسا هەیە، کە گشتی و موحاید بیت و باڵانسی جیاوازەکان بە دادوەری ڕاگری. جێبەجێکردنی یاساش لە نێو کۆمەڵگادا پێویستی بە دەسەڵاتە, بەواتای قۆرخکردنی شەرعییەتی بەکارهێنانی هێز.

> مرۆڤی تاك، بێ كۆمەڵگا ناژیت، كۆمەڵگاش كە ئارەزووی هەر یەكێك لە تاكەكانی جیاوازن، بێ ململانێ نابێ، ئاشتی كۆمەڵگاو سەلامەتی تاك پێویستی بە یاسا هەیە، كە گشتی و موحاید بیت و باڵانسی جیاوازەكان بە دادوەری ڕاگری. جێبەجێكردنی یاساش لە نێو كۆمەڵگادا پێویستی بە دەسەڵاتە, بەواتای قۆرخكردنی شەرعییەتی بەكارهێنانی هێز.
>
> د.محمد شەریف

كە باس لە ئەزموونی حوكمڕانی كۆمەڵگای ئادەمیزاد بكرێ, بە تایبەت كۆمەڵگای هاوچەرخ، بۆ نموونە، ئەزموونی حوكمڕانی هەرێمی كوردستان، پێویستە ڕۆڵی هەر یەك لە پێكهاتەكانی ڕەچاو بكرێت, جونكە هەریەك لەو پێكهاتانە: تاك، كۆمەڵگا، دەسەڵات, كە یاساو هێز لە خۆی دەگرێ، ڕۆڵی خۆیان هەیە لە كۆی ئەزموونی حوكمڕانی، سەر بەخۆییش ڕۆڵی خۆی هەیە لە ئەزموونی حوكمڕانی میللەتان. ئێمەش، ئەو زانیاریانەی كە ئەو جۆرە ڕەهەندانە، یا ئەو موعادەلانە، شی بكاتەوە، نیتمان. بۆیە، هەر ڕاو سەرنجێك لەو بابەتەی داواتان كردووە، بابەتی نابێت, بەڵكو لێكۆڵینەوەكە بریتی دەبێت لە هەست و شعوری خودی خاوەن سەرنج بەرامبەر ئەزموونەكە. ئەگەر بەو بیرۆكەیە ڕازی بوون، وەڵامی پرسیارەكانتان، بە كورتی، وای دەبینم، بە نیسبەت پرسباری یەكەم:

نەبوونی نزمترین پلەی هەماهەنکی لە نێوان تاك و کۆمەڵگاو– حزبەکان– دەسەڵات، هۆکاری بنەڕەتییە، بۆ قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان. ئەمانە سێکوچکەی پێویستن بۆ یەکتری, بەڵام، بە پێچەوانەوە، هەر یەکێکیان ڕووی لە لایەکی تر‌ە، وەك زیز بووبن لە یەکدی، متمانەیان بە هەڵس و کەوتی یەکتر یەکجار لاوازە. چارەسەریش، تەنیاو تەنیا، سەروەری یاسایە, چونکە کە بێ لایەنە، یەك ڕێزی دروست دەکات، یەك ڕێزیش متمانە

نەبوونی نزمترین پلەی هەماهەنکی لە نێوان تاك و کۆمەڵگاو– حزبەکان– دەسەڵات، هۆکاری بنەڕەتییە، بۆ قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان. ئەمانە سێکوچکەی پێویستن بۆ یەکتری, بەڵام، بە پێچەوانەوە، هەر یەکێکیان ڕووی لە لایەکی تر‌ە، وەك زیز بووبن لە یەکدی، متمانەیان بە هەڵس و کەوتی یەکتر یەکجار لاوازە. چارەسەریش، تەنیاو تەنیا، سەروەری یاسایە

د.محمد شەریف

دروست دەکات، متمانەش لە گەڵ گرژی ناگونجێ, بەڵام بە داخەوە زۆربەمان وەك نەدیتکەواین لە حوکمڕانی سەربەخۆیی خۆمان– ان صح التعبیر.

ئە وەی ئەمن دەیبینم زۆر جیاواز تر‌ە لەو دیمەنە ڕەشەی پرسیارەکانتان کێشایتی, چونکە: أ– مێژووی حوکمڕانی دونیای ئادەمیزاد، بە جۆرێکی ڕەها، جەخت لەو ڕاستیە دەکاتەوە، کە قەیران و نادادپەروەری گرفتی خودی ئادەمیزادە، کە فجور و گوناح بەشێکە لە نەفسیەتی. ب – ئەگەر

چارەسەریی بۆ ئێستا بەزەحمەت کەوتووەو ئیرادەیەکی بەهێز نییە بۆ چارەسەری و ڕاستەڕێ کردن بەهۆی تێکەڵاوی بازرگانی و سیاسەت و دەستی درێژی حزب بۆ ناو حکومەت

نیعمەت عبدالله

به ئینصاف بەراوردێك بكەین لە نێوان ئەم ئەزموونەی وەكو دەڵێن بەم دۆخە قەیراناوییە گەیشتووە، وە ئەزموونی حوكمڕانی حەرەس قەومی و ئەنفال و كیمیاوی و عبودیەتی زەمانی بەعس كە هەر چی ئازادییە نەبوو، هەست دەكەین قورتار بووینە لە دۆزەخ و گەنجەكانمان وەك لە بەهەشت بژین.

> مێژووی حوكمڕانی دونیای ئادەمیزاد، بە جۆرێكی ڕەها، جەخت لەو ڕاستیە دەكاتەوە، كە قەیران و نادادپەروەری گرفتی خودی ئادەمیزادە، كە فجور و گوناح بەشێكە لە نەفسیەتی
>
> د. محمد شەریف

بەڕێز (نیعمەت عبداللە) سەرۆكی پێشووی یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستانیش بۆ ئەم پرسیارە, بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە: كێشەو قەیرانە هەنووكەییەكان هەر هەموویان هی ئەمڕۆ نین, زۆربەیان و گرنگەكانیشیان كەڵەكەبووی رابردوون یەكلا نەبوونەتەوە بە درێژایی حوكمڕانی هەرێمی كوردستان لە ڕووی سیاسی و یاسایی و ئابووری..هتد, بۆیە چارەسەریی بۆ ئێستا بەزەحمەت كەوتووەو ئیرادەیەكی بەهێز نییە بۆ چارەسەری و ڕاستەڕێ كردن بەهۆی تێكەڵاوی بازرگانی و سیاسەت و دەستی درێژی حزب بۆ ناو حكومەت.. ئەم كێشەو قەیرانانەش لێكەوتەی تری هەیە سەرەڕای هاتنی داعش و چاوتێبڕینی لایەنی دەرەكی و دواجاریش قەیران لەگەڵ بەغدا بە تایبەت لەسەر ناوچەكانی ماددەی١٤٠ كە ئاراستەیەكی مەترسیداری لەخۆ گرتووە.

چارەسەریش بەلای بەڕێز (نیعمەت عبدالله) بۆ ئەم هەموو كێشەو قەیرانانە هەر وا ئاسان نییە, بەڵام وەك دەڵێت دەكرێ هەوڵی جیددی بۆ بدرێت بەم شێوەیە:

١- پێداچوونەوە بە سیاسەت و هەڵسوكەوتی هەرێمی كوردستان.

٢- سیاسەت پێویستی بە خوێندنەوەی مێژوو هەیە, ئەگەرنا سیاسەت سەرکەوتوو نابێت وەک (کەڕ و لاڵ و کوێر)ی لێ دێت.

٣- گەڕانەوەی متمانە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و خەڵک و دەسەڵات لەسەر بنەمای وەلانانی بەرژەوەندی تەسک.

٤- سەروەری یاسای زۆر لە کێشەکان تا ڕادەیەک بنەبڕ دەکات.

٥- بەستنی کۆبوونەوەی گشتی و لوتکەی سیاسییەکانی کوردستان بۆ دانانی پلانی ستراتیژ و یەکێتی و دانانی هێڵی سوور.

> گرفتی سەرەکی لە بەڕێوەبردنی هەرێمدا خۆی لە نەبوونی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا دەبینێتەوە, حیزبایەتی و لایەنداری بۆ ئەوەی پێی دەوترێت (دەستەو دایەرەی پێش دەوڵەت) هەژموونی هەیە بەسەر زۆربەی جومگەکانی بڕیار لە هەرێمدا
>
> د. عوسمان عەلی

بەڵام بەڕێز (د.عوسمان عەلی) بەڕێوەبەری سەنتەری (تاسك) بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری و ستراتیژی, وەڵامی پرساری یەکەم بەم جۆرە دەداتەوە:

گرفتی سەرەکی لە بەڕێوەبردنی هەرێمدا خۆی لە نەبوونی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا دەبینێتەوە, حیزبایەتی و لایەنداری بۆ ئەوەی پێی دەوترێت (دەستەو دایەرەی پێش دەوڵەت) هەژموونی هەیە بەسەر زۆربەی جومگەکانی بڕیار لە هەرێمدا. دەستەکانی پێش دەوڵەت (هیئات ما قبل الدولة) واتە خێڵەکی بوون و دامەزراوەی حیزبی و میلیشیای سەر بە حیزب و کەسەکان. هەروەک نە دەستوورمان هەیە و نە دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ و نە سوپای نیشتیمانی پیشەیی و نە دەزگای ئاسایشیی نیشتیمانیی. لە نەبوونی دام و دەزگای لەم شێوەیەش, نە حوکمی یاسا دەبێت و نە دام و دەزگای چاودێریش بەسەر

دامـەزراوە کارگێڕییەکانـدا بوونیـان دەبێـت, بـەڵکو فـەوزا و بێسـەروبەری و خـراپ بەڕێوەبردن و مەحسووبییەت و گەندەڵی لە ئارادا دەبێت.

بەڕێز (شوان هەورامی) نووسەر و توێژەر, وەڵامی هـەردوو پرسـاری یەکـەم و دووەم: چۆن دەڕواننە کێشەو قەیرانە هەنووکەییەکانی هەرێمی کوردسـتان، هۆکارەکـان چـین و چارەسەر چییە؟ وە بۆچی ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێم بەم دۆخە گەیشت؟ بەم شێوەیە دەداتەوە:

کێشـەو قەیرانـەکانی کوردسـتان، کـە ئـەم بەرئەنجامـەی لێکەوتووەتـەوە بەسـەر دوو هۆکاری دەرەکیی و ناوخۆییدا دابەش دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە :

هۆکارە دەرەکییەکان :

> هێزە دەرەکییەکان (چ ناوچەیی و چ جیهانیی) شـۆڕش و پارتەکانی کوردسـتان وەکو کارت لە دژی وڵاتان و لە دژی یەکتریش بەکار دەهێنن، هەر کاتێکیش گەیشـتنە سازش لەگەڵ یەکتر، باشـترین قوربانیی لە نێوانیاندا کارتی کورد و کێشـە رەواکەیەتی
>
> شوان هەورامی

١ـ دابەشکردنی کوردستان لـە دوای جـەنگی جیهـانیی یەکەم، بـووە هـۆی ئـەوەی خـاکی کـورد ببێتـە چـەند بەشـێك لـە خـاکی وڵاتـانی نەتـەوەیی تـر و هـەر داواکارییـەکی مـافی نەتـەوەیی و سیاسـیی و ئـابووریی و کۆمەڵایـەتیی، لەلایـەن ئـەو وڵاتانـەوە بـە جیـاخوازیی و پارچـە

پارچەکردنی خاکەکەیان لە قەڵەمی بدەن و تا ئەم ساتەش بەرژەوەندیی زلهێزان لەگەڵ خواستی ئەو ولاتانەدایە کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، بۆیە ئەم کێشەیە بووەتە رێگرێکی گەورە لە رێگەی داخوازییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا .

٢ــ هەر وەکو پاشکۆی خاڵی یەکەم، جوگرافیای سیاسیی و داخراوی کوردستان، هۆکارێکی تر بووە بۆ ئەوەی ولاتانی ناوچەکە و جیهان بە درێژایی سەد ساڵی رابردوو، داخوازیی شۆڕشەکانی کورد لە هەر پارچەیەکدا بکەنە کارتی سیاسیی و لە دژی یەکتر بەکاریان بهێنن و دوا جاریش بە رێکەوتن و سازش بۆ یەکتر کردن، کوردیان سەرکوت کردووە، کە دیار ترینیان شۆڕشی ئەیلول بوو. تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ، هێزە دەرەکییەکان (چ ناوچەیی و چ جیهانیی) شۆڕش و پارتەکانی کوردستان وەکو کارت لە دژی ولاتان و لە دژی یەکتریش بەکار دەهێنن، هەر کاتێکیش گەیشتنە سازش لەگەڵ یەکتر، باشترین قوربانیی لە نێوانیاندا کارتی کورد و کێشەکە رەواکەیەتی.

هۆکارە ناوخۆییەکان :

١ـ یەکێك لە خاڵە بێهێزەکانی کورد لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا، نەبوونی یەکێتیی و یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکانی بووە، ئەوەی ئەمڕۆ لەم حاڵەتەی هێزە سیاسییەکانی کورد لە هەر چوار پارچەکە ورد ببێتەوە، پێویستی بەوە نییە بەڵگەی بۆ بهێنرێتەوە، جا ئەم خاڵە بۆ خۆی باشترین هەلە بە دەست هێزە ناوچەیی و دەرەکییەکانەوە بۆ دەستوەردانە ناو کاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستان و پارچەکانی تریشەوە.

٢ــ زیاتر لە ٢٧ ساڵ حوکمڕانیی ئەم دوو هێزە کوردستانییە (پارتی و یەکێتیی)، نموونەی بەرجەستەن لەوەی ئەم هەلە زێڕینەیان لەسەر دەسکەوتی سیاسیی و ئابووریی بۆ حیزبەکانیان، گۆڕیی بە هەڵەی کوشندە و لەبار بردنی قۆناغە گونجاوە نێودەوڵەتیەکە. لەبری ئەوەی گوتارێکی یەککگرتووی کوردستانیی دروست بکەن، هەرێمیان بە دوو رەنگی جیاواز و دوو وڵاتی جیاواز و دوو گوتاری جیاواز بە ناوچەکە و جیهان ناساند و بۆ خۆشیان دابەشبوون بەسەر سەنگەربەندیی ناوچەکە و جیهاندا.

زیاتر لە ٢٧ ساڵ حوکمڕانیی ئەم دوو هێزە کوردستانییە (پارتی و یەکێتیی)، نموونەی بەرجەستەن لەوەی ئەم هەلە زێڕینەیان لەسەر دەسکەوتی سیاسیی و ئابووریی بۆ حیزبەکانیان، گۆڕیی بە هەڵەی کوشندە و لەبار بردنی قۆناغە گونجاوە نێودەوڵەتیەکە

شوان هەورامی

٣ـ لە ماوەی چارەکە سەدەیەکدا گەلەکەمان هەلێکی زێڕینی بۆ رەخسابوو، کە بنەماکانی دەوڵەت دامەزرێنێت، لە بوونی دەستوور و قانوونمەندیی و بە دامەزراوەیی کردنی دەزگاکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەریی، بە نیشتمانیی کردنی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس، شەفاف کردنی ئابووریی و دابەشکردنی بە دادگەرانە بەسەر چین و توێژەکانی جەماوەردا, بەڵام مەخابن ئەو دوو هێزە نەك هەر ئیرادەی بەدامەزراوەیی و شەفافیەتی سیاسییان نییە بۆ هەرێم, بەڵکو دژایەتیی هەر هەنگاوێکیش دەکەن کە ئەوان لە میلیشیا و مافیای ئابوورییەوە بگۆڕێت بۆ حیزبی سیاسیی کە خاوەنی بەرنامەی سیاسیی بن و لەو رێگەیەوە بە دەنگی ئازادانەی خەڵك حکومەت و کارگێڕییان پێ بسپێردرێت، بەڵام ئەوان هەروەکو مۆدێلی ستالینیانەی شەرعیەتی شۆڕگێڕانە و داروینیزمی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی بڕوایان وایە مانەوەی

حیزبی سیاسیی بەهێز، بە کۆنترۆڵ کردنی جومگەکانی هێزی ئەمنی و ئابووریی و سیاسییە، ئەوەش هەرێمی بەم شێوەیە بەرەو بنبەست بردووە.

٤ـ حوکمڕانیی و پارتە سیاسییەکانی هەر گەل و کۆمەڵگەیەکیش زادەی پێگەیشتن و تێگەیشتنی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئەو گەلانەیە، بۆ نموونە گەلی هۆشیار و خاوەن ئیرادە پارتی گەندەڵ و مافیایی حوکمڕانیی ناکات، گەرچی ئەم خاڵە زۆربەی شرۆڤەکاران خۆیانی لێ دەبوێرن، چونکە رەخنە لە خۆگرتنێکی تووندە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە داکەوتەیەکی حاشا هەڵنەگرەو هەستی پێدەکەین.

"گەلی هۆشیار و خاوەن ئیرادە پارتی گەندەڵ و مافیایی حوکمڕانیی ناکات، گەرچی ئەم خاڵە زۆربەی شرۆڤەکاران خۆیانی لێ دەبوێرن، چونکە رەخنە لە خۆگرتنێکی تووندە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە داکەوتەیەکی حاشا هەڵنەگرەو هەستی پێدەکەین"
شوان هەورامی

٥ـ لە گشت ئەو خاڵانەی سەرەوە خراپتر، سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە قۆناغە جیاجیاکاندا – بە ئێستاشەوە – خۆیندنەوەیان بۆ قۆناغەکان زۆر هەڵە بووە، بۆ نموونە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بڕوای وابوو هەرگیز شای ئێران و حکومەتی بەعس و سەدام ناگەنە رێککەوتن، بۆیە تەنانەت راسپاردەکانی (ئەنوەر سادات)ی سەرۆکی میسر و (موحەمەد حەسەنێن هەیکەل) ی رۆژنامەنووسی ناوداری میسریان بە هەند وەرنەگرت، لە مەڕ گفتوگۆی نهێنیی نێوان سەعدون حەمادیی وەزیری دەرەوەی عێراق و عەباسی خەلعەتبەریی وەزیری دەرەوەی ئێران لە تورکیا، کە دواجار رێکەوتنی ٦ ی ئازاری ١٩٧٥ ی جەزائیری لێکەوتەوە. ئەوە هەر پەیوەندیی بەو قۆناغەوە نەبووە، لە کاتی ڕووخاندنی رژێمی بەعسدا کاتێ زۆربەی ولاتان هاوپەیمانێتیی ئەمەریکایان ڕەت

دەکردەوە، سەرکردایەتیی کورد بەبێ مەرج خۆی کردە هاوپەیمانی ئەمەریکا، بۆچوونی ئەوان وابوو: مادەم ئێمە لەم قۆناغەدا دەبینە هاوپەیمانی ئەمەریکا، دواجار ئەمەریکاش خواستەکانی ئێمە جێبەجێ دەکات. کە ئەمە راڤەیەکی ئەخلاقیانەی سیاسەتە، بەڵام کوا لە جیهانی سەرمایەداریدا سیاسەت بە ئەخلاق دەکرێت؟ لەوێی جیهانی سەرمایەداریدا سیاسەت بە بەرژەوەندیی دەکرێت نەک بە ئەخلاق و بەها مرۆییەکان, بۆیە دواجار هەر ئەوان بوون بە ڕاپۆرتی (بیکەر – هامیلتۆن) ڕێگرییان کرد لە جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ ی دەستووری عێراق، چونکە کەرکوکیان بە بەرمیلی باڕووت چواندبوو!!

لە کاتی ڕووخاندنی رژێمی بەعسدا کاتێ زۆربەی وڵاتان هاوپەیمانێتیی ئەمەریکایان ڕەت دەکردەوە، سەرکردایەتیی کورد بەبێ مەرج خۆی کردە هاوپەیمانی ئەمەریکا، بۆچوونی ئەوان وابوو: مادەم ئێمە لەم قۆناغەدا دەبینە هاوپەیمانی ئەمەریکا، دواجار ئەمەریکاش خواستەکانی ئێمە جێبەجێ دەکات

شوان هەورامی

جا کاتێک ئەم خاڵانە کۆدەبنەوە، دەبنە نەخۆشیی و دژوارییەکی گەورە بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان، ئەو شەرعیەتە شۆڕشگێڕییەش کۆمەڵە بەڕێوەبەرێکی کارگێڕیی بەرهەم هێناوە، کە هەر گەندەڵیی بەرهەم ناهێنن، بەڵکو نەزانیی و نەفامیی کارگێڕییش بەرهەم دەهێنن، واتە گرفتەکەی هەرێم بەس لە تاڵانکردنی سامانی گشتیدا کورت نابێتەوە، بەڵکو لە نەخوێندەواریی و ناشارەزایی کارگێڕیشدا کورت دەبێتەوە، کە وایکردووە ئەو سامانەش کە لە دەستی مافیا دەردەچێت، بەهۆی نەزانیی کارگێڕیی و ئابووریەوە لەناو دەچێت!!

لە وەڵامی پرسیاری: بۆچی ئەزموونی حوکمڕانی هەرێم بەم دۆخە گەیشت ؟ بەڕێز مامۆستا (سەلاحەددین موحەممەد بەهائەددین) ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان, دەڵێت: وتمان هەموو گەل و وڵاتێك کێشەی دێرین و کەڵەکەبووی هەیە، بەڵام لەم هەرێمەدا نەتوانرا ئەزموونە سیاسییەکەی بەدوور بگیرێ لەو مێژووە رابردووە, جەمسەرگیری هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکەش بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە بوون و خەمی چاککردن و پەرەپێدانی ئەزموونەکەیان هەڵنەگرت ..

> ڕەنگە نەبوونی هۆشیاری دیموکراسی جەماوەر لە ئاستی پێویستدا یەکێکی تر بێ لەو هۆکارانەی کە لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا هەلی هاتنە پێشەوەی هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی دەسەڵات نەڕەخسێنێ
>
> م. سەلاحەددین موحەممەد بەهائەددین

دابەشبوونی حزبی و شەڕی ناوخۆ و بەحزبی کردنی حکومەت لەلایەك و کرانەوەی ئابووری و بەشداری دەسەڵات لە پاش ڕووخانی رژێمی صدام لە لایەکی ترەوە دووبەرەکیەکەی قوڵترکرد بەڵام تەفاهومیان کرد لەسەر دابەشکردنی ئەو بەرژەوەندییانە. ڕەنگە نەبوونی هۆشیاری دیموکراسی جەماوەر لە ئاستی پێویستدا یەکێکی تر بێ لەو هۆکارانەی کە لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا هەلی هاتنە پێشەوەی هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی دەسەڵات نەڕەخسێنێ.

بەڕێز (د.مەحمود عوسمان) سیاسەتمەدار لە وەڵامی پرسیاری دووەمدا دەڵێت:

حوکمڕانی هەرێم حوکمڕانییەکی باش نەبووە، بەڕاستی، وە حکومڕانیکردنیش عیلمە، خەڵك هەیە سالەهای سالە خوێندوویەتی تا فێری ئیدارە بێت، وە پاش ئەوە پلان دانانیش کەم بووە بۆ ئیشەکان، پلانێك دابنێی چۆن بووە, چۆن بێت، ئەوەیە کە ئێمە پارەیەکی زۆرمان هەبووە لە نەوت، مەسەلەن، بەس پلاندانان نەبووە چۆن بتوانین

سەرۆک بکەین ، سەرف کراوە بەملاوبەولا، تەعیناتێکی زۆر کراوە، مونافەسەیەکی یەکێتی و پارتی خەڵکێکی زۆری تەعین کردووە لەو بەینە، کە ملیۆنێك وسێ سەد چوار سەد هەزار کەس معاش دەخۆن، کەنابێ لە موجتەمەعێکی پێنج ملیۆن و شەش ملیۆن شتی وا هەبێت، ئەمە هەمووی وەك پێویستە نەکراوە، مەسەلەن قیتاعی زەراعە وەك پێویستە، پێش نەخراوە، قیتاعی سناعە وەك پێویستە پێش نەخراوە، سیاحە وەك پێویستە پێش نەخراوە، زۆر شت زۆر لەو مەجالانە، ئیعتیمادی لەسەر چییە؟ هەر لەسەر نەوت بووە، هی نەوتەکەش یا بەدەست بەغدا بووە و یان بەدەست تورکیا بووە، لەولا ناردووتە تورکیا توانیویەتی تەحەکومی پێوە بکات، لەولاشەوە بەغدا شەرت و شروتی بۆ داناوی، لەبەر ئەوە بەڕەئی من وەك پێویستە پڕۆگرام و شتێکی وا نەبووە کە بتوانن ئیدارەکە بە باشی بکەن ڕێك و پێك بێ, پلانیان هەبێ و هەموو سێکتەرەکانی کۆمەڵگا پێش بخەن، وەك کەموکوڕی زۆر تیایە بەراستی, جگە لەوەی چونکە موددەتەکە درێژ بولاوە و فلتەڕێك نەبووە بۆ مەنعی بەعزێ شت، گەندەڵییەکی زۆر دروست بووە، ئێستا هەیە حالیەن، ئەوەش یەکێکیە لە کێشەکان، کە ئیشێکی زۆری دەوێ چارەسەری بکەی، چاکسازی بکەی، لەڕووی ئیدارییەوە، لە ڕووی دارایییەوە، لە هەموو ڕوویەکەوە، ئومێدەوارین ئەم حکومەتە تازەیە، وەکو خۆشیان دەڵێن، بتوانن هەندێ لەو کێشانە چارەسەر بکات.

> چونکە موددەتەکە درێژ بووە و فلتەڕێك نەبووە بۆ مەنعی بەعزێ شت، گەندەڵییەکی زۆر دروست بووە، ئێستا هەیە حالیەن، ئەوەش یەکێکیە لە کێشەکان، کە ئیشێکی زۆری دەوێ چارەسەری بکەی
>
> د.مەحمود عوسمان

بەڕێز (د.محمد شەریف) نووسەر و مامۆستای زانکۆش لەم بارەوە، ڕای وایە: کە تەنگ و چەڵەمەی حوکمڕانی، کەڵەکەی کرد، لەکاتی خۆیدا چارە نەکرا وەکو نەخۆشی و

ئیلتیهاب، بێ گومان بەم دۆخە دەگات. مەنتیق پێمان دەڵێت ئەگەر مەرجەکانی هەر دوو (مقدمە)ی دەلیل تەواو بوو، گومان لە ئاکامەکەی (نتیجە) نامێنێ.

بەڕێز (نیعمەت عبدالله) سەرۆکی پێشووی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان هۆکارەکانی گەیشتنی ئەزموونی حوکمڕانی هەرێم بەم دۆخە دەگەڕێنێتەوە بۆ:

> که تەنگ و چەڵەمەی حوکمڕانی، کەڵەکەی کرد، لەکاتی خۆیدا چارە نەکرا وەکو نەخۆشی و ئیلتیهاب، بێ گومان بەم دۆخە دەگات
>
> د.محمد شەریف

١- دروست نەبوونی حوکمڕانییەکی بە سیستەم کراو.

٢- هەڵوەشانەوە و نەبوونی متمانە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان.

٣- گەندەڵی ڕێکخراو کە بنکۆڵی دام و دەزگاکانی حکومەتی کردووە.

٤- لێکترازانی کۆمەڵگا و دابەشبوونی بۆ سەر حزب نەك بۆ نیشتیمان.

٥- بەهەند وەرنەگرتنی ڕاوێژ و ئەزموونی کەسان و لایەنی تایبەتمەند بۆ بەرژەوەندی گشتی.

٦- شکستی پەروەردە کە ئەمەیان زۆر مەترسیدارە.

بەڕێز (د.عوسمان عەلی) بەڕێوەبەری سەنتەری (تاسك) بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری و ستراتیژی, لەم ڕووەوە پێی وایە: هۆکارەکەی بۆ نەبوونی هەستێکی نەتەوەیی یان نیشتیمانی ڕوون و ئاشکرا و, هەژموونی میلیشیای حیزبی بە سەر دام و دەزگا پەروەردەییەکان و ناوەندەکانی خوێندندا دەگەڕێتەوە, هەروەها ڕێگری کردن لە دەرکەوتنی خۆشەویستی و وەلائی نیشتیمانی. هەروەك حیزبە دەسەلاتدار و

بالآدەستەکان خاوەن ئیمپراتۆریەتێکی دارایی و میدیایی گەورە و دەسەلاتێکی زۆرن لە جومگوکانی بڕیاردا, کە ئەمانەش دەبنە بەربەست و لەمپەر لە بەردەم دەرکەوتنی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتیمانیدا. شەڕە ناوخۆییەکانیش لە ساڵی ١٩٩١ ەوە و دەستوەردانی هێزە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان و کاریگەرییان لە سەر ڕووداوەکان, هۆکارێکی گرنگی دیکەیە بۆ شکستی بەڕێوەبردن و حوکمڕانی لە هەرێمدا.

> حیزبە دەسەلاتدار و بالآدەستەکان خاوەن ئیمپراتۆریەتێکی دارایی و میدیایی گەورە و دەسەلاتێکی زۆرن لە جومگوکانی بڕیاردا, کە ئەمانەش دەبنە بەربەست و لەمپەر لە بەردەم دەرکەوتنی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتیمانیدا.
>
> د.عوسمان عەلی

چۆن حوکمڕانییەکی باش بنیات بنێین کە دادپەروەری و حوکمی یاسا بەرقەرار بێت و متمانە بگەڕێتەوە بۆ نێوان هاوڵاتی و

> چاکردنی دۆخەکە و بنیاتنانی حوکمڕانییەکی باش پێویستی بە بنەبڕکردنی ریشەکانی گەندەڵی و مەحسوبیەت و حاڵەتە نایاساییەکان هەیە
>
> م. سەلاحەددین موحەممەد بەهائەددین

حیزبەکان و دەسەلات ؟ پرسیاری سێیەمی سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە بوو, لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا, بەڕێز مامۆستا (سەلاحەددین موحەممەد بەهائەددین) دەڵێت: چاکردنی دۆخەکە و بنیاتنانی حوکمڕانییەکی باش پێویستی بە بنەبڕکردنی ریشەکانی گەندەڵی و مەحسوبیەت و حاڵەتە نایاساییەکان هەیە, پێویستی بە یاسا سەروەری و چەسپاندنی پایەکانی دیموکراسی و یەکسانی و دادگەری هەیە, پێویستی بە چالاککردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی سەقافە و فەرهەنگی پێکەوە

ژیان و چەسپاندنی مافی مرۆڤ و یاسا سەروەری, سەبارەت بە پەیوەندی هاوڵاتی و دەسەڵات بەندە بە ڕادەی دادگەری دەسەڵات و هەڵگرتنی خەمەکانی هاوڵاتی .. ئەوسا هەردوولا خۆیان بە خاوەنی ئەزمونەکە ئەزانن و پێکەوە ئەیپارێزن لە هەڵدێر و پەرەی پێ ئەدەن لەو حاڵەتەشدا حزبیش دەبێ ڕێکخراوێکی مەدەنی خزمەتکار بێ لە بواری سیاسیدا، نەک ببێتە خزمەتکرا و و بەشخۆری میللەت.

> حزبیش دەبێ ڕێکخراوێکی مەدەنی خزمەتکار بێ لە بواری سیاسیدا، نەک ببێتە خزمەتکرا و و بەشخۆری میللەت
>
> م. سەلاحەددین موحەممەد بەهائەددین

بەڕێز (د.مەحمود عوسمان) بۆ ئەم پرسیارە وەڵام دەداتەوەو دەڵێت: حوکمڕانی ڕاست و دروست و تەندروست، دەبێ ئەوەڵەن موئەسسەسات هەبن، هەوڵ بدەین بۆ موئەسسەسە، بۆنموونە پەرلەمان موئەسسەسەیە، ڕەئیی عامە، ڕۆژنامەگەرییە، ئەمانە هەموو موئەسسەسەن، ئێن جی ئۆکانن، ئەوانە دەبێ پێگەی خۆیان هەبێ، بە ڕەئی من ئەمە یەکەمە بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی مەدەنی سڤیلی ڕاستەقینە بتوانین بچەسپێنین، وە حوکمی حیزبی نابێ هەبێت، حیزب پیرۆزە و لەهەموو کۆمەڵگایەکدا ئیشی خۆی دەکات، بەڵام دەبێ مەجال بدات کە ئیدارەکان بکەونە ئیش، ئەمە یەک، دووەمیش دەبێ هێزی چەکدار هەمووی یەکبگرێت، بکرێ بە هێزێکی نیشتیمانی، سەر بە حکومەت بێت، سەر بە

> حوکمی حیزبی نابێ هەبێت، حیزب پیرۆزە لەهەموو کۆمەڵگایەکدا ئیشی خۆی دەکات، بەڵام دەبێ مەجال بدات کە ئیدارەکان بکەونە ئیش، ئەمە یەک، دووەمیش دەبێ هێزی چەکدار هەمووی یەکبگرێت، بکرێ بە هێزێکی نیشتیمانی
>
> د.مەحمود عوسمان

دەوڵەت بێ و هێزەکە پیشەیی بێ، تابیعی ئەو حیزب و ئەو حیزب نەبێت، ئێمە کۆن چونکە هێزەکانمان تابیعی حیزبەکان بوون چەندین براکوژیشیان پێ کراوە، ئەوە مەسەلەن، تەبعەن نوقتەیەکی زۆر موهیممە، دووهەم، دەبێ سیستەمی دادوەریمان پاك بکرێتەوە، چاکسازی تیا بکرێ، سەیتەرەی حیزبەکان بەسەری نەمێنێت وەکو ئێستا، وە سەربەخۆ بێت، یانی سیستەمی دادوەری کە سەربەخۆ بوو هێزی سەربازیش کە پیشەیی و نیشتیمانی بوو، ئەو کۆمەڵگایە تەندروست دەبێت یانی خەڵك حیسابێکی بۆ دەکات، بەڵام ئێستا هەموویان حیزبین تەقریبەن، تەوزیع بوون، لەبەر ئەوە زەعیف بوون و سەربەخۆیی پێویستیان نەماوە، وە ناتوانن دەوری خۆیان وەکو پێویستە ببینن، ئەو کەموکوڕیانە دەبێت نەمێنن، سەربەستییەکان دەبێ بپارێزین، هاوڵاتیان ژیانیان باشتر بێت، یانی مەبەستم تۆ بتوانی هاوڵاتیش ڕازی بکەیت، ئەگەر هاوڵاتی ڕازی بکەیت و متمانە بگێڕیەوە بەینی خۆت و هاوڵاتی، هیچ قوەتێك نییە بتوانێ تۆ لەناو بەرێت، ئەوە ئەساسە, بێگومان ئەوەش دەبێ ئیشی لەسەر بکرێت، جگە لەوەی کێشەکان لەگەڵ بەغدا دەبێ بەجددی خەریك بن بۆ حەلکردنی چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ بەغدا زۆر دەوری هەیە لەو وەزعەی ئێمەدا.

> ئەگەر هاوڵاتی ڕازی بکەیت و متمانە بگێڕیەوە بەینی خۆت و هاوڵاتی، هیچ قوەتێك نییە بتوانێ تۆ لەناو بەرێت
> د.مەحمود عوسمان

> دەبێ سیستەمی دادوەریمان پاك بکرێتەوە، چاکسازی تیا بکرێ، سەیتەرەی حیزبەکان بەسەری نەمێنێت وەکو ئێستا، وە سەربەخۆ بێت
> د.مەحمود عوسمان

ئەمما وەڵامی بەڕێز (د.محمد شەریف) بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە: ئامرازی باڵانسی ئەم هەموو ململانێیانەی هەیە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا و ڕازی کردنی هەموو

لایەنەکان، لە هەموو جیهاندا تەنیا یاسایە، کە دەبێ بە یەکسانی جێبەجێ بکرێت، ئەوەش پێویستی بە هەماهەنگی هاوڵاتی و کۆمەڵگاو دەسەڵات هەیە. زۆر گرنگە، هەمو لایەنەکان بە باشی ئەرکی خۆیان بزانن و جێبەجێ بکەن پێشی مافی خۆیان. کۆمەڵگا گرێبەستە.

بەڕێز (نیعمەت عبدالله)ش بنیاتنانی حوکمڕانی باش و بەرقەرار بوونی حوکمی یاسا لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

١- جیاکردنەوەی سیاسەت و بازرگانی.

٢- هێنانەن پێشەوەی کەسی شایستە بۆ شوێنی شیاو.

٣- سزاو پاداشت.

٤- کاراکردنەوەی دەزگا رەقابیەکان.

٥- پێداچوونەوە بە سیستەمی پەروەردەو تەندروستی و دەسەڵاتی دادوەری.

٦- سەروەری یاسا.

٧- دوورکەوتنەوە لە قۆرخکاری.

> تا ئەو خاڵە نەرێنیانەی سەرەوە نەگۆڕین بە خاڵی ئەرێنیی، ناتوانین دادپەروەریی و حوکمی یاسا بچەسپێنین
>
> شوان هەورامی

بەڵام بۆچوونی بەڕێز (شوان هەورامی) لە بارەی بنیاتنانی حوکمڕانییەکی باش و بەرقەرار بوونی حوکمی یاسا و گەڕانەوەی متمانە بۆ نێوان هاوڵاتی و حیزبەکان و دەسەڵات, بەم شێوەیەی خوارەوەیە: تا ئەو خاڵە نەرێنیانەی سەرەوە نەگۆڕین بە خاڵی ئەرێنیی، ناتوانین دادپەروەریی و حوکمی یاسا بچەسپێنین، ئەوەش لەوەوە بەرقەرار دەبێت کە هەموو لایەنە سیاسیی و پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان، ئیرادەی ئەوەیان

هەبێت کە هەرێمەکە ببێتە هەرێمێکی دەستوورییو دامەزراوەیی و شەفاف, حیزب لە چوارچێوەی یاسادا کار بکات و ئابووریی ولات و دۆسیەی ئەمنیی و هێزی چەکدار و میلیشیای نەمێنێت و ئەوانە پارەستی جەماوەری گەل بکاتەوە، ئەو کاتە مافی هاوڵاتیی بوون پارێزراو دەبێت لەوەدا بڕیار بدەن لە چارەنووسی خۆیان و نوێنەری راستەقینەیان بۆ ئیدارەی هەرێمەکە هەڵبژێرن و وڵاتەکەیان بەرەو پێشەوە ببەن، چونکە جگە لەو گەندەڵییە کوشندەیە کە ئابووریی هەرێمەکە و ناوبانگیشی لەنێو بردووە، هەرێم خاوەنی هەموو بنەمایەکە بۆ هەستانەوەو بەرەو پێشەوە چوون و گەشەی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی.

> به داخەوە ئەوەی کە دەبینرێت، ئەو دوو پارتەی کە دەیان ساڵە بە بیانووی شەرعیەتی شۆڕشگێڕییەوە گۆڕەپانی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ئەمنیی کوردستانیان کۆنترۆڵ کردووە، تروسکاییەکیشیان تێدا نابینرێت بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بن بۆ بە دامەزراوەیی کردنی هەرێمی کوردستان
>
> شوان هەورامی

بە ڵام بە داخەوە ئەوەی کە دەبینرێت، ئەو دوو پارتەی کە دەیان ساڵە بە بیانووی شەرعیەتی شۆڕشگێڕییەوە گۆڕەپانی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ئەمنیی کوردستانیان کۆنترۆڵ کردووە، تروسکاییەکیشیان تێدا نابینرێت بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بن بۆ بە دامەزراوەیی کردنی هەرێمی کوردستان، بۆیە هەرێمیش لە بازنەی بۆشی قەیرانەکاندا دەسووڕێتەوەو قۆناغ لە دوای قۆناغیش بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، وەکو دیتمان لەدوای ریفراندۆمە بێ بەرنامەکەی کوردستانەوە – کە بۆ خواستی حیزبێك

ئەنجام درا – چەندین ساڵ کێشەی کورد بۆ دواوە گەڕایەوەو مەحاڵە کورد تا چەندین ساڵی تر بگاتەوە بە قۆناغی پێش لە ریفراندۆم ! !

لە وەڵامی دوا پرسیاریشماندا لە ژێر ناونیشانی: ئایندەی سیاسی هەرێم و دۆزی کورد لە نێو ئەم گۆڕانکارییانەدا چۆن دەبین؟ بەڕێز مامۆستا (سەلاحەددین موحەممەد بەهائەددین) ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان, دەڵێت: پاشە کشێ و تێکشکانەکانی حکومەت و دەسەڵاتدارانی هەرێم ئەبێ ببنە دەرس و عیبرەت و ئەم داڕوخانە ڕاگرن و بەهاوکاری گشت چالاکوانەکانی بواری سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و مەدەنی تەواوکارانە هاوکاری یەکتر بکەن و ئەزموونەکە ڕزگار بکەن ..کورد وەکو تاکە گەلێك لە ناوچەکەدا بە مانی شەرعی دەوڵەتداری خۆی نەگەیشتووە, بۆیە دەبێ هەموو کۆششەکان بە ئاراستەی گەیشتن بە سەربەخۆیی بێ.

> پاشە کشێ و تێکشکانەکانی حکومەت و دەسەڵاتدارانی هەرێم ئەبێ ببنە دەرس و عیبرەت و ئەم داڕوخانە ڕاگرن
>
> م. سەلاحەددین موحەممەد بەهائەددین

> کورد وەکو تاکە گەلێك لە ناوچەکەدا بە مانی شەرعی دەوڵەتداری خۆی نەگەیشتووە, بۆیە دەبێ هەموو کۆششەکان بە ئاراستەی گەیشتن بە سەربەخۆیی بێ.
>
> م.سەلاحەددین موحەممەد بەهائەددین

سەرنەکەوتنی وێستگەیەك مەرج نییە بڕیاری کۆتایی بێ، ئەم پاشەکشێیە قەرارى قەدەر نییە دەبێ ڕێکار وتاکتیك و تەکنیکەکان چاك بکەین و بەردەوام بە ئاراستەی گەیشتن بە سەربەخۆیی هەنگاو بنێین.

سەبارەت بە بنیاتنانی حوکمڕانی باش و بەرقەراربوونی دادپەروەری و ئایندەی سیاسی هەرێم و دۆزی کورد لە نێو ئەم

گۆڕانکارییانـەدا, بـەڕێز مامۆسـتا (عـەلی بـاپیر) ئـەمیری کۆمـەڵی ئیسـلامیی, چـەند هەنگاوێکی لەبەر چـاو گرتـوون, ئـەو دەڵێـت: مـن پێـنج بنـەمای گـرنگم بـۆ چارەسـەری قەیرانی هەرێم، لەبەر چاوگرتوون، بنەمای یەکەم ئەوەیە کە، با هـەموو لایـەکمان کـەم و کوڕییەکانی خۆمان ببینین، وە دانیشیان پێدا بهێنین، لـە حیکمەتـدا هـاتووە دەڵـێ: (إذا أحب الله عبدا، أبصره بعيوب نفسه) هەتا عەیبی خۆمان نەبینین و دانیشی پێدا نەهێنین، بۆمان چاك ناكرێ، با هیچمان پێمان وانەبێ لە سەرووی ڕەخنـەوەین، بـەخوا هـەموومان کەم و کوڕیمان هەن، ئەدی ئەم واقیعە کردەی دەستی ئێمـە نیـە؟، وەك پەنـدە عەڕەبییەکـە دەڵـێ: (یـداك أوكتـــا، وفـــوك نفـــخ) بەدەســتی خــۆت گرێــت داوە، بە زاری خـۆت فـووت تێکردووە.

(إذا أحب الله عبدا، أبصره بعيوب نفسه) هەتا عەیبی خۆمان نەبینین و دانیشی پێدا نەهێنین، بۆمان چاك ناكرێ، با هیچمان پێمان وانەبێ لە سەرووی ڕەخنەوەین، بەخوا هەموومان کەم و کوڕیمان هەن، ئەدی ئەم واقیعە کردەی دەستی ئێمە نیە؟

م. عەلی باپیر

کابرایەك تەماشای کرد، خەڵك بـە پـارە دەپەڕنـەوە لە ڕووبار، گوتی: ئنجا چ مـەجبوورم بـە پـارە بپەڕمـەوە، مەشـکەیەك، چـووپێکی هێنـا فووی تێکرد و بە دەستی خۆی بەستی و خۆی هاویشتە سەری، تابپەڕێتەوە، لەنێوەندی ڕووباردا چووپ بوو، یان مەشکە بوو، هەواکـەی لـێ دەرچـوو کەوتـە پەلـەقاژەی مـەرگ، هاواری دەکرد: دەربازم بکەن! پێیان دەگوت: (یداك أوكتا، وفوك نفخ) بەدەسـتی خـۆت گرێت داوەو، بە زاری خۆت فووت تێکردووە، ئەم واقیعەش، ئێمە نابێ هیچ کاممان شانی لەبەر دەربهێنین، بڵێ خەتای من نییە، بـەڵکو کـێ زیـاتر بەرپرسـیارە، زیـاتر خـەتابارە،

کەواتە: با بوێرانە دان بە هەموو کەم و کوڕییەکانی خۆماندا بهێنین، چونکە ناکرێ ئێمە هەڵەمان نەبێت و، ئەم واقیعەشمان ئاوا بێ!

بنەمای دووەم، با چاودێریکردنی خوا بەسەر خۆمانەوە ببینین. ئێمە میللەتێکی مسوڵمانین، خوای پەروەردگار دەفەرموێ:(وَمَنْ يَتَّقِ اللهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجاً) الطلاق: ٢. واتە: هەرکەس پارێز لە خوا بکات دەرووی خێری لێ دەکاتەوە، با جارجار بیر لە خوا و، لە قیامەت و، لە مێژوو بکەینەوە، ئێمە خاوەنمان هەیەو بەس خۆمان نین.

بنەمای سێیەم، ئێمە میللەتێکی مسوڵمانین و خاوەنی عەقیدە و کلتورێکی مسوڵمانەتین، لە ئیسلام و قورئان و سوننەتی پێغەمبەردا (درودی خوای لێ بێت) ڕەوشت و بەهای زۆر گەورە هەن، کە دەتوانین سوودیان لێ ببینین، یەکێ لەوانە بریتییە لەوە کە وڵات بە دادگەریی بەڕێوە دەچێ و فەڕاح دەبێ، وە بەزوڵم، ئینسان مالّی خۆشی لی وەتەنگ دێ، خوای دادگەر دەفەرموێ:(مَا كُنَّا مُهْلِكِي الْقُرَىٰ إِلَّا وَأَهْلُهَا ظَالِمُونَ) القصص: ٥٩. واتە: ئاوەدانییەکان لەبەین نابەین، مەگەر خەڵکەکەیان زاڵم بێ، ئێمە بە زوڵم وڵاتەکەمان لێ وەتەنگ دێ، وە بە دادگەری وڵاتەکەمان فەڕاح دەبێ.

> ئێمە بە زوڵم وڵاتەکەمان لێ وەتەنگ دێ، وە بە دادگەری وڵاتەکەمان فەڕاح دەبێ
>
> م. عەلی باپیر

بنەمای چوارەم، دەبێ ئەوە بزانین، کە ئەم وڵاتە پێویستی بە هەموومانە و کەسی لێ زیاد نییە، وە هیچ کاممان بەتەنێ بەش ناکەین، بۆ خزمەتی ئەم وڵاتە، ئەوەتا

> ئێمە لەیەك وڵاتداین و وەك سواربووانی کەشتییەك واین، ئەو کەشتییە لە هەر شوێنێکیەوە کونی تێ ببێ، ئێمە هەموومان غەرق دەبین
>
> م. عەلی باپیر

بەهەموشمان نەمانتوانیوە وەڵامگۆی داخوازییەکانی خەڵك بین، چ جا لایەنێك یان دوو لایەن.

بنەمای پێنجەم، ئێمە دەبێ بڕیارێکی کۆنکرێتیمان هەبێ و ململانێ سیاسییەکان نەهێڵین سەر بکێشێ، بۆ چارەسەری ئەمنیی و بیرکردنەوەی سەربازیی و زەخت و فشار لەیەکدی کردن، ئەمە ناگونجێ، ئێمە لەیەك وڵاتداین و وەك سواربووانی کەشتییەك واین، ئەو کەشتییە لە هەر شوێنێکیەوە کونی تێ ببێ، ئێمە هەموومان غەرق دەبین، ئەوە بە نیسبەت ئەو بنەمایانەوە، کە بە پێویستم زانی بیانخەمە ڕوو. هەندێك هەنگاوی کردەییش گرنگە بگیرێنە بەر، لەوانە: گێڕانەوەی حورمەت و شکۆ بۆ هەرێم و قەوارە سیاسییەکەمان، وەگەڕخستنی ئیرادەیەکی جیددیی بۆ چارەسەرێکی ڕیشەیی، کە ئەم وڵاتە بە دامەزراوە بکەین، یاسای تێدا سەروەر بێ، ئاشتی کۆمەڵایەتی هێندە سەقامگیر و کۆنکرێتی بێ هیچ کەس و لایەنێك بیر لەوە نەکاتەوە زیانی پی بگەیەنێ، من گەشبینم، خوا یاربێ ئەم قەیرانە تێدەپەڕێنین، ئەگەر تەماشای رابردووی خۆمان بکەین، بەسەر گرفتی زۆر گەورەتردا زاڵ بووین، خوا پشتیوان بێ بەسەر ئەو گرفتانەدا زاڵ دەبین، وە خوای پەروەردگار لە خۆمان ڕازی دەکەین و، خەڵك و میللەتەکەشمان ئاسوودە دەکەین.

بەڕێز (د.مەحمود عوسمان) سیاسەتمەدار ئایندەی سیاسی هەرێم و دۆزی کورد ئاوا دەبینێت: وەڵاڵا من ئایندەکە، ئەگەرێك هەیە، ئەگەر حیزبە سیاسییەکان، بەرژەوەندی کورد و کوردستان بخەنە پێش بەرژەوەندی خۆیان، بەیەکەوە ئیش بکەن لە چوارچێوەیەکی نیشتیمانی و نەتەوەییدا، من باشی دەبینم، یانی ئەوکاتە دەتوانن شت ببینن و بەرەو پێشەوە بڕۆن، وردە وردە کێشەکان حەل بکەن، هەندێ تەجاوزی شتە خراپەکانی کۆن بکەن بەڵام ئەگەر بە شکڵی ئێستا بمێنێ، هەر حزبەی بەجیا بۆ خۆی و لەگەڵ یەك ڕێکنەکەون و تەفاهوم نەکەن و هەریەکە بەجیا یەکێ بچێتە تورکیا و یەکێ بچێتە ئێران و یەکێ بچێتە ئەمریکا و یەکێ بچێتە بەغداو.. نەك هەر یەکیش نەبن، دژی یەکتر قسە بکەن لێرەو لەوێ، ئێ مەعلومە من بەباشی نازانم، بە ئایندەیەکی باشی

نازانم، لەبەر ئەوە دەبێ هەوڵ بدەن یەکگرتوو بن، بەرژەوەندی میللەتەکەیان بخەنە پێش هەموو شتێك، وە موئەسسەسات هەبێ ئیش بکات، دەستووریکیش بۆ خۆیان بنووسن .ئێمە ٢٠٠٥ لە بەغدا بەشێك بووین لەوانەی کە دەستووری عێراقمان نووسی، لە دەستووری عێراق ئێمە زۆر هەرامان کرد تا دەستوورەکەمان تەسبیت کرد، بە پێی دەستوورەکە ئیقلیم دەستووری خۆی دەبێت، مەعنای ئەوەیە کە دەستووری خۆت هەبوو ئەوە هەنگاوێکە بۆ قەوارەی خۆت، بەڵام (١٣) ساڵە نەیانتوانیوە بینووسن، لەبەر خیلافاتی حیزب، لەبەر ئەوە دەبێ دەستوورەکەش

> که دەستووری خۆت هەبوو ئەوە هەنگاوێکە بۆ قەوارەی خۆت، بەڵام (١٣) ساڵە نەیانتوانیوە بینووسن، لەبەر خیلافاتی حیزب
>
> د.مەحمود عوسمان

بنووسن، بەڕێکی و بەپێی دەستوورەکە ئیش بکەن، ئیتر ئەو وەختە هەموو ملکەچی ئەوە بن، ببێتە ئەساسێك بۆ قانوون دانان، ئەم خاڵانە ئەگەر بکرێن، مەعلومە هەم لە دەرەوە دەورت باشتر دەبێت، زیاتر حیسابت بۆ دەکرێت، هەم لە ناوەوەش متمانەی هاوڵاتیان پەیدا دەکەی و وەزعەکەت بەرەو باشتر دەڕوات.

> من وەختی خۆی لە ڕەفراندەمیش وتم، پێش ڕەفراندەم و وەختی ڕەفراندەم و پاشیشی، من ڕەئیم وابوو، کە ئەو خوێندنەوانەی هەبوون بۆ فاکتۆری دەرەکی بۆ هەڵوێستی وڵاتەکانی تر، هەڵە بوون
>
> د.مەحمود عوسمان

ئەی فاکتەری دەرەکی کاریگەری هەیە بۆ چارەسەری کێشەو قەیرانەکانی هەرێم؟

د.مەحمود دەڵێت: بۆ فاکتەری دەرەکی، من وەختی خۆی لە ڕەفراندەمیش وتم، پێش ڕەفراندەم و وەختی ڕەفراندەم و پاشیشی، من ڕەئیم وابوو، کە ئەو خوێندنەوانەی

هەبوون بۆ فاکتۆری دەرەکی بۆ هەڵوێستی وڵاتەکانی تر، هەڵە بوون. خوێندنەوەکان زیاد لە حەد تەفائولێکی زۆری هەبوو، تا ئێستا ئێمە وەکو میللەتێك وەکو نەتەوەیەك لەسەر ئەجێندەی نە ئەمریکا نە ڕووس، نە ئەوڕوپا نە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەنووساوە بە نەتەوەیەك، حیسابت بۆ دەکەن تۆ بەشێکی لە عێراق، ئەو بەشەکە لەوە، بەڵام وەك نەتەوەیەك، وەك میللەتێك، حیسابێکی ئەساسیت بۆ نەکراوە، لەبەر ئەوە هەموو ڕەئیان وایە کە تۆ لە وڵاتەکەی خۆت چیت دەست دەکەوێت ئەوەیە، هەوڵ بدە و ئەوانە، لەبەر ئەوەی فاکتۆری دەرەکی تا ئێستا بە شکڵێکی ئەرێنی نیە بەرامبەر ئێمە، وە دیسان لە ڕەفراندەم ڕەفتاری خەڵك چۆن بوو لەگەڵمان، مەعلومە ڕەفراندەم هەر دەنگدانە خۆ، دەنگدان تاوانێکی گەورە نییە بێگومان، ئێستاش فاکتەری دەرەکی بە قەناعەتی من دوو فاکتۆر هەیە هی دەرەکی: فاکتۆری دەوروبەرەکانمان کە ئێران و

“تا ئێستا ئێمە وەکو میللەتێك وەکو نەتەوەیەك لەسەر ئەجێندەی نە ئەمریکا نە ڕووس، نە ئەوڕوپا نە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەنووساوە بە نەتەوەیەك”

د. محمود عوسمان

“من لە (١٩٧٥) ەوە ڕەئیم وایە، من لەو وەختەوە پێم وایە نابێ کورد پشت بە فاکتۆری دەرەکی ببەستێت، ئیللا لەکاتێکدا کە دەرەکی ئیعتیراف بکات کە تۆ میللەتێکی مافی چارەنووست هەیە

د. محمود عوسمان

تورکیان و سوریا و ئەمانەن، ئەوانە تەئیدی کورد ناکەن، دژیشین، چونکە ئەگەر دژ نەبوونایە خۆ کوردی خۆیان هەیە، حەقێکیان ئەدا بە کوردی خۆیان، ئەوە کێشەیەکە, فاکتۆری دەوڵەتانی ئەورۆپا و دەرەوە و ئەوانەش هەیە، لەڕووی ئینسانییەوە نەوعە عەتفێکیان هەیە بەڵام لەڕووی سیاسییەوە حیسابی میللەتێکت بۆ ناکەن کە مافی چارەنووست هەیە، وە زۆرجار ئەو دەوڵەتانەی ناوچەکە لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکان هاوکارن، ئەوەش فاکتۆرێکی باش نییە بۆیان، لەبەر ئەوە من بڕوا ناکەم، کورد نابێ پشت بە فاکتۆری دەرەکی ببەستێ، بەڵام دەبێ هەوڵ بدات وردە وردە لە دەرەوە بتوانێت تۆزێک زیاتر پشتیوانی پەیدا بکات، بەڵام فاکتۆری دەرەکی ئەساس نییە، من لە (١٩٧٥) ەوە ڕەئیم وایە، من لەو وەختەوە پێم وایە نابێ کورد پشت بە فاکتۆری دەرەکی ببەستێت، ئیللا لەکاتێکدا کە دەرەکی ئیعتیراف بکات کە تۆ میللەتێکی مافی چارەنووست هەیە، ئیتر ئەو وەختە حسابت بۆ دەکەن، بەڵام تا ئێستا حیسابمان بۆ ناکەن، مەسەلەن لە تورکیا، تورکیا دەڵێ پەکەکە تیرۆریستە، ئەوانی دەرەوەش هەموو دەڵێن تیرۆریستە، مەسەلەن، لە ڕۆژئاوا ئەوان تەماشا دەکەن، چۆنە وەزعی کوردی ڕۆژئاوا، کوردی ئێران، عەینی شت، بە ساڕوخ لێی دەدەن بۆ ئەمدیو، هیچ کەس قسە ناکات، ئێمەش عەینی شت، ڕاستە مەرحەبا لە ئێمە هەیە، دێن و دەچن، بەڵام وەک شتێکی سیاسی لە چوارچێوەی عێراقدا، مەسەلەن ئەمجارە (پۆمپیۆ) هاتووە بۆ ئێرە، ئەوانی کە هاتوون، هەموو پێت دەڵێن لەگەڵ بەغدا

> دۆزی کورد، بەتایبەت لە دوای ڕۆڵی سەرەکییان لە تێکشکاندنی تیرۆریستی داعش، کەوتیتە نێوان موعادەلاتی نێودەوڵەتی وەکو ژمارەیەکی ڕێز لێگیراو, بۆیە، بۆ ئایندەی دۆزی کورد ئاسۆیەکی ڕوون دەبینم
>
> د.محمد شەریف

هـەوڵ بـدەن کێشـەکانتان حـەل بکـەن و ئەوانـە، ئیـدی، ئـەو شـتانە دەبـێ بـە وردی بیانخوێنینەوە، هەڵە نەکەین، خۆشباوەڕ نەبین، ئەو شتانە وایە، یانی بەڕەئی من.

> ئەگەر کورد خۆی ڕێکبخات شکۆی خۆی لای خەڵک بگەڕێتەوە هیوایەک بەدی دەکرێ.
> نیعمەت عبدالله

بـەڕێز (د.محمـد شـەریف) نووسـەر و مامۆسـتای زانکۆش، ئاسـۆ بـە ڕوونـی دەبینێـت و لـەم بـارەوە، دەڵێت: دیسان، دیارە، کە دۆزی کورد، بەتایبەت لـە دوای ڕۆڵی سـەرەکییان لـە تێکشـکاندنی تیرۆریسـتی داعش، کەوتیتە نێوان موعادەلاتی نێودەوڵەتی وەکو ژمارەیـەکی ڕێـز لـێگیراو, بۆیـە، بـۆ ئایندەی دۆزی کورد ئاسۆیەکی ڕوون دەبینم. واللە خیر حافظاً وهـو ارحم الراحمین.

بەڵام بەڕێز (نیعمەت عبدالله) سەرۆکی پێشـووی یـەکێتی پـەرلـەمانتارانی کوردسـتان، پێچەوانەی دکتۆر محمد شەریف, گەشبین نییە بە ئایندەی سیاسی هەرێم و دۆزی کورد, چونکە:

١- کورد خۆی ئامادە نەکردووە، بۆیە هیچی پێ نابڕێ .

٢- مەترسی و ناکۆکییەکان قوڵتر دەبنەوە.

٣- گەڕانەوە بۆ سەد سالّ پێش.

٤- بەڵام ئەگەر کورد خۆی ڕێکبخات شکۆی خۆی لای خەڵک بگەڕێتەوە هیوایـەک بـەدی دەکرێ.

بەڕێز (د.عوسمان عەلی) بەڕێوەبەری سـەنتەری (تاسـک) بـۆ لێکۆڵینـەوەی فیکـری و ستڕاتیژی، چارەسەر بۆ ئایندەی هەرێم لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

١- ڕێککەوتن لەسەر بەڵێننامەیەکی نیشتیمانیی کوردستانیی کە بنەماکانی ببنە بناغە بۆ دارشتنی دەستوورێك بۆ هەرێم بە شێوەیەك دەسەڵاتەکان تیایدا بە پێی بنەما دیموکراتیەکان دابەش بکرێن و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتیش هەبێت.

٢- دەستووری نوێکە گرەنتی ئەوە لەخۆ بگرێت کە دامەزراوەکانی دادوەری و پێشمەرگە و دام و دەزگا ئاسایشییەکان نەبنە دامەزراوەی سەر بە حیزبەکان.

٣- پێکهێنانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستانیی بۆ دارشتنی سیاسەت و پرسە چارەنووسسازەکانی هەرێم، وە ئەنجومەنەکەش سەر بە پەرلەمانی کوردستان بێت.

٤- یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە و پێکهێنانەوەیان لەسەر بنەمای ناحیزبیی.

> پێکهێنانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستانیی بۆ دارشتنی سیاسەت و پرسە چارەنووسسازەکانی هەرێم، وە ئەنجومەنەکەش سەر بە پەرلەمانی کوردستان بێت.
>
> د.عوسمان عەلی

> پێکهێنانی لیژنەی باڵای وزە و سامانی نیشتیمانی بۆ چاکسازیی سیاسەت و پلانە هەڵەکان لە بواری پەرەپێدان و هەناردەکردنی نەوت و غازدا
>
> د.عوسمان عەلی

٥- پێکهێنانی ئەنجومەنێکی باڵای کوردستانیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و، گێڕانەوەی سامانی گشتی و سزادانی گەندەڵکاران.

٦- پێکهێنانی چەند لیژنەیەکی نیشتیمانی بۆ چاکسازیی لە سەرجەم جومگەکانی حکومەت بە پشت بەستن بە ئەزموونە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، ئەو لیژنانە ڕاپۆرتەکانیان پێشکەش بە حکومەت دەکەن بۆ داڕشتنی سیاسەتی چاکسازیی لە بوارەکانی خوێندن و دادوەری و تەندروستی.

٧- پێکهێنانی لیژنەی باڵای وزە و سامانی نیشتیمانی بۆ چاکسازیی سیاسەت و پلانە هەڵەکان لە بواری پەرەپێدان و هەناردەکردنی نەوت و غازدا، ئەمەش هەرگیز بەدی نایەت ئەگەر ئەو سیاسەت و پلانانە و داهاتەکانی وزەو سامانە سروشتییەکان شەفاف نەبن و چاو نەگێڕدرێتەوە بە تەواوی گرییەستەکانی نەوت و غازدا.

دواجار، بەڕێز (شوان هەورامی) نووسەر و توێژەر، ڕاوبۆچوونی خۆی لەمەڕ ئایندەی سیاسیی هەرێم و دۆزی کورد لە نێو ئەم گۆڕانکارییانەدا بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو:

کورد بە چەندین نەیاری سیاسیی و مێژوویی گەمارۆ دراوە، بەڵام وەکو ئاماژەمان پێدا، ئەوەی کە زیانی کەمەرشکێنی بە کورد گەیاندووە، دەردی پەرتەوازەیی و گرفتە ناوخۆییەکانی بووە بە درێژایی مێژووی هاوچەرخی، ئەوەش وایکردووە حیزبەکان لەبری دامەزراوەکان بڕیار بدەن، کاتێکیش حیزب بڕیار بدات بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دەکاتە قوربانیی بەرژەوەندییە کاتیی و حیزبییەکان، گوتارەکان بچووک دەبنەوە بۆ گوتاری تەسکی حیزب و کاریزمای حیزبیی.

لە هەموو جیهاندا حیزبەکان بوونەتە پێشەنگ بۆ گەلانیان و ڕێبەرایەتییان دەکەن بۆ تێپەڕاندنی قۆناغەکان و پێشەوایەتی کردنیان بۆ یەکخستنی نیشتمانییان و سەربەخۆیی بڕیاری سیاسییان، کەچی بە پێچەوانەوە یەکێك لە خاڵە نەرێنییەکانی گەلەکەمان بوونی ئەو حیزبانەیە کە بوونەتە ڕێگر لە بەردەمی دروست بوونی گوتاری نەتەوەیی و نیشتمانییدا! تەنانەت ئەم جۆرە مۆدێلەی حوکمڕانیی لە کوردستان، ئەگەر دەسکەوتێکیشی لێ بکەوێتەوە، هیچ کاتێ باشتر نابێت لە ئەزموونی باشووری سودان،

> “بەبێ بە دەستوورییی و دامەزراوەیی و نیشتمانیی کردنی داو و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان، مەحاڵە دۆزی کورد و گوتارەکەی بگاتە ئەنجام”
>
> شوان هەورامی

کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا نزیکەی ٢١ ملیار دۆلاری ئەو ولاتە لەلایەن مافیای دەسەلاتەوە لەنێو چووەو بانکی ناوەندیی ئەو ولاتە مایەپووچ بووە، ئێستا بە ملیۆنان کەس لەوانەی کە دەنگیان بە سەربەخۆیی باشووری سودان داوە، بەهۆی شەڕی خوێناویی نێوان (سلفاکیر میاردید)ی سەرۆکی ولات و (ریاك مەشار)ی جێگری سەرۆك، جگە لە کوژرانی دەیان هەزار کەس، بە ملیۆنانیش ئاوارەی ناوخۆ و ولاتانی ناوچەکە بوون، کە نزیکەی ٦٠٠ هەزاریان ئاوارەی باکووری سودان بوونەتەوە، کە لە ٢٠١١ دا دەنگیان دا بۆ ئەوەی لێی جوێ ببنەوە. بۆیە بەبێ بە دەستوورییی و دامەزراوەیی و نیشتمانیی کردنی داو و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان، مەحاڵە دۆزی کورد و گوتارەکەی بگاتە ئەنجام. بە تایبەتی نەیارەکانیشی — چ لە بەغدا و چ لە ولاتانی تریش — کاتێ بزانن ئەوە حاڵی کوردە، باشتر دەتوانن گوشاری بخەنە سەر و پاشەکشەی پێ بکەن، هەر بۆیەش دەبینین نەیارەکانی کورد ئەم جۆرە مۆدیلەی دەسەلاتیان پێ خۆشە کە پشتی خاڵییە لە پشتیوانیی خەڵك و زۆر ئاسانە ئەجێنداکانیانی بەسەردا بسەپێنن، بۆیە ئێستا ڕایدەگرن و مامەڵەشی لەگەڵدا دەکەن، حەز ناکەن حوکمێکی دەستووریی و دامەزراوەیی و پێگەیشتوو لەم ولاتەدا بەرقەرار بێت، چونکە مەحاڵە بتوانن خواستەکانیان بەسەر دەسەلاتی جەماوەرییدا بسەپێنن ! !

لە دەرەنجامی ڕیپۆرتاژەکەمان و وەڵامی بەشدارانی ڕیپۆرتاژەکە, دەگەینە ئەوەی کە کێشە و قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان— وەکو بەشداربووان کۆکن لە سەری — کۆن و کەڵەکەبوو و دەرهاوێشتەی کەم و کوڕییەکانی ڕابردوون, دەردی پەرتەوازەیی و گرفتە ناوخۆییەکان و دروست نەبوونی حوکمڕانییەکی بە سیستەم کراو بە درێژایی مێژووی

هاوچەرخی کورد، خوێندنەوەی هەڵە بۆ قۆناغەکان و بێ پلانی, دواجار وایکردووە حیزبەکان لەبری دامەزراوەکان بڕیار بدەن و، متمانە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان نەمێنێت و, گەندەڵی ڕێکخراو بڵاو ببێتەوە, وە هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی لاواز ببێت.

چارەسەریش, خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵێك کار و هەنگاو, لەوانە: بە دامەزراوەییکردن و جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت و سیاسەت لە بازرگانی, دانانی پلانێکی تۆکمە بۆ گەڕانەوە بۆ باڵادەستی بەرژەوەندی گەل و نیشتیمان و سەروەری یاسا و, بنەبڕکردنی ڕیشەکانی گەندەڵی و مەحسوبییەت و، دەستاو دەستکردنی دەسەڵات و دوورکەوتنەوە لە قۆرخکاری، یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و پێکهێنانەوەی لەسەر بنەمایەکی ناحیزبی, تەواو کردنی دانانی دەستوری هەرێم و پیادەکردنی عەدالەت و چاکسازیی لە هەموو بوارەکاندا.. پێداچوونەوە بە سیستەمی پەروەردە و تەندروستی و دەسەڵاتی دادوەری, گەڕانەوەی متمانە بۆ نێوان لایەنە سیاسییەکان و خەڵك و دەسەڵات لەسەر بنەمای وەلانانی بەرژەوەندی تەسك, هێنانە پێشەوەی کەسانی شایستە بۆ شوێنی شیاو، شەفافییەت لە داهاتی وزە و سامانە سروشتییەکان. هەروەك ئەو پێشنیارەش لای هەندێ لەم بەرێزانە هەبوو, کە بەڵێننامەیەکی نیشتیمانیی کوردستانیی ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت و, ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستانیی پێکبێت بۆ دارشتنی سیاسەت و پرسە چارەنووسسازەکانی هەرێم.

پەتای گەندەڵی و چۆنیەتی بەرەنگار بوونەوەی

ئامادەکردنی: سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە

پێناسەی گەندەڵی:

گەندەڵی – الفساد – Corruption زۆر پێناسەی بۆ کراوە، لە ڕووی زمانەوانییەوە بە مانای: خراپبوون و خراپەکاریی هاتووە، لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە (ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ..) سورەتی ڕۆم/٤١، واتە: پشێوی و خراپەکاریی دەرکەوت و بڵاو بوویەوە لە وشکانی و دەریادا بە هۆی کرد و کۆشی دەستی خەڵکی و ئەو کار و تاوانانەی دەستیان داوەتێ. هەروەها بە مانای تێکچوون، وەرگرتنی سامان بە ستەم و ناڕەوا یان بە هەدەردانی، لە بەریەکهەڵوەشانەوەی ئۆرگانی مادە بە هۆی بەکتریاوە، هۆکار بۆ گۆڕان لە چاکەوە بۆ خراپە دێت، هەروەك بە مانای بۆگەنبوونی تەرم دێت دوای مردنی.

زاراوەی (الفساد) لە زمانی عەرەبیدا بەرامبەر (الصلاح) بە کار دێت، هەروەك (المفسدة) بەرامبەر (المصلحة) بە کار دێت، لە قورئاندا هاتووە (..وَاللَّه يَعْلَمُ الْمُفْسِدَ مِنَ

الْمُصْلِح..)، سورەتی بەقەرە/۲۲۰، واتە: خودا دەزانێ و کەسی خراپەکار و بەدکار لە کەسی باش و چاککار دەناسێت و ئاگاداریەتی.

لە ڕووی زاراوەییەوە، گەندەڵی دیاردەیەکە فەرهەنگەکانی زمان و کتێبە ئاسمانییەکان و ڕاو بۆچوونی پسپۆڕان پێناسەیان کردووە، بە گوێرەی پێناسەکان گەندەڵی بریتییە لە قۆستنەوەی پلەو پۆستێکی گشتی و حکومی لە لایەن تاکێک یان گرووپێکەوە بۆ دەستخستنی سوودێکی ماددی یان مەعنەوی بە وەرگرتنی بەرتیل یاخود بەهەدەردانی سامانی گشتی یان بە زەمینە سازی بۆ پلەو پۆستێك بۆ نزیك و لایەنگرانیان. بە کورتی زاراوەکە لە بەرامبەرنەزاهە و دەسپاکی یاخود لە بەرامبەر بەرتیل بەکاردێت.

کەوابوو گەندەڵی بریتییە لە گۆڕان و وەچەرخانی شتێك لە حاڵەتی سروشتی و قبوڵکراوی خۆی بۆ حاڵەتێکی تێکچووی قبوڵنەکراو. لە نموونەکانی گەندەڵی: بەخشین و قبوڵکردنی بەرتیل و دیاری نەگونجاو، مامەڵەی سیاسی نایاسایی، فرت و فێڵ و قۆڵبڕین، ساختەکاریی و شۆردنەوەی سامان، یاری کردن بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان..

بانکی نێودەوڵەتی پێناسەی گەندەڵی کردووە بەوەی بریتییە لە (بەکارهێنانی ئەرك و پلەو پۆستێکی گشتی بۆ قازانجی تایبەتی). (عماد عبدالرزاق الشیخ داود، الفساد والاصلاح، دمشق، ۲۰۰۳، ص۲۳).

جۆرەکانی گەندەڵی: گەندەڵی زۆر جۆری هەیە، لەوانە: گەندەڵی کۆمەڵایەتی، کارگێڕی، ئابووری، ئەخلاقی، سیاسی کە لوتکەی گەندەڵییە. بە شێوەیەکی گشتی دوو چەشنی گەندەڵی هەیە: یەکەم: گەندەڵی بچووك یان لاوەکی، کە بریتییە لەوەی کاریگەرییەکانی بچووکن و زۆر زەق نین، بۆ نموونە گەندەڵی لە ڕێژەیەکی کەم لە سامان و داراییدا، یان ئەوەی پەیوەندیدارە بەو کەسانەی خاوەن دەسەڵات و کاریگەری نین لە وڵاتدا، بەڵام ئەگەری هەیە گەندەڵییەکە لێکەوتەی خراپی هەبێت و ببێتە مایەی کێشە و گرفتی گەورە، وەکو پارەدان بۆ گۆڕینی دادوەرێکی تر پێچەوانەی بڕیاری دادگا. دووەم:

گەندەڵی گەورە، ئەویش ئەو گەندەڵییەیە کە کاریگەری نەرێنی گەورە و ڕاستەوخۆی درێژ مەودای دەبێت لە سەر وڵات، بۆ نموونە گەندەڵییەك گوژمە و قەبارەی گەورە بێت و بەرپرسانی پلە باڵا پێی هەڵبستن، وەك دزینی پارەیەك بۆ پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری گشتی تەرخان کرابێت، یان بەخشینی پلە و پۆست لە سەر بنەمای مەحسوبیەت و مەنسوبیەت بە کەسانێك کە شایستە نین.. وە هەروەها ا..

بە گشتی گەندەڵی ڕێز نەگرتنە، بەڵکو بێڕێزی کردنە بە متمانەی گشتی و، دەستدرێژییە بۆ سەر نەزاهەت و دەستپاکی کە چاوەڕوان دەکرێت لە فەرمانبەری گشتی، دواجار لێدانە لە جەستەی کۆمەڵگا کە سەر دەکێشێ بۆ تێکچوونی شیرازەکەی و داڕووخانی بەها ئەخلاقییەکانی، ئەمەش بەهۆی لەدەستدانی کۆنترۆڵەوە لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕییەوە کە میسداقیەتی خۆیان لە ئەنجامی قۆستنەوەی مافی گشتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی، لە دەستداوە.

بە گشتی گەندەڵی ڕێز نەگرتنە، بەڵکو بێڕێزی کردنە بە متمانەی گشتی و، دەستدرێژییە بۆ سەر نەزاهەت و دەستپاکی کە چاوەڕوان دەکرێت لە فەرمانبەری گشتی، دواجار لێدانە لە جەستەی کۆمەڵگا کە سەر دەکێشێ بۆ تێکچوونی شیرازەکەی و داڕووخانی بەها ئەخلاقییەکانی

هۆکارەکانی گەندەڵی: بە گشتی هۆکارەکانی گەندەڵی لەم خاڵانەدا کورت دەبنەوە:

١-ناجێگیری سیاسی و جێبەجێ نەکردنی یاسا و ڕێسا و بڕیار و ڕێنماییەکان.

٢-هەڵپەکردن بۆ دەستخستنی سەروەت و سامان، مرۆڤ بە سروشتی خۆی حەز لە سامان و مووڵکدارێتی دەکات، هەندێ جار

هۆکاری گەندەڵی ئارزوومەندی ڕەهای بەرپرسانە بۆ دەسەڵات و پارە، بێ لەبەر چاو گرتنی سنووری یاسایی و ئەخلاقییەکان.

٣–نەبوونی یان کەمی چاودێری بە سەر دام و دەزگا و ڕێکخراوەکاندا.

٤–لاوازی پاڵنەری ئایینی و کەمی هەستکردن بە چاودێری خوای گەورە بە سەر کار و گوفتار و ڕەفتاری مرۆڤەوە.

٥–لاوازی هەستی نیشتیمانی و ئەخلاقی و ئینتیما بۆ خاک و وڵات.

٦–کەمی هوشیاری میللەت و بێ دەنگی و بوێری نەبوون و وەدەنگ نەهاتن لە بەرامبەر گەندەڵی و گەندەڵکاران، ئەمەش دەبێتە هاندەر بۆ بەردەوامی گەندەڵی.

٧–بارودۆخی سەختی ئابووری، زۆر جار بارودۆخی سەختی ئابووری دەبێتە پاساو بۆ قۆستنەوەی دەسەڵات و پلە و پایە بۆ دەسکەوتی کەسیی و، هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کەمبوونەی لە داهاتی تایبەتیدا ڕووەدات بە دەستبردن بۆ مالّی ئەوانی تر، بە تایبەت مالّی گشتی، وەک ئەوەی کە مووچەی پێ نادرێت، یان لە کاتی خۆیدا پێی نادرێت، یان هەر هۆکارێکی تر.

٨–نەبوونی دادپەروەری و، بوونی جیاکاری لە کۆمەڵگادا.

٩–بوونی ژینگەی کلتوری و کارگێڕی کە تیایدا هانی گەندەڵی دەدرێت و چاوپۆشی لێ دەکرێت و، خۆدزینەوە لە پابەند بوون بە شەرع و یاسا و ڕاکردن لە بەرپرسیارێتی سانا و ئاسایی دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بڵاو بوونەوەی گەندەڵی و باڵا دەستی زیاتری گەندەڵکاران.

١٠–لاوازی چاودێری و لێپرسینەوەی پەرلەمان و، سستی دەسەڵاتی دادوەری لە هەندێ وڵات و ناوچەدا و، نەبوونی شەفافیەت و، ڕێگری لە ڕێڕەوی عەدالەت، هەروەها

پشکپشکێنەی حیزبی و نەبوونی دادپەروەری لە دامەزراندن و ئیفاد و پلە بەرز کردنەوەدا، کە ئەم کارانەیان بۆ بکرێت بە ڕێگایەکی نایاسایی و دوور لە نەزاهەت و دەسپاکی.

١١–سیاسەتی نێودەوڵەتی و سیستمی بانکی و دانی قەرز و کۆمەک بە وڵاتانی جیهانی سێیەم و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هۆکارێکی تری گەندەڵییە لە ناوچەکەدا، ئەمەش لە میانی فەراهەمکردنی هەلومەرجی گونجاو بۆ کۆمپانیا گەلێکی نێودەوڵەتی بۆ سەرمایەگوزاری و حەقدەستی هەرزان و دەستڕاگەیشتن بەسەرچاوە سروشتییەکان لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا بە هاوکاری سەرۆک و حکومەتە ناوخۆییەکان لە سەر حیسابی گەلەکانیان و، ناچارکردنیان بە ملکەچبوون بۆ بڕیار و مەرجەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (International Monitory Fund)، و بانکی نێودەوڵەتی (World Bank), کە وڵاتان و گەلان دەخەنە ژێر قەرز و سوودی بانکییەوەو هاندەر نین بۆ سە قامگیربوونی سیاسی و ئابووری لەم ناوچەیەی ئێمەدا.

> **“** به پێی ڕاپۆرتێکی ناوەندی عێراقی بۆ لێکۆڵینەوەو شیکاریە سیاسییەکان (ICPAR) قەبارەی گەندەڵی لەعێراق و هەرێمی کوردستاندا گەیشتۆتە زیاتر لە ٧٨٥ ملیار و، حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠١٩ دا بە بەهای زیاتر لە ٨٠١ ملیار دۆلار گەندەڵیان ئەنجامداوە و زیانیان بە سامانی گشتی عێراق و هەرێمی کوردستان گەیاندووە **”**

قەبارەی گەندەڵی:
گەندەڵی یەکێکە لەو پەتا کوشندانەی تووشی هەر دەسەڵات و حوکمڕانییەک ببێت

دووچاری کێشەی گەورەی دەکات و دەبێتە خۆرە بۆی، عێراق و لە ناویشیدا هەرێمی کوردستان دووچاری ئەم پەتایە بووە لە هەرەمی دەسەڵاتەوە تا خوارەوە، بە پێی راپۆرتێکی ناوەندی عێراقی بۆ لێکۆڵینەوەو شیکاریە سیاسییەکان (ICPAR) قەبارەی گەندەڵی لەعێراق و هەرێمی کوردستاندا گەیشتۆتە زیاتر لە ٧٨٥ ملیار و، حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠١٩ دا بە بەهای زیاتر لە ٨٠١ ملیار دۆلار گەندەڵیان ئەنجامداوە و زیانیان بە سامانی گشتی عێراق و هەرێمی کوردستان گەیاندووە، ئەمەش لە رێگەی کۆمەڵێك فێڵ و میکانیزمی دارایی و کارگێڕی وەك پرۆژەی وەهمی، دزین و بەقاچاخبردنی نەوت، هەبوونی زیاتر لە یەك ملیۆن و ١٠٠ هەزار فەرمانبەر و مووچەخۆری بندیوار لەهەردوو حکومەتی بەغدا و هەولێر!

ساڵانەش عێراق لە رِیزی هەرە پێشەوەی وڵاتە گەندەڵەکاندایە و رِێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی ئەو وڵاتەی لە رِیزی هەرە پێنج وڵاتە گەندەڵەکان داناوە و ئامارەکانی گەندەڵی تێیدا بڵاو دەکاتەوە.

بەرەنگار بوونەوە و چارەسەر کردنی گەندەڵی: نەهێشتن و کەمکردنەوەی گەندەڵی پێویستی بە کۆمەڵێك رِێوشوێن و رِێکاری تایبەت هەیە لەوانە:

١- بەهێز کردنی پابەندبوونی ئایینی و ئەخلاقی، ئینتیمای نیشتیمانی و مرۆڤایەتی.

٢- هۆشیارکردنەوەی فەرمانبەران و هاوڵاتیان بە گشتی لە پەتای گەندەڵی.

٣- دەرکردنی یاسا و رِێنمایی توند و گونجا و لە گەڵ دیاردەی گەندەڵی و جێبەجێکردنیان، گەندەڵکارانیش بە ئاشکرا و لەبەر چاوی خەڵك سزا بدرێن بۆ ئەوەی ببێتە پەند کەس جورئەتی ئەوە نەکات دووبارەی بکاتەوە.

٤- دەستاو دەستکردنی دەسەڵات و قۆرخنەکردنی.

٥- دانانی سیستەم و یاسای شەفافیەت لە وڵاتدا کە پێچەوانەی شاردنەوەی گەندەڵییە.

٦- پێکهێنانی دادگای تایبەت بە کەیسەکانی گەندەڵی.

٧- چاکسازیی لە دۆسیەی نەوتی هەرێم و، پەسندکردنی بودجەی ساڵانە.

٨- ڕێگریکردن لە دەستبەسەراگرتنی موڵك و مـاڵی حکومـەت و زەوی کشـتوکاڵی و گەڕاندنەوەی ئەوانەی دەستیان بەسەردا گیراوە.

٩- جێبەجێکردنی یاسای ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠١١ یاسای ئەنجومەنی گشتی ڕاژەی هەرێم و پێکهێنانی ئەنجومەنی ڕاژە.

١٠- دابینکردنی هـەڵی کـاری گونجـاو بـۆ هاوڵاتیـان لـە میانـەی دروسـتکردنی کـادیری گونجاو بۆ هەموو بوارەکانی کۆمەڵگا.

١١- باشتر کردنی مووچە و بژێوی فەرمانبەران و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی تاکـەکـانی کۆمەڵگا بە گشتی.

١٢- نەهێشتنی بندیوار و فەرمانبەری وەهمی و، خانەنشینی بە پلەی باڵا و ناشایستە.

١٣- دامەزراندنی کادیری لاوی چالاك و دەستپاك و خـاوەن توانـا و بـەهرە و شـارەزایـی زانسـتی لـە بـواری کـار و کـارگێڕی و، سـنووردانان بـۆ بیرۆکراتیـەت و، گـەشـەپێـدان و بەرەوپێشبردنی تواناکانی فەرمانبەران و پاداشتکردنیان لەسەر کاری داهێنەرانە.

١٤- پاداشتکردن و هاوکاری کردنی ئەو کەسانەی لە فەرمانگەکان هەڵدەستن بە دژایەتی کردنی گەندەڵی و ئاشکراکردنی دۆسیەکانی گەندەڵی لـەو فـەرمانگانـەی تێیانـدا دەوام دەکەن.

١٥- خستنەڕووی حوکمی شەرعی ئەو کەسانەی گەندەڵی دەکەن، کە ئیسلام چـۆن لـەو کارە قێزەونە دەڕوانێت.

١٦– کردنـەوەی خـولی بـەردەوام بـۆ هوشـیارکردنەوە لـە ڕووی ئـایینی و دەروونـی و کۆمەڵایەتی.

١٧– دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو.

١٨–چاودێری بەردەوامی لیژنەکانی پەرلـەمـان و داواکـاری گشـتی و چـاودێری دارایـی و دەستەی دەسپاکی و، پێکهێنانی ئـەنجومـەنێك بـۆ بـەرەنگـار بوونـەوەی گـەنـدەڵـی و، لیژنەکانی بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی لە هەمـوو دام و دەزگاکادنـدا بـۆ چـاودێریکردنی فەرمانبەران و کارمەندانی حکومەت.

١٩–کاراکردنی حکومەتی ئەلیکترۆنی.

٢٠–بـوونی سـترٌاتیژیەتـی بـەرەنگاربوونـەوەی گـەنـدەڵـی و، بـەرنامـەی بـەردەوام لـە کەناڵەکانی ڕاگـەیاندن بـۆ بـەرزکردنـەوەی ئاسـتی ڕۆشـنبیری تـاك بـۆ دژایـەتـی کردنـی گەندەڵی و پاراستنی سامانە نشتیمانییەکان.

٢١–سانا کردنی یاسا و ڕێنماییەکان بۆ تێگەیشتن و مامەڵە لە گەڵ کردنیان.

٢٢–ئەمە وێڕای چاکسازی و پەرەپێدانی سیسـتەمـی بـاج و گـومرگی، چـاودێری کردنـی بۆرسە و بازاڕی دارایی و دراو، بەرەنگار بوونەوەی تاوانی ڕێکخرا و و شۆردنەوەی پـارە، چاودێری کردنی کۆمپانیاکان و خستنە لیستی ڕەشی ئەوانەی لە گەندەڵی تێوە دەگلێن.

بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی لە ڕووی یاساییەوە: گەندەڵی بە تایبەتی گەندەڵی ئیداری پەیوەستە بە فەرمانبەرەوە، یاسا تا ئەو شوێنەی مرۆڤ درکی بۆی دەچێت هەڵسـاوە بـە ڕێکخسـتنی ئـەو حاڵەتانـەی ئەگـەری ڕووداندیـان هەیـە تـاکو ڕێگـەبگرێت لـە هـەرجۆرە گەندەڵییەك، لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٦٩ لە دەروازەی شەشـەمدا باس لەو تاوانانە دەکات کە پەیوەستن بە سنووری ئەرکەکانی فەرمانبەر کـە تاوانـەکانی بەرتیل و دزیکاری و سنوور بەزاندنی دەسەاڵتی فەرمانبەرێتی دەگرێتەوە (لە ماددە ٣٠٧

تـاکو مـاددە ٣٤١)، لـەم چـەند ماددەیـەدا یاسـادانەر بـە ڕێکخسـتنی چـەند تاوانێـک و دەستنیشان کردنی سزای قورس بۆیان هەوڵیداوە ڕێگری بکات لە گەندەڵی.

بۆ نموونە لە مـاددەی ٣٠٧ بڕگـەی یەکـەم دەڵێـت: هـەر فەرمانبـەرێک یـان ئـەو کەسـەی خزمەتی گشتی دەکات بۆخۆی یان بۆ یەکێکی دیکە داوای کـرد یـان ڕازی بـوو دیاریـیـەک وەربگرێت یان سوودێک یان دەستکەوتێک یان بەڵێنی شتێک قبوڵ بکات سزا دەدرێـت بـە بەندکردن بۆ ماوەیەک لە ١٠ ساڵ زیاتر نەبێت یان بە زیندانی کردن یا بە غەرامەکردن...

هەروەها لە ماددەی ٢٣٤ی یاسای سزادانداا هاتووە: بە زیندانیکردن یـان غەرامـەکردن سـزا دەدرێـت هـەر دادوەرێـک بڕیـارێکی ناهـەق بـدات و ئـەو بڕیاردانـە بـەهۆی نێوەندکاریـیەکەوە بووبێت، لەم ماددەیەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە یاسادانەری عێراقـی تەنانەت ڕێگری لـە گەندەڵی لـە بـەرزترین دەسـەڵاتی دەوڵەتیشدا دەکات کـە ئـەویش دادوەرە و بەپێچـەوانەوە وەک هـەر هاوڵاتیـیـەکی تـر ڕووبـەڕووی سـزا دەبێتەوە.

> **بە گشتی یاسا بەرکارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان یاسای باش و تۆکمەن و توانای ئەوەیان هەیە ڕێگری بکەن لە گەندەڵی و ئەنجامدەرانی بە سزای خۆیان بگەێنن ئەگەر وەک خۆیان جێبەجێ بکرێن، بەڵام کێشە لەوەدایە یاساکان جێبەجێ ناکرێن!**

یاسـای دەسـتەی دەسـپاکی هـەرێمی کوردسـتانیش ژمـارە ٣ی سـاڵی ٢٠١١ی هـەموارکراو، لـە بەشـی چـوارەم (حوکمـەکانی بەدەسـتهێنانی نـاڕەوا)دا بەدەسـتهێنانی نـاڕەوا (الکسـب غـیر المشـروع) ی ڕوونکردۆتـەوە، لەگـەڵ دیـاریکردنی سـزای ئـەو کەسـەی بـەو گەندەڵییە هەڵدەستێت, ماددەی (پـازدەم) دەڵێـت: هـەر کەسـێک بـۆ خـۆی یـان غـەیری خـۆی دەسـکەوتێکی نـاڕەوای دەسـت بکـەوێت ئـەوا سـزا دەدرێـت بـە بەنـدکردن یـان

زیندانیکردن بۆ ماوەیەک لە (٧) حەوت ساڵ زیاتر نەبێت و, بە غەرامەیەک یەکسان بێت لەگەڵ دەسکەوتە ناڕەواکەی و, دەسبەسەرداگرتنی ئەو دەسکەوتەی.

بە گشتی یاسا بەرکارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان یاسای باش و تۆکمەن و توانای ئەوەیان هەیە ڕێگری بکەن لە گەندەڵی و ئەنجامدەرانی بە سزای خۆیان بگەێنن ئەگەر وەک خۆیان جێبەجێ بکرێن، بەڵام کێشە لەوەدایە یاساکان جێبەجێ ناکرێن!

شیکردنەوەی یاسایی و بە یاسایی کردنی بەرزکردنەوەی ئاڵای هەرێمی کوردستان لە پارێزگای کەرکوک

نایف شێخانی
لە دایك بووی ١٩٧٥، دیبلۆم لە بواری پزیشکی، بەکالۆریۆس لە یاسا، ماجستێر لە یاسای گشتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی کۆیە، پسپۆڕ لە یاسای گشتی نێودەوڵەتی و نوێنەری یاسایی وەزارەتی تەندروستی

بەرزکردنەوەی ئاڵای هەرێمی کوردستان لە پارێزگای کەرکوك لە تەنیشت ئالای حکومەتی عێراقی فیدرال مشتومر و ناڕەزایی لێ کەوتەوە لەسەر ئاستی ناوەخۆ و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بۆیە بەباشم زانی شیکردنەوەیەکی یاسایی بۆ ئەم بابەتە بکەم و چۆنیەتی شەرعیەت دان لەڕووی یاساییەوە بخەمە ڕوو بە پێی یاسای گشتی نێودەوڵەتی و بڕیارو ڕاگەیاندن و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان و پرنسیپە گشتیەکانی نێودەوڵەتی و دەستوری عێراقی فیدرالدا . بەگەڕانەوە بۆ پرنسیپە گشتیەکان : پرنسیپی شۆرشی ئەمریکی لە ساڵی ١٧٧٦ دا کە تیایدا هاتووە خەڵکی لە دایك بوونە وە یەکسانیشن لە مافدا و هەمووان مافی خۆیان هەیە ئەویش مافی ژیان و مافی ئازادی و مافی

گەڕان بەدوای خۆشی ژیان، وە بۆ پاراستنی ئەو مافانەش حکومەت و هەرێم دروست کراوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی دادوەر بێتە کایەوە بۆ ئەم مەبەستە، وە پرنسیپی شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ زایینی دا کە لە ١٧ ماددە پێکهاتووە پێداگری ئەکات و ئەڵێت نەزانین و گرنگی نەدان و ڕێزنەگرتن لە مافەکانی مرۆڤ تەنها هۆکارە بۆ ئەزیەت دانی کۆمەڵگاکان و گەندەڵی حکومەت، وە لە ماددەی ٢ هاتووە دەڵێت هەموو کۆبوونەوەیەکی سیاسی بۆ پاراستنی مافە سروشتیەکانی مرۆڤە کە نابێت پێشیلکاری بەرامبەر بکرێت، وە شۆڕشی ئۆکتۆبەر — بڕیاری موئتەمەری گەلان لە لەندەن لە ساڵی ١٨٩٦ دا هاتووە دەڵێت ئەم موئتەمەرە داکۆکی ئەکات و تەئکید ئەکاتەوە کە هەموو گەلان مافی تەواویان هەیە لە دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسین و پاراستنی مافەکانیان، وە هەروەها ئەو ١٤ پرنسیپەی سەرۆکی ئەمریکا (ویلسۆن) لە ساڵی ١٩١٨ دا بڕیاری لەسەری دا تیایدا هاتووە دەبێت دەستەبەری مافی سیاسی و ئابووری بکرێت بۆ گەلان وە دەستەبەری مافی ئەو گەلانە بکرێت کە تا ئێستا نەیانتوانیوە مافی چارەنووسی خۆیان بۆ دابین بکرێت، وە بە پێی لێدوانی هاوبەشی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا لە ساڵی ١٩١٨ دا هاتووە دەبێت ئەو گەلانە ئازاد بکرێن کە تا ئێستا لەژێر چەوسانەوەدان بە ئازادکردنێکی تەواو و کۆتایی وە دروست کردنی حکومەت و ئیدارەی نیشتمانی کە دەسەڵاتەکانی سەرچاوە دەگرێت لە خەڵکی دانیشتوانی ناوچەکە و خۆیان خاوەن بڕیارن لە چۆنیەتی ئیدارەدان.

هەروەها بە پێی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان : ئیتفاقیەی مونتیفیدیو لە ساڵی ١٩٣٣، بە پێی ئەم ئیتفاقیەیە لە ماددەی یەکەم دا پرنسیپێك لە پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی ماف دەدات بە هەموو گەلان بۆ دیاری کردنی مافی خۆیان کە خەڵکی لە شوێنێکی دیاری کراو ئەژین لە جوغرافیایەکی ناسراو وە خاوەنی دەسەڵاتێکی ئیداری و سیاسین لە ناوچەکە، وە بە پێی پەیماننامەی ئەتڵەسی لە ساڵی ١٩٤١ دا کە سەرۆکی ئەمریکا (ڕۆزفلت) لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا (تشرشل) چەند

پرنسیپێکی هاوبەشیان دانا لە پرنسیپی ٣ دا دەڵێت ئەمریکا و بەریتانیا ڕێز لە هەموو گەلێك ئەگرن لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئیدارەدان و حوکم کردن لەو ناوچانەی کە تیایدا دەژین، وە هەروەها ڕاگەیاندنی هلسنکی لە ساڵی ١٩٧٥ دا لەم ڕاگەیاندراوەدا مافی چارەی خۆنووسین ئەگرێتە خۆی وە جیاوازی ئەکات لە نێوان مافی گەل و کەمایەتیەکان لە ڕووی یاساییەوە وە لە بەندی ٤ ی ئەم ڕاگەیاندنەدا دەستەبەری پاراستنی پێکهاتە نیشتمانیەکان ئەکات، وە هەروەها دەستەبەری مافی چارەی خۆنووسینی گەلان ئەکات وە بۆ کەمایەتیەکان و پێکهاتەکان نیە کێشە بنێنەوە لە مافی چارەی خۆنووسین، وە ئەم مافە لەگەڵ پرنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو پێوانانەی پەیوەندیدارە بە یاسای گشتی نێودەوڵەتی چوون یەکە لە چوارچێوەی ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی لە دەوڵەتدا، وە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی مەدەنی و سیاسی لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٦٦ دا کە عێراق واژۆی لەسەر کردووە لە ساڵی ١٩٧١ دا کە لە ٥٣ ماددە پێکهاتووە لە ماددەی یەکەمدا دەڵێت هەموو گەلێك مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی هەیە کە ئازادە لە دیاری کردنی ناوەندی سیاسی لە ئیدارەدان وە نابێت هیچ گەلێك مەحروم بکرێت لە هۆکارەکانی چۆنیەتی ژیانی وە ئەولایەنانەی واژۆیان کردووە ڕێز لەو مافە بگرن بە پێی ئەحکامەکانی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، وە هەروەها پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری کە وەك چۆن لە مافە مەدەنیەکان باسمان کرد کە عێراق واژۆی لەسەر کردووە لە ساڵی ١٩٧١ دا، وە هەروەها ڕاگەیاندنی پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٧٠ دا، وە موئتەمەری ساڵی ١٩٩٣ ئینکاری لە مافەکانی گەلان، وە پەیماننامەی (باسیفیك) لە مانیلا بەسترا لە ساڵی ١٩٥٢ دا، وە ڕاگەیاندنی هاوبەشی نێوان سەرۆکی ئەمریکا (ئایزنهاور) و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی بەریتانیا (تشرشل) لە سالی ١٩٥٥ دا، وە پەیماننامەی ڕێکخراوی دەوڵەتە ئەفریقیەکان، وە ڕاگەیاندن و بەرنامەی کاری (ڤیننا) لە موئتەمەری نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٩٣ دا کە هەموو گەلان مافیان

هەیە بۆ دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسین وە دیاری کردنی ناوەندێکی سیاسی بە ئازادی وە ئەم موئتەمەرە جیهانیە بۆ مافەکانی مرۆڤ حاڵەتێکی تایبەت دەگرێتەوە بۆ ئەو گەلانەی پێشتر لەژێر دەسەڵاتی ئیستعماریدا بوون وە یان هەر شێوەیەك لە دەسەلاتی بیانی یان داگیرکاری بیانی دابووە کە بەشێوەی ئاشتی ئەو گەلە مافی گرتنەبەری هەر ڕێکارێکی مەشروعی هەیە بە پێی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان وە هەر بەرپەرچدانەوەیەك بۆ ئەم مافە بە پێشێلکاری ئەژمارئەکرێت بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ. هەروەها بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان: پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ماددەی (١+٢+٥٥) دا پشتگیری لەو مافە ئەکات و بەرپرسیارەتی سەرەکی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیە وە ڕێگری کردنە لە تێکدانی ئاشتی گەلان بە پێی پرنسیپی دادوەری و یاسای نێودەوڵەتی وە دابین کردنی مافی گەلان بۆ دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسین وە سەرکوتکردنی دوژمنکاری و تێکدانی ئاشتی و ئاسایشی گەلان، وە بەگەڕانەوە بۆ ڕاگەیاندنی مافی ئینتما بۆ پێکهاتەی گەلان .. بە پێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ٤٧\١٣٥ لە ١٩٩٢ دا هەموو دەوڵەتەکان و هەرێمەکان ئەبێت هەڵسن بە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەکان، ناسنامەی ڕۆشبیری و زمان و ئایین، وە بە پێی ڕاگەیاندنی جیهانی مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨ دا کە هەموو کەسێك مافی ئازادی و بیروڕا دەربڕینی هەیە وە خواستی گەل سەرچاوەی دەسەڵاتی حکومەتە ئەم خواستەش بەشێوەی هەڵبژاردنێکی دروست و دیاری کراودا و لەسەر بناغەی دەنگدان و یەکسانی هەموان دەردەبڕدرێ، وە تیایدا هاتووە هەموو کەسێك شایستەی

> به پێی یاسا نێودەوڵەتیەکان و ڕاگەیانراوە نێودەوڵەتیەکان و بڕیارە نێودەوڵەتیەکان و دەستوری کۆماری عێراق، بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستان لە تەنیشت ئاڵای عێراق لە دام و دەزگاکاندا کارێکی یاساییە

سیستەمێکی فیدراڵی و کۆمەڵایەتی و نێونەتەوەییە کەلە سایەیدا هەموو مافەکان تیایدا ئازادییەکان تیایدا پارێزراون، وە لە ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی ڕێگەدان بە سەربەخۆیی گەلان کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

پشتگیری ئەکات بە بڕیاری ١٥١٤ (د — ١٥) لە کانونی یەکەم \ دیسمبر ١٩٦٠ دا کە ئەمە بە گرنگترین و دیارترین بڕیار دائەنرێت لە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە مافی داوە بە گشت گەلێك بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوە، وە هەروەها بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە A\٣٣١٤ \ RES لە (دەورەی\٢٩\١٩٧٤) لە ماددەی ٧ دا، وە هەروەها بڕیاری ژمارە ٢١٠٥ لە سالی ١٩٦٥ دا ، وە بڕیاری ٢٦٢٥ سالّی ١٩٧٠ دا ، وە بڕیاری ٣٠٧٠ ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، وە لێژنەی نێودەوڵەتی بۆ مافی چارەی خۆنووسین . وە هەروەها بە پێی دەستوری کۆماری عێراق، لە ماددەی ١١٥ دا هاتووە هەرشتێك لە سنوری دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵدا ئاماژەی پێ نەکرابێت، ئەوە دەبێتە دەسەڵاتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە، ئەگەر ناکۆکی دروست بوو لەسەر دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان، ئەوا پێشینە بۆ یاسای هەرێمەکەیە. وە بە پێی ماددەی ١٤٠ لە بەندی ٢ دا هاتووە ئەو بەرپرسیارەتیەی لەسەر شانی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنە لە حکومەتی ئینتقالیدا کە لە ماددەی (٥٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەدا ئاماژەی پێکراوە، بەردەوام ئەبێت و دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی هەڵبژێردراو بە گوێرەی ئەم دەستوورە بۆ ئەوەی بەتەواوی جێبەجێ بکرێت (ئاسایی کردنەوە، سەرژمێری، لە کۆتاییدا

ئەنجامدانی ڕاپرسی لە کەرکوك و ناوچەکانی تر کە ناکۆکیان لەسەرە بۆ دیاری کردنی ویستی هاوڵاتیان). بۆیە لە کۆتاییدا ئەڵێم بەپێی هەموو پرنسیپە گشتیانەی نێودەوڵەتی و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان وە هەروەها بە پێی یاسای نێودەوڵەتیەکان و ڕاگەیانراوە نێودەوڵەتیەکان و بڕیارە نێودەوڵەتیەکان و دەستوری کۆماری عێراق، بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستان لە تەنیشت ئاڵای عێراق لە دام و دەزگاکاندا کارێکی یاساییە و هیچ کیشەیەکی لەگەڵ یاسادا نیە، وە ئەولایەنانەی دژایەتی ئەکەن ئەوا پێشێلکاری ئەکەن بەرامبەر بە مافی نەتەوەی کورد بەبەردەوام بوونیان لە پێشێلکاری و ئەبێ ڕێکاری یاساییان بەرامبەر وەربگیرێت و لە دادگایەکی نیشتمانیدا سزا بدرێن، وە ئەو دەڵەتە دراوسێیانەی کە دەڵێن بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لە شاری کەرکوك نایاساییە ئەوا ئەبێت بەخۆیاندا بچنەوە و بگەڕێنەوە بۆ پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەمەی ئەوان ئەیکەن بەزاندن و پێشێلکاری سەروەری عێراق و هەرێمی کوردستانە و بە هیچ شێوەیەك بۆیان نیە دەست وەردان بکەن لە کاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراقدا، چونکە ئەم هەنگاوەیان پێشێلکاری نێودەوڵەتیە بەرامبەر دەوڵەتێکی دراوسێی خۆیان, وە لە ڕووی نێودەوڵەتیەوە سزای یاسایی لەسەرە، وە بۆ ئەوان وا باشترە خەریکی چاککردنی کێشە ناوخۆییەکانی خۆیان بن، وە سەبارەت بەنەتەوە یەکگرتووەکان ئەبێت پشتگیری ئەم کارە بکات و واز لە بڕیاری دووفاقەیی بێنێت و لە سەر ڕێگا ڕاستەکەی خۆی بڕوات کە لە پێناویدا دروست بووە، وە لە پێناو بەرژەوەندی وڵاتانی تر بڕیاری هەڵە نەدات چونکە بۆ ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە باش نیە، وە سەبارەت بە ناڕەزایی تورکمانەکان و عەرەبەکان با بیر لە داهاتووی خۆیان بکەنەوە با بزانن لەبەر سێبەری کێ پارێزراون ؟ وە تا ئێستاش عەرەبە سوننەکان هەرێمی کوردستان ئەیانپارێزت و کۆمەکیان ئەکات لە ڕووی مرۆییەوە، و سوود لە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان وەرئەگرن بۆ پاراستنی گیان و شەرەفیان، وە هەرێمی کوردستان قوربانی زۆری داوە لەم پێناوەدا، بۆیە ئێستاش پێویستە هەموو

لایەنەکان پێڕۆژبایی بکەن لە شوێنی دژایەتی کردنی، وە مـن دەسـت خۆشـی ئەکـەم لـە پارێزگاری پێشووی کەرکوك بەڕێز (د. نجم الدین کریم) و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بەڕێز (مهندس ڕێبوار تاڵەبانی) و هەموو ئەوانەی ئامـادە بـوون بـۆ ئەنجامـدانی ئەم کارە مێژوویـیە، وە پاڵپشتی خۆم ڕائەگەیەنم بۆ پارێزگاری کردن لێیان لـە دادگاکـان وەکو پسپۆر لە یاسای گشتی نێودەوڵەتی لە دادگا نیشتمانی و دادگا نێودەوڵەتیەکان بۆ چەسپاندنی ئەو کارەی کە ئەنجامیاندا.

ئەو حاڵەت و تاوانانەی بۆ یاسا و کۆمەڵگا نوێن

پاریزەر ڕێکان تەحسین سالّەیی
لەدایك بووی سالّی ١٩٩٣، دەرچووی کۆلێژی یاسایە لە زانکۆی سەلاحەددین، خاوەنی ٣ کتێب و تۆژینەوەیەکی یاساییە و وەرگێڕی ٢٦ کتێبە لە بواره جیاوازەکاندا ... سەرەڕای نووسینی ووتاری یاسایی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕی سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوەیە.

هەرچەندە جیهان بەرەوپێشچوون بەخۆیەوە ببینێت کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش زیاتر ڕووبەڕووی تاوانی نوێ و حاڵەتی نامۆ دەبێتەوە کە بۆ یاسا و کۆمەڵگا نوێیە، هەر چەندە زانست و کۆمەڵگاش بەردەوام شان بە شانی پێشکەوتنەکان پێشکەوتوون بۆ چارەسەر کردنی ئەو حاڵەتە نوێیانە، لە ولاّتانی پێشکەوتوو و لە هەزری مرۆڤانی ژیردا سەرهەڵدانی هەر حاڵەتێکی نامۆ دەبێتە جێگەی سەرنج و لێکۆڵینەوە، جاری وا هەیە

گەیشتن بە ڕاستی ڕووداو یان حقیقەتە زانستییەکان کاتێکی ئێجگار زۆری دەوێت بۆ نموونە: کەیسی (پێر ریۆێر) وەرچەرخانێکی گەورەی لە بواری دادگاییکردن و سزادان و زانستەکانی وەک یاسا، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، پزیشکی یاسایی دروست کرد، (پێر ریۆێر) گەنجێکی تەمەن ٢٠ساڵ بوو لە گوندێکی وڵاتی فەڕەنسا دەژیا، لە ١٨٣٥/١/٣ دایك و خۆشك و برایەکەی خۆی دەکوژێت و دوای گەڕانێکی زۆر، پۆلیسی فەڕەنسا (پێر ریۆێر) دەستگیردەکات و دوای لێکۆڵینەوە و دادگایی کردن سزای لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت، هەرچەندە پێش ئەوەی سزاکە جێبەجێ بکرێت (پێر ریۆێر) لە زیندانداا دەمرێت، بەڵام وەك تاوانبارێك ناوی لە مێژوودا مایەوە، کەچی دوای ١٦٠ ساڵ میشیل فۆکۆ و هاوڕێکانی لێکۆڵینەوەیەکی وورد لەو کەیسەدا دەکەن، دەرەنجام ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبێتە هۆی بێ تاوان بوونی (پێر ریۆێر) و گۆڕینی یاسایی تاوانکاری فەڕەنسا و پێشکەوتنی پزیشکی دادوەری و پتەوبوونی پەیوەندی نێوان یاسا و دەروننناسی و کۆمەڵناسی، چونکە دەرەنجامی لێکۆڵینەوە بۆیان دەرکەوت کە (پێر ریۆێر) لە دۆخێکی دەروونی سەختدا بووە و نەیتوانیوە باشە و خراپە لە یەکدی جیا بکاتەوە ئەمەش پاڵپشت بە لێکۆڵینەوە لە ڕاپۆرتە پزیشکی و ووتەی شاهێدان و دەستنووسەکانی خودی (پێر ریۆێر).

لە ئێستاشدا بە هۆی پێشکەوتنی خێرای جیهان لە هەموو ڕووەکانەوە حاڵەتی نوێمان ئێجگار زۆرە کە هەندێکجار دەگاتە ئەو ڕادەیەی هزری مرۆڤ لە ئاستیاندا بێ دەسەڵات دەبێت، لێرەدا چەند حاڵەتێکی نوێ و هەوڵ بۆ چارەکردنیان دەخەینە ڕوو:

یەکەم: پێشکەوتنی زانستی پزیشکی:

لە وڵاتی ئیتاڵیا دکتۆرێك بەناوی (سێرجیۆ کانیڤیرۆ) بەرنامەی دارشت بۆ پرۆسەیەکی پزیشکی ئێجگار مەزن، ئەویش گواستنەوەی سەری مرۆڤێك بوو بۆ سەر لاشەی مرۆڤێکی دی، ئەم پرۆسەیە و هەموو پرۆسەیەکی هاوشێوەی ئەمە کە بۆ خزمەتکردنە بە

مرۆڤایەتی و باشترکردنی ژیانی مرۆڤ ناکرێت ڕێگری لێبکرێت، هەرچەندە هەندێك ولّات دژی وەستانەوە، هەر چەندە تاکو ئێستا لەسەر مرۆڤ سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە بەلّام دەنگۆیەك هەیە کە چینییەکان لەسەر مەیمون تاقیانکردۆتەوە و سەرکەوتووە بووە، ئەم کەیسە نوێ و نامۆیە لە جیهانی یاساناساندا مشتومڕێکی زۆری پەیدا کرد، یاساناسانی بواری یاسای نێودەوڵەتی تایبەت بەدوای شوناسی ئەو کەسە نوێیەدا دەگەڕێن کە لە جەستەی کەسێك و سەری کەسێکی تر پێکهاتووە ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕووبدات، ئایا ! ئەو کەسە نوێیەی لە دەرەنجامی نەشتەرگەرییەك دروست دەبێت، هەڵگری ڕەگەزنامەی کام کەسە دەبێت؟ ئایا ! ئەو مرۆڤە نوێیە هەڵگری ڕەگەزنامەی خاوەن جەستەکە دەبێت یان ڕەگەزنامەی خاوەن سەرەکە؟ ئەگەر خاوەن سەرەکە مەسیحی بێت و خاوەن جەستەکە مسوڵمان، دوای پێکەوە لکانیان ئەوکەسەی دروست دەبێت پەیڕەوکاری چ ئاینێك دەبێت؟

هەندێك لە یاساناسان ڕایان وابوو کە کەسە نوێیەکە دەبێتە خاوەنی ڕەگەزنامەی خاوەن سەرەکە، هەندێکی تر لە یاساناسان ڕایان پێچەوانە بوو و پێیان وایە کەسە نوێیەکە دەبێتە خاوەنی ڕەگەزنامەی خاوەن جەستەکە. لەبەرامبەر ئەمانەدا ڕایەکی تر هەیە کە دەڵێت: ئەو کەسە نوێیە خاوەنی هەر دوو ڕەگەزنامەکەیە و دەتوانێت هەردووکی بەکار بهێنێت وەك چۆن زۆر کەس هەن خاوەن دوو ڕەگەزنامەن، دوای خستنە ڕووی ئەم بیرۆکەیە بۆچوونێکی نوێ دروست بوو، ئەم بۆچوونە دەڵێت پێویستە هەردوو ڕەگەزنامەکە لە کەسەکە وەرگرینەوە و ڕەگەزنامەیەکی نوێی پێ بدەین چونکە، ئەم کەسە نوێیە خاوەن کەسایەتیەکی تێکەڵّە بۆ نموونە سە و تۆڕەکانی چاوی هی مرۆڤێکە و پەنجەمۆر و هەستیاری پێستی هی مرۆڤێکی تر‌ە بۆیە واباشترە وەك مرۆڤێکی سەربەخۆ و جودا لە هەردوو مرۆڤەکەی دی مامەڵەی لەگەڵ بکەین و ڕەگەزنامەیەکی نوێی پێ بدەین، هەندێك لە زانایان پێیان باشە ڕەگەزنامەی ئەو ولّاتەی پێ بدرێت کە نەشتەرگەرییەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت.

تاکو ئێستا هیچ ولاتێك به فەرمی هیچ بۆچوونێکی پەسەند نەکردووە و هیچ شتێکی فەرمی لەبارەیەوە نییە، بەڵام ئەم بابەتە قوولتر بۆتەوە و یاساناسان بەردەوامن لە موناقەشەکردنی، بۆ نموونە ئایا! خێزان و منداڵ و سامانی هەریەك لەو کەسانە دوای نەشتەرگەریەکە چی لێ دێت؟ ئەو کەسە زیندوو و چالاکەی دوای نەشتەرگەری دەژیت دەبێتە خاوەنی سەرجەم هەبووەکانی هەردوو کەسەکە یاخود نا؟ ئەم

پرسیارانە و سەدان پرسیاری دی کە دەشێت لە ئایندەدا هەبێت ئاستەنگی و وەرچەرخانی گەورە لە بواری یاسا دروست دەکەن و حاڵەت و دۆخێکی نوێیە بۆ کۆمەڵگا، هەندێك پێیان وایە هەرگیز ئەو نەشتەرگەرییە سەرناگرێت بۆیە پێویست بە نیگەرانی ناکات، هەندێکش پێیان وایە پێویستە مرۆڤایەتی پێشوەختە خۆی بۆ هاتنەدی شتێکی لەو شێوەیە ئامادە بکات.

دووەم: تێکشکانی پەیوەندییەکان:

بەداخەوە لە هەموو جیهاندا تێکشکانی پەیوەندییەکان پێیناوەتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە، بە نموونەیەکی ڕاستەقینەی نێو یەکێك لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان باس لەم حاڵەتە دەکەین: لە یەکێك لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان کەیسێك هاتە بەردەم دادگا کە خوشك و برایەك پەیوەندییەکی ناشەرعییان پێکەوە هەبووە و باوکەکەیان دەیویست کوڕ و کچەکەی بکوژێت، دادگاش لە هەوڵی چارەسەر کردنی ئەم حاڵەتە ناخۆشە بوو کە هاتۆتە پێشی، بەڵام لە کاتی لێکۆڵینەوە ڕاپۆرتی پزیشکی ئاماژەی بەوەدا کچەکە دووگیانە، دوای لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە کچەکە دانی بەوەدانا منالەکە هی براکەیەتی، کوڕەکەش لاری نەبوو لەسەر ئەوە، ڕەنگە یاسا دەسەلاتی دابێت بە دادوەر تاکو ئەو خوشك و برایە لە سێدارە بدات، بەڵام سەرەڕای ئەوەی سزای لە سێدارەدان لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ ناکرێت، ژنی دووگیانیش لە سێدارە



نادرێت تاکو منداڵەکەی نەبێت، تێکشکانی پەیوەندییەکان دوای لەدایك بوونی منداڵەکە دروست دەبێت، ئایا ! باوك و دایکی ئەو منداڵە کێیە؟ دەکرێت باوك و خاڵی منداڵەکە یەك کەس بێت؟ دەکرێت دایك و پوری منداڵەکە یەك کەس بێت؟

ڕەنگە ولاتانی پێشکەوتووی وەکو ئەمریکا و ئەوروپا و کەنەدا هاوڕەگەزبازی و هاوشێوەکانیان قبوڵ بێت، بەڵام هەرگیز مرۆڤ تێکشکانی پەیوەندییەکانی لە هیچ دۆخ و کات و شوێنێکدا قبوڵ نییە، چونکە هۆکارێکە بۆ تێکچوونی کومەڵگا و لەناوچوونی مرۆڤایەتی، بۆیە یاساش هەمیشە ئەم بابەتانە بە بێدەنگی دەشارێتەوە و چارەسەریان دەکات، چونکە تەنانەت بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەم ڕووداوانەش زیانی بۆ کۆمەڵگاو بەها باڵاکانی مرۆڤایەتی هەیە.

ڕەنگە ولاتانی پێشکەوتووی وەکو ئەمریکا و ئەوروپا و کەنەدا هاوڕەگەزبازی و هاوشێوەکانیان قبوڵ بێت، بەڵام هەرگیز مرۆڤ تێکشکانی پەیوەندییەکانی لە هیچ دۆخ و کات و شوێنێکدا قبوڵ نییە، چونکە هۆکارێکە بۆ تێکچوونی کومەڵگا و لەناوچوونی مرۆڤایەتی، بۆیە یاساش هەمیشە ئەم بابەتانە بە بێدەنگی دەشارێتەوە و چارەسەریان دەکات، چونکە تەنانەت بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەم ڕووداوانەش زیانی بۆ کۆمەڵگاو بەها باڵاکانی مرۆڤایەتی هەیە.

سێیەم: گۆڕینی ڕەگەز و لێکەوتەکانی:

نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە زیادبوون دەکات و بە جیهاندا بڵاودەبێتەوە، لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕەنگە ئەو مافە بە هەموو مرۆڤێك بدرێت کە مافی گۆڕینی ڕەگەزی خۆی هەبێت، بەدەر لە بابەتی ڕەوابوون و ڕەوانەبوونی لە ڕوانگەیەکی فەلسەفیەوە کە کرۆکی باسی ئێمە نییە لێرەدا، لە ڕووی ژیانی ڕۆژانەوە تووشی سەدان کێشە دەبین بۆ نموونە: پیاوێك ڕەگەزی خۆی دەگۆڕێت بۆ ئافرەت، ئایا! بەشە میراتی ئەو کەسە چی بەسەر دێت، وەك خۆی دەمێنێتەوە یاخود دەگۆڕێت؟ ئەو پیاوە گەر منداڵی هەبێت و دواتر ڕەگەزی خۆی گۆڕی دەبێتە باوکی منداڵەکان یاخود دایکیان یاخود پێگە وشوناسێکی نوێی دەبێت؟ ئایا! دەتوانێت سوودمەندبێت لەو مافانەی تایبەتە بە ئافرەت، بۆ نموونە مافی دایەنی و مۆڵەتی سااڵنەی دووگیانی؟

> "لە ساڵی ۲۰۰۰ بەدواوە تەکنەلۆژیا پێشکەوتنێکی گەورە و خێرای بەخۆوە بینی و ئەم پێشکەوتنەش ئێجگار خێرا تەشەنەی کرد بەشێوەیەك کە هیچکەس باوەڕی نەدەکرد لەماوەی ۲۰ ساڵدا هێندە پێشبکەوێت، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاش بێ کێشە نەبووە بۆ کۆمەڵگا، ئەو کێشە وگرفتانەی تەکنەلۆژیا بۆتە هۆکارێك یاسادانەر هەڵسێت بە دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بەو تەکنەلۆژیا نوێیانە"

هەموو ئەم پرسیارانە وسەدان پرسیاری تریش کە بە مێشکدا دێت و لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕەنگە ڕووبدات، لە ڕوانگەی ئاین و فەلسەفە و ڕەوشتی باڵای مرۆیی ئەم پرۆسەیە

ڕێگە پێدراو بێت یاخود نا، دەرەنجام کە لە واقعدا هەبوو و کۆمەڵگا بەرخوردی لەگەڵدا هەبوو پێویستە یاسا چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە و ڕێکی بخات، تاکو ئێستاش لە یاساکانی عێراقدا بە هیچ جۆرێك باسی ئەم بابەتە نەکراوە و تا ئایندەیەکی دووریش ڕەنگە یاسادانەر بیر لە ڕێکخستنی ئەم حاڵەتە نەکاتەوە بەو پێیەی کۆمەڵگای ئێمە دوورە لەو جۆرە کرانەوەیە.

> **لە ئێستادا کۆمپانیا گەورەکانی جیهان لە هەوڵی ئەوەدان ئۆتۆمبێلێك دروست بکەن بەبێ شۆفێر و لە ڕێگای بەکار هێنانی نەخشەوە بڕوات، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەگەر شۆفێرێك لەکاتی شۆفێری ئۆتۆمبێلەکەی سپاردە نەخشە و لێخوڕە ئۆتۆماتیکیەکەی ئۆتۆمبێلەکە و لەوکاتەدا ئۆتۆمبێلەکە خۆی بەشتێکدا کێشا، کێ بەرپرسیار دەبێت؟**

چوارەم: پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا:

لە ساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە تەکنەلۆژیا پێشکەوتنێکی گەورە و خێرای بەخۆوە بینی و ئەم پێشکەوتنەش ئێجگار خێرا تەشەنەی کرد بەشێوەیەك کە هیچکەس باوەڕی نەدەکرد لەماوەی ٢٠ ساڵدا هێندە پێشبکەوێت، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاش بێ کێشە نەبووە بۆ کۆمەڵگا، ئەو کێشە وگرفتانەی تەکنەلۆژیا بۆتە هۆکارێك یاسادانەر هەڵسێت بە دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بەو تەکنەلۆژیا نوێیانە بە هەموو جۆرەکانیانەوە تاکو پەیوەندیە نوێیەکانی کۆمەڵگا ڕێکبخات. تەکنەلۆژیای نوێ هەمیشە کێشە و پرسیاری نوێ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

نموونەیەک لەسەر تەکنەلۆژیای نوێ وەک کێشەیەک بۆ یاسا:

لە ئێستادا کۆمپانیا گەورەکانی جیهان لە هەوڵی ئەوەدان ئۆتۆمبێلێك دروست بکەن بەبێ شۆفێر و لە ڕێگای بەکار هێنانی نەخشەوە بڕوات، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەگەر شۆفێرێك لەکاتی شۆفێری ئۆتۆمبێلەکەی سپاردە نەخشە و لێخوڕە ئۆتۆماتیکیەکەی ئۆتۆمبێلەکە و لەوکاتەدا ئۆتۆمبێلەکە خۆی بەشتێکدا کێشا، کێ بەرپرسیار دەبێت؟

هەندێك لە یاساناسان دەڵێن لەم دۆخەدا شۆفێر بە هیچ شێوەیەك بەرپرسیار نابێت چونکە ئەو بەرپرسیاری شۆفێریکردنی بە تەواوی داوەتە دەست ئۆتۆمبێلە نەخشەدارەکە و لێرەدا کۆمپانیا بەرپرسیارە، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا هەندێك لە یاساناسان پێیان وایە کۆمپانیا بەرپرس نییە چونکە ئەو تەنها کاری دروست کردنی ئۆتۆمبێلەکەیە بەو سیفەتانە و دەشێت لەکاتی بەکارهێنان یان بە هۆکارێکی سروشتی ئەو سیفەتانە تێك بچێت و لە کار بکەوێت. لە کۆتاییدا ڕایەکی جوان هاتە ئاراوە لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە کە پێیان وایە ئەم حاڵەتەش وەك هەر حاڵەتێکی تر مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بە ڕاپۆرت بەرپرسیاریەتی دیاری بکرێت، ڕێژەی بەرپرسیاریەتی هەریەکێکیان لە ڕووداوێکەوە بۆ ڕووداوێکی تر دەگۆڕێت و دەشێ هەڵەکە لەوان نەبێت و هۆکارێکی تری هەبێت، بۆ نموونە کەسێك لە شوێنێکی نایاسایی بە شەقامدا بپەڕێتەوە و ئەم شۆفێرە ئەلکترۆنییە لە بەرامبەریدا نەوەستێت.

ڕۆژانە گوێبیستی ڕووداو و پێشهات و پرسیاری لەم جۆرانە دەبین، سەرەڕای ئەوەی دڵتەنگین بە بیستی هەواڵی ناخۆش و دڵتەزێن، بەڵام بوونی ئەم پێشکەوتن و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان مانای ڕاستەقینەی ژیان و بەردەوامییە.

ئايندە

(المستقبل)

مجلة فكرية ثقافية فصلية يصدرها مركز آينده للدراسات باللغتين الكوردية والعربية

العدد (١) صيف ٢٠٢٠م - ١٤٤١هـ - ٢٧٢٠ كوردى

صاحب الإمتياز

د. أحمد إبراهيم الورتي

(Ahmadwerti@yahoo.com - ٠٧٥٠٤٤٨٦٢٢٧)

رئيس التحرير

نياز عزيز مەستي

(Niaz.masty٨٩@gmail.com - ٠٧٥٠٤٢٥٥٨١٧)

مدير التحرير

ريكان تحسين سالەي

(Rikan.tahseen@gmail.com - ٠٧٥٠٤٤٨٦٢٢٧)

المدير الفني

رابر أحمد الورتي

(Rabar٣٣@yahoo.com- ٠٧٥٠٣٢٥٨٧٣٣)

هيئة التحرير

ياسين عبدالله الورتي | **إسماعيل طه** | **هردي أنور**

المستشارون

أ.م.د. عثمان علي | **نايف أحمد محي الدين الشيخاني** | **علي إبراهيم حسن**

المحتويات

التأثيرات السياسية لفيروس كورونا على الشرق الاوسط: هل يخلق كورونا أجواءا لربيع عربي آخر؟.....د. عثمان علي ١٥٤

علم إجتماع الكورونا.....يوسف كمال ١٩١

النظام العالمي الجديد قبل وبعد كورونا.....د. أحمد إبراهيم الورتي ٢٠١

الكورد والتدخل الانساني.....نايف شيخاني ٢١١

الإصلاح في إقليم كوردستان .....القاضي عبد الكريم أبوبكر هموند ٢١٣

البريد الالكتروني:AyndaCenter٢٠١٢@gmail.com | تصميم: رابر احمد الورتي

العنوان: أربيل – كوراني عينكاوة، بجانب جامع الحاج ياسين.

التأثيرات السياسية لفيروس كورونا على الشرق الاوسط: هل يخلق كورونا أجواءا لربيع عربي آخر؟

د.عثمان علي
من مواليد كركوك ١٩٥٥، استاذ مساعد بجامعة صلاح الدين ـ اربيل، ويدرس ضيفا بجامعة سقاريا ـ تركيا، كان مدرسا بجامعة تورينتو و جامعة رايرسون بكندا ١٣ عاما، له كتب عديدة، ودراسات و بحوث باللغتين الكوردية والعربية، رئيس مركز تاسك للدراسات الاستراتيجية.

يبدو أن فيروس كورونا قد ترك وسيترك بصماته على السياسة والاقتصاد العالمي وستكون له تبعات جدية على مختلف نواحي الحياة وكما يردد الكثيرون ان عالم ما بعد كورونا لن يكون مثل قبله. وشبه بعض المحللين الدوليين من أمثال (هنري كيسنجر) و(توماس فريدمان) وآخرون يقولون ان تأثيراته لن تكون أقل من تأثير الحرب الكونية الثانية التي غيرت الكثير من موازين القوى العالمية. ولكننا في هذه الورقة نناقش فقط تأثيرات الفيروس على دول الشرق الأوسط وعلى التحديد الدول الاقليمية التي تتقاسم إدارة كوردستان وكيف سيكون تأثير تلك التحولات على المسألة الكوردية في بلدانها.

> يردد الكثيرون ان عالم ما بعد كورونا لن يكون مثل قبله. وشبه بعض المحللين الدوليين من أمثال (هنري كيسنجر) و(توماس فريدمان) وآخرون يقولون ان تأثيراته لن تكون أقل من تأثير الحرب الكونية الثانية التي غيرت الكثير من موازين القوى العالمية

اليوم، تراهن الأسواق المالية على أن الصين نجحت بشكل أساسي في المعركة الأولى في هذه الحرب الطويلة. إذ عادت الآن، بعد انخفاضها الحاد في الربع الأول، إلى نمو اقتصادي قوي من جهة، وتتأرجح الولايات المتحدة على حافة الهاوية بين الركود الممتد والكساد الحقيقي، من ناحية أخرى، وان الناتج المحلي الإجمالي للصين ستنمو وستتجاوز الولايات المتحدة. إذا أظهرت حكومة استبدادية الكفاءة في ضمان أبسط حقوق الإنسان لمواطنيها – الحق في الحياة – كحكومة ديمقراطية لا مركزية، فإن الإعتراضات على الإجراءات التي استخدمتها الصين في ذلك ستبدو للكثيرين مثل العنب الحامض.

علاوة على ذلك، يجب ألا ننسى النقاش الأكبر. العالم يناقش قصة صعود الصين الحتمي وتراجع أمريكا. إن الأمة التي بدأت القرن بإجمالي ناتج محلي أقل من ربع أمريكا قد تجاوزت الولايات المتحدة الآن لخلق اقتصاد أكبر من الاقتصاد الأمريكي. الجيش الذي أُجبر على التراجع في أزمة مضيق تايوان عام ١٩٩٦ عندما أرسلت الولايات المتحدة حاملتين إلى المسرح قام على مدى العقدين الماضيين ببناء ترسانة من الصواريخ "القاتلة الناقلة" التي من شأنها أن تجبر الولايات المتحدة على اتخاذ خيارات مختلفة اليوم. في أعقاب الأزمة المالية لعام ٢٠٠٨، شجعت القيادة الصينية نجاحها في العودة بسرعة إلى النمو السريع حيث عانت الولايات المتحدة من الركود الاقتصادي. ما لم تتمكن الولايات المتحدة

من إيجاد طريقة للوفاء بسرعة باختبار فيروس كورونا الحالي، فقد تميل الصين إلى تحمل مخاطر أكبر، بما في ذلك إخضاع تايوان بالقوة تحت حكم بكين.

https://nationalinterest.org/feature/war-against-coronavirus-china-foe%E٢٪٨٠٪٩٤or-friend-١٣٨٣٨٧

by Graham Allison Follow @GrahamTAllison on TwitterL Christopher Li Follow @Chris_Li١٤ on TwitterL

ربما تكون للصين مصلحة في عدم دفع هذه الحرب الدعائية بعيداً، لأنها ليست محصنة ضد انتعاش١٩-Covid ، أو غيرها من التقلبات والانعطافات. ومع ذلك، في الوقت الحالي على الأقل، يتم إحياء الجدل بين السلطوية والشعبوية والليبرالية في ديمقراطياتنا. من السابق لأوانه معرفة كيف ستسير هذه المناقشة. بالنسبة للبعض، يمكن أن يؤدي حجم الأزمة إلى إعادة تأهيل الخبرات والمؤسسات والتعاون الدولي، ويقلل من قيمة نهج قطع ملفات تعريف الارتباط لدى الشعبويين.

ما نود أن نلاحظه بشكل خاص في هذه المرحلة هو الإقتران الذي يحدث أمام أعيننا بين التنافس الجيوسياسي والنماذج السياسية المتنافسة، على غرار الدروس التي انبثقت عن دراسة معهد مونتيين حول "المستبدين الجدد". يظهر "النموذج الصيني" في هذه الحالة كمرجع للتيار العالمي المناهض لليبرالية، بينما تحاول الصين بلا خجل الاستفادة من "انتصار البلاد ضد الفيروس" لتعزيز نظامها السياسي. يظهر نوع الحرب الباردة غير المعلنة التي كانت تختمر لبعض الوقت وجهها الحقيقي تحت الضوء القاسي لـ-Covid ١٩.

ومع ذلك، لا تزال هذه الملاحظة العامة بحاجة إلى أن تكون مؤهلة بجميع أنواعها. دعونا نحاول تحديد بعض النقاط المرجعية الأولية. أولاً، يجب على معظم الحكومات والأنظمة، إن لم يكن جميعها، مواجهة اختبار الإجهاد إلى حد ما مع Covid-١٩. هذا هو الحال بالنسبة للأنظمة التي تواجه صعوبات بالفعل، مثل إيران، التي تتعرض بشكل خاص لأزمة تعلو على الأزمات المستمرة. طلبت طهران للمرة الأولى من صندوق النقد الدولي المساعدة. وفيما يتعلق بالسيد بوتين، هل ستساعده الأزمة في المضي قدماً في إصلاحاته الدستورية لضمان تمديد سلطته، أم أنها ستعقد المعركة الغريبة التي خاضها ضد المملكة العربية السعودية ضد أسعار النفط، وبشكل غير مباشر، الولايات المتحدة ؟ لكن الشيء نفسه ينطبق على القادة الديمقراطيين الذين تكون مصداقيتهم في نظر الرأي العام على المحك مباشرة. ألم يرى دونالد ترامب فرصته في إعادة الانتخاب تتضاءل؟

الكلامت المفتاحيةّ : كوفيد–١٩ ،مستقبل الجيبولتيك، ما بعد كوفيد–١٩ وإتجاه العامل نحو الصني https://www.institutmontaigne.org/en/blog/covid-١٩-geopolitical-game-changer

عدد المصابين بالفيروس وعدد القتلى قليل نسبيا في الشرق الأوسط في هذا الصدد قياساً الى الولايات المتحدة، و أوروبا، و شرق آسيا. على سبيل المثال، حتى يوم الأربعاء، أبلغ الأردن عن ست حالات وفاة فقط بسبب الفيروس، و ٣٥٠ مريضًا. وأبلغت مصر، وهي دولة ضخمة يبلغ عدد سكانها ١٠٠ مليون نسمة، عن ٩٤ وفاة و ١٤٥٠ مصابا. لكن الأرقام القادمة من الشرق الأوسط لا تعتبر موثوقة. أولاً، في بعض البلدان هناك القليل من الاختبارات. ثانياً، لدى بعض الحكومات مصلحة في التقليل من الأرقام. ثالثًا، لأسباب ثقافية، يتردد البعض في الذهاب إلى المستشفى.

وقال كوبرفاسر إنه مع ذلك يبدو أنه في هذه المرحلة يبدو أن العالم العربي لم يتأثر بالوباء إلا بشكل طفيف. وأشار إلى أن المرض أصاب العالم المتقدم في المقام الأول، مشيراً إلى العدد القليل من الحالات المبلغ عنها في إفريقيا أيضاً. رابعاً، يؤكد Covid-١٩ أن الحدود أصبحت أكثر وضوحًا في النماذج المتنافسة اليوم مما كانت عليه في وقت ما في الحرب الباردة "الحقيقية". فيما يتعلق بالسياسات، لا تتبع إيطاليا وألمانيا وفرنسا خطاً مختلفاً عن الصين، حتى إذا كان التنفيذ من الواضح أنه أقل حرماناً من الحريات الفردية مما هو عليه الحال في جمهورية الصين الشعبية. وهذا يوضح بطريقة أو بأخرى التحول العالمي نحو آسيا. ليس في أمريكا التي تعاني من عجز قيادي مأساوي أن نجد نموذجاً مضاداً للنهج الصيني في مكافحة الوباء، ولا في أوروبا في قبضة التردد، ولكن في آسيا نفسها، حيث كوريا الجنوبية وتايوان، وكذلك اليابان في جوانب معينة، تظهر سياسة صارمة وفعالة دون اللجوء إلى السيطرة الاجتماعية التي تدمر الحريات.

